# زەروریەتی شۆڕش

کاروان حمد صالح خۆشناو

# زەروورییەتی شۆڕش

ناوی کتێب: زەرووریەتی شۆڕش

نووسین: کاروان حمد ساڵح

دیزاینی بەرگ: ئومێد سەعید (میرو)

دیزاینی ناوەوە: ماهیر حەسەن

هەڵەگر: بەهجەت حەسەن

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

چاپخانە: شەهاب

ژمارەی سپاردن: ٢٠١٨/٧٧٣ – هەولێر – هەرێمی کوردستان

نرخی: ٥٠٠٠ دینارە

©2018

**مافی دووبارە چاپکردنەوەی پارێزراوە بۆ نووسەر**

# پێڕست


پێشەكی.........................................................................................
سیاسەتی كۆن .................................................................................
ئایا دەسەڵات خۆی دەتوانێ شۆڕش بەسەر خۆیدا بكات؟ .........
ئایا هیچ شتێک  بۆ مرۆڤ لە نێو جیهان تاكو سەر... .................
دەسەڵاتی شۆڕش و پاساوەكانی ....................................................
پاساوەكانی میللەت ........................................................................
دەستەو ئامرازەكانی شۆڕش ............................................................
یەكەم: گروپە شۆڕشگێڕیەكان............................................................
أ. ئایدیا ئاینیەكان (شۆڕشگێڕە ئاینیەكان)........................................
شۆڕشی مەهدیەكانی سوودان.............................................................
ب. شۆڕشگێڕی سەربازی......................................................................
دووەم: (چین) و توێژە شۆڕشگێڕیەكان................................................
شۆڕشی ڕووسیا.....................................................................................
سێیەم: شۆڕشی بەكۆمەڵ......................................................................
شۆڕشی بەردەوام ...............................................................................
قۆناغی مێژوو و ڕاستیی شاراوە..........................................................
سەرچاوەكان .......................................................................................

## پێشەکی

پـێش ئەوەی بـابەتی ئەم کتێـبە بنووسـم زۆر بـابەتی نەبیسـتراوی تـر هەبـوو دەمتـوانی بینووسـم وەک تیـۆرێکی نـــوێ بـــیخەمە ڕوو. بەڵام هەڵبژاردنـــی ئەم بـــابەتە پێویسـتییەکی گرنـگ بـوو بـۆ ئەم نەوە تازەپێگەیشـتووە، کە وەکو ئەرکی سەرشانم پێیان بگەیەنم، چونکە دەزانـم دەیان چـاوچنۆک و فرۆشـیار و دزی ئەم وڵاتە خۆیـان ئامـادە کـردووە بـۆ هەڵخەڵەتانـدنیان و لەخشـتە بردنیـان وەک بە دەردبردنی ئێمە و ئەوانی تر. بۆیە ئەوەی لای مـن گرنـگ و خاوەندارێتییە خۆشەویستیی ڕۆلی مرۆڤەکانە دروستکردن و پیشـاندانی ڕێگەیەکـی ڕاسـتیی بەرژەوەنـدیەکانیانە، نەک خاوەندارێتی موڵک و سامان و کورسییە شکاوەکان. چونکە خـاوەنی وڵاتـی مـن کەسـانێکن کە تـازە لەدایـک بـوون یـان چەند ساڵی تر لەدایک دەبن ئەوان خاوەنی ڕاستەقینەی ئەم وڵاتەن نەک ئەوانەی ڕۆژانە کێبڕکێیـــــانە خەریکـــــی پڕکـــردنەوەی ســـەنەدی ئەم وڵاتەن، ســـەنەدەکان ئەگەر خاونـدارێتی ئەم مـوڵکە خوێنـاوی و دزراوانەش بـکەن ئەوا

ناتوانن خاوەنی ڕوحی مرۆڤە شۆڕشگێڕەکان بن، چونکە ئەم مولّکە پیسە بۆگەنانە و ئەم پارچە پەڕۆ دروستکراوانە لە ڕوحی ئێمە و منداڵە تازە لەدایک بووەکان پیرۆزتر نین و ئەوانە تەنها چەند شتێکی هەڵخەڵەتێنەرو بە کۆیلەکردنی مرۆڤە ئازادەکانن، بۆیە بۆ هەموو ئەوانەی تازە دەچنە ناو کاری سیاسی، یان حەزیان بە کاری سیاسی و حزبایەتییە ئەوا پێویستە زۆر بە وردی ئەم کتێبە بخوێننەوە پێشینەیەکی باش دەبێت بۆ ئەم ڕێچکەیەی دەیانەوێت بۆی بچن زۆر وەڵامیان دەداتێ بۆ ئەم پرسیارانەی لەداهاتووی کاری سیاسی دێتە پێشیان.

بیرۆکەی نووسینی بابەتی (شۆڕش) لە گەڕانێکم بۆ شارۆچکەکانی دەوروبەری کۆتا سنووری کوردستان سەرچاوەی گرت، کاتێک لەگەڵ هاوڕێگەکەم بۆ حەوانەوە ساتێک لە شوێنێک لاماندا، لە دانیشتنەکەماندا، باسی ناهەمواری گوزەرانی خەڵکی ئەم شوێنەمان کرد، سەرنجم دا فرۆشیاری شوێنی حەوانەوەکە زۆر بەحەزەوە گوێی بۆ قسەکان گرتبوو وەک ئەوەی هیچ کاتێک ئەم قسانەی ئێمەی نەبیستبێت لە ژیانیدا. بۆیە هەر لەو دەمدا خۆی پێ

نەگیرا لە ئاماژەی یەک لە وشەکانی قسەی ئێمەی پرسی و وتی شۆڕشی ڕاستەقینە یانی چی؟ دیاربوو شتێکی کەمی دەربارەی شۆرش بیستبوو یان دەیزانی بەڵام ئەوەی نەیبیستبوو ئەم ڕاستەقینەیە بوو کە بە شۆڕش لکابوو ئێمە ئاماژەمان پێ دەدا، بۆیە دەیویست بەم پرسیارە جیاوازیی نێوان ئەم دوو بابەتە بزانێت وە بۆی ڕوون ببێتەوە چونکە بە قسەی خۆی کە لێیم پرسی شۆڕش یانی چی؟ باسی شۆڕشی ڕابردووی کوردی کرد، کە کەسێکی نزیکی خۆی تێیدا لە دەست داوە بۆیە لێی پرسیم ئەمە شۆڕشی ڕاستەقینە نییە؟ کە من کەسێکی نزیکم تێیدا لە دەست داوە؟ منیش وتم (نا) ئەمە شۆڕشی ڕاستەقینە نییە، ئەویش پرسی کەواتە شۆڕشی ڕاستەقینە چییە؟ من نەمویست پرسیارەکەی ئەوەندە زانستی و فەلسەفیانە وەڵام بدەمەوە کە ئەم کوڕە هەژارە تێی نەگات، یان ڕەچاوی سۆزی لە دەستدراوی کەسێکی نزیکی بکەم و پڕ بە دڵی ئەو وەڵامێکی ناڕاست و شێواوی بدەمەوە، کە دڵنیام ساڵانێکە کەسانێک بەم قسانە سۆزی دەورووژێنن و بەدوای خۆیان ڕای دەکێشن.

لە سەرنج دانم دا، ئەم کوڕە زۆر ماندوو و شەکەت دیاربوو وە لمووزی تاکێک لە پێڵاوەکانی دڕابوو.

بۆیە لە وەڵامدا پێم وت شۆڕشی ڕاستەقینە ئەوەیە کە جووتێک پێڵاوی نوێت پێ ببەخشێت نەک پێڵاوەکانی خۆشت لێ بستێنێتەوە.

چیرۆکی ئەم کوڕە و لەدەستدانی باوکی لە شۆڕشدا، دوای ئەم قوربانییە گەورەی کە باوکی داویەتی لە پێناو ڕۆڵەکانی میللەت ئێستا نەک ئەم قوربانییە نەگەیشتۆتە ڕۆلەکانی میللەت بەڵکو ڕۆڵەکەی خۆشی پێڵاوی دڕاوە وە شەکت و ماندووە لە ژیاندا.

کاریگەریی ئەم کوڕە لەسەر من هۆکارێک بوو بۆ ئەوەی سەرلەنوێ پێناسە و باسێکی شۆڕش بکەم و تێگەیشتنێکی ڕاستەقینەی بۆ بکەم و بیدەم بەو ڕۆڵانەی کە پێڵاوەکانیان دڕاون لەپێناو جوانی و کەشخەیی پێڵاوی کەسانی تر.

وە هەروەها زۆرن ئەو وڵاتانەی هەر لە سەرەتای لە دایکبوونی کۆمەڵگەکەیان و پەی بردنیان بە زمانی هاوبەش و کولتوور و مێژوویان هەوڵی گەورەبوون و کامڵبوونیان

داوە تا ڕادەی دروستبوونی خەونی ئیمپڕاتۆریەت.

هەنگاوەکانی دروستبوونی کۆمەڵگە وەک لە دایکبوونی منداڵ و قۆناغی گەنجی و پێگەیشتن و پیری وایە. قۆناغی سەرەتایی قۆناغێکی هەستیارە، ئاگامەندی ڕاستییەکان وەک دروستکردنی ڕێچکەیەکی دیاریکراوی سکەی ڤارگۆنی شەمەندەفەر وایە بۆ گەیشتن بە شوێنی مەبەستی دیاریکراو.

گەیشتن بە ئامانجی دیاریکراو هەوڵی هەموو کۆمەڵگەیەک بووە لە سەرەتاوە تا کۆتایی. واتە مرۆڤەکان بەپێی بیرکردنەوەی زەمەنیان ئاستی ژیریان دیاری دەکرێت و دەبێتە پێوەر بۆ هەڵسەنگاندنیان.

مرۆڤ لەسەرەتاوە هەستیاری و زانینی نەبووە بەرامبەر هیچ شتێک، بەپێی کات و زەمەن ئاگامەندی هەنگاو بە هەنگاو بۆ دروست بووە.

## سیاسەتی کۆن

سیاسـەتی کـۆن، شـێوازێکە پشـت بە بنەمـایەکی ئایـدۆلۆجی دەبەسـتێت بـۆ گەیشـتن بە ئامانجێـک لە لایەن گرووپێـک یـان بـزووتنەوەیەک پەیـڕەو دەکرێـت لە ڕێـگەی مزگێنـی دان بـۆ دروسـتکردنی سیسـتەمێک کە دەبێـتە جێبەجێکاری خەون و خولیاو داواکاری خەڵک.

بنەمـا مزگێنیەکـان و مـافە سـەرەتاییەکان هۆکـارن بـۆ شۆڕشـێک کە کـۆمەڵگە بە مـافی تـایبەتی گەلـی زانیـوە بـۆ گەیشـتن پێیـان، بە پـێچەوانەی ئەمـانەش پاشـاکان هێـز و دەسەڵاتی خۆیان بە مافێکی خواپێدراو و سـێبەری ئاسـمان زانیـوە و دەسـەڵاتی ڕەهـای خۆیـان سـەپاندوە و مـافی سروشتیی گەلیشیان زەوت کردووە، بۆیە لێرەوە سـەرەتای شۆرشـی هـزری سـەر هەڵـدەدات بـۆ هۆشـیارکردنەوەی خەڵک و تـا دەبنە گرووپێک. هەوڵەکانیشـیان تەنها شـکاندنی شـکۆ و پیـرۆزی پاشـایە و ڕوونکردنەوەیـان بـۆ خەڵـک کە ئەمانە ماف و دەسەڵاتیان لە خوا وەرنەگرتووە.

ئەم بیـرۆکەیە سـەرەتایەکە بـۆ بەرزکـردنەوەی سـەری

خەڵـک بەرامـبەر نـوێنەری ئاسـمان، کاتێـک حەشـیمەت تـێ دەگات لەوەی غەریزەی خزمەتکردن سـەپێندراوە بەسـەریدا و وە پاشا هـیچ شـەرعیەتێکی ئاسـمانی نییە، لێرەوە خەڵک ترسـی شـوومی ئاسـمانی لـێ دەڕەوێتەوە و بیرکـردنەوە و هەڵوێسـتی دەگۆڕێت بەرامـبەر بەم کۆیلەکـاریەی لەسـەری دانـراوە. بەمەش تاکەکـان یەک دەگـرن و ئامانجێـک دیـاری دەکەن بۆ ئازادبوونیان و شکاندنی کۆت و بەندی دەستیان و ڕەتکـردنەوەی شـێوازی غەریـزەی خـزمەت لە شـێوەی هەنگ و مێروو سەرەتای وشیار بوونەوەکەیە.

پاشـا دەنگێـک دەبیسـتێت، داوای ئـازادیی دەکـات. ئـازاد بـــن لە کـــێ؟ لە نـــوێنەری ئاســـمان، ئەمەش یـــاخیبوونە پێچەوانەی داب و نەریتی دەسەڵاتی شەرعیی ئاسمانیە.

بەرزکـــردنەوەی ئەم دەنـــگە پاســـاوێکی باشـــە بـــۆ بەکارهێنانی دەسەڵات بەشێوەیەکی توند وە شـەرعیەت دان بە کوشتنی خاوەنی ئەم دەنگە.

ئێرە سـەرەتای شـکانی عـورفی ئەم دەسـەڵاتەیە، بۆیە پاشا بە ئـاگر و ئاسـن دایان دەمـرکێنێتەوە. گەلیش دەچێتە بەرەی دژ بە دەسـەڵاتی پاشـا و تـێ دەگـات پاشـاش هەمـان

خوێن و گۆشتی ئەوی هەیە و شەرعیەتی بەرپەرچدانەوەی هەمان هێزی پاشای هەیە، بۆیە گرتنی پاشا و کوشتنی هیچ شومێکی ئاسمان و تورەبونی خودایی لێ ناکەوێتەوە. بەمە میللەتی خۆرئاوا تێ دەگات کە سەرۆکە دیکتاتۆرەکان نەیان هێشتووە گەل ببێت بەوەی کە پێویستە بێت. ڕازی کردوون بەوەی شتێک بن کە خۆیان وانین، کۆیلە و گوێڕایەڵی کردوون و هەموو شتێکیان قبووڵە لە پێناو ڕازیکردن و تێرکردنی سەرووی خۆیان، ئەم کۆیلەبوونە پەروەردەیەکی عورفیە و هەر لەمنداڵیەوە بە شێوەیەکی سەردانوێنەر گەورەیان دەکەن و گەورە پیر دەکەن و پیریش دەمرێنن.

هەموو ئەم قبوولکردنەی گەل بۆ دەسەڵات دەبێتە هۆی پیرۆزی سەرکردەکان و گرێی خۆ بە گەورە زانیان و غافڵبونیان بەوەی کە ئەم دەسەڵاتەیان بە ڕەزامەندی خوا پێدراوە هەتاییە.

دوای کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی پاشا، دەنگی ئازادیی بەرز دەبێتەوە و گروپێک کە سەرکردایەتی شۆڕش دەکەن دەگەن بە دەسەڵات. ئێستا کورسی پاشا لەدەست

شۆڕشگێرانە هەمان شەرعیەتی دەسەڵاتی پاشا وەردەگرن و توشی خەون و خولیایەکی سەیر دەبن حەزی پاشایان بۆ دروست دەبێت بۆ مانەوەی تا هەتایی، وە بۆ مانەوەشیان پێویستیان بە سەرکوتکردنی دەنگی ناڕازی و بێ بەش کردنی دەسەڵات هەیە. بۆ کوشتنی بێ گوناهەکان پێویستیان بە گوناهبارکردنیان هەیە. بۆ ئەوەی شەرعیەتی ستەمکاریان هەبێت، لە هەمان کات پاساویان هەیە بە درێژەدان بە دەسەڵاتیان کە خەبات و ماندووبوونێکیان کردووە بۆ شۆرش، ئەم ماندووبوونەش درێژە دانە بە دەسەڵاتی تا هەتایی. بەڵام خەبات و ماندووبوونیان بۆ گەیشتن بە حەزو ئارەزوەکانیان بووە، نەک لەپێناو مافی گشتی خەڵک کە هەموو دەستکەوتەکان بە یەکسانی دابەش بکرێت بەسەر تاکەکانی کۆمەڵگە.

دەسەڵاتی شۆڕشگێر کە بکوژە، بە هەمان شێوەی پاشا هەموو یاسا و ڕێسایەک لە بەرژەوەندی خۆیان دەنووسنەوە و دەی سەپێنن. پێشتر ئەگەر دەزگای جەلادەکان شوێنی کۆنە ڕقی شۆڕشگێران بوو، ئێستا ئامرازێکی باشە بۆ پتەوکردنی دەسەڵاتیان. بۆیە ئەزموون

له كەموكوڕی دەزگاكانی دەسەڵاتی پێشوو وەردەگرن و دەزگایەكی توندوتۆڵتر دادەمەزرێنن بۆ مانەوەیان، گەلیش سەرباری قوربانیدانێكی زۆر بۆ گۆڕینی دەسەڵاتی پێشوو داوای گەڕانەوەی عورفی كۆن دەكەن چونكە پێی وایە قالۆنچە ناتوانێ تاجی پەپوولە لەسەر بكات. چونكە هەرگیز قالۆنچە لەسەر گوڵ نانیشێت بەم ناتێگەیشتنەی دەسەڵاتیش ململانێكانیش بەردەوام دەبن و نوخبەیەكی تر دەردەكەوێت كەسانی رۆشن و بەرچاوی سەردەمی خۆیانن، چەمكێكی تر دەخەنە بەرگوێی گەل و پێیان دەڵێن ئەگەر ئازادیی هیچی بۆ نەكردن ئەوە بە دڵنیاییەوە دادپەروەریی كۆی داواكاریەكانتان جێبەجێ دەكات و دەگەنە مافە سەرەتاییەكانتان، ئەم چەمكە شۆڕشێكی تر بەرپا دەكات بەسەر شۆڕشی یەكەم دەگاتە دەسەڵات و كەمێك لە كەموكوڕیەكانی دەسەڵاتی یەكەمی دوای پاشا كەمتر دەبێ بەمەش بە زانین و دەركەوتنی ڕاستییە یەك لەدوای یەكەكان و كەموكوڕیەكان كەمتر دەبنەوە تا دەگاتە ئاستی زانینی ڕەهاو ئەمەش بە دەركەوتنی چەمكی یەكسانی كە شۆڕشێكی تری فكری داواكاری گەل لەگەڵ

خۆی دەهێنێ کە زۆرجار لەگەڵ دادپەروەری دەردەکەوێت. ئەوانەی بە مزگێنی سەپاندنی دادپەروەری دەسەڵاتیان قۆرخ کرد بەهۆی کەموکوڕییان لە یەکسانیدا بەڵام دادپەروەر نەبوون لە دەسەڵات، بەمەش بۆشاییەکی گەورەیان بۆ نوخبەیەکی سیاسی و فکری دروستکرد. بەم بۆشاییە بەشێکی تری شۆڕشگێران پێدا تێپەڕین و گەیشتن بە دەسەڵات.

بەمەش ئازادی و یەکسانی و برایەتیی بوو بە دروشمی کۆمارو بڵاوبوونەوەی وەک مافە سەرەتاییەکانی کۆمەڵگەی خۆرئاوا.

بەشێک لە وڵاتان پشکێک لە شۆڕشی ئەم دروشمانەیان بەرکەوت وە هەندێک وڵاتیش لەشێوەی عورفی داسەپێندراوی کۆنی خۆیان مانەوە تا سەرەتای سەدەی بیستەم، لەم وڵاتانەدا پاشا و سەرکردە و سەرۆککۆمارەکان بە هەمان شێوەی پاشاکانی پێش دەسەڵاتی یەکەمی شۆڕش خۆیان سەپاندبوو.

کاتێک کلێسا و مزگەوت و شوێنە پیرۆزەکان دەسەڵاتی شەرعیەتیان نەما بۆ حزب و ئۆرگانەکان

گۆڕدران بە هەمان شێوەی پەرستنی شوێنە پیرۆزەکان بوون بە شوێنی پەرستنی سەرکردەکان، ملکەچکەران دەستیان بە ئیمتیازات و بەرژەوەندیی تایبەتی دەگات بۆیە چاوپۆشی لە هەڵەکانی دەسەڵات دەکەن.

لە وڵاتانی خۆرئاوا بەریتانیا سەرەتای دەستپێشخەری گۆڕانکاری و گونجانی ڕۆحی زەمەن بووە، لە سەدەی پانزەهەم پاشا لە سێدارە دەدات و هەنگاوەکانی بۆ شۆڕشێکی سپی دەگۆڕێت و ئاڵای پاشا بۆ چەند ساڵێک دەکەن بە کۆماری. لە قوڵایی ئەم شۆڕشە، ئاین و مەزهەب ڕۆڵێکی باشی گێڕاوە شەرعیەتیان لە ڕێگەی زۆرینەی لایەنگرانی مەزهەب وەرگرتووە. ئەم هەنگاوە زەمەنیانە بونەتە هۆی تێگەیشتن و زانینی کۆمەڵگە لەئاست سیاسەت، کەموکوڕیەکان هەنگاو بەهەنگاو بەهۆی شۆڕشە فیکرییە سەردەمیەکان کەم بۆتەوە و ئەزموونێکی باشتری دروستکردووە لە زەمەنی ڕابردوو تا دەگاتە ئاستی دروستکردنی پارتی سیاسی کە نوێنەرایەتی کۆی داواکاریەکانی خەڵک دەکات.

بەمەش لە سەرەتای سەدەی حەڤدەهەم یەکەم پارتی

سیاسـی لە وڵاتـی بەریتانیـا لەسـەر بنەمـای چاکسـازی کـۆمەڵایەتیی دادەمەزرێـت، ئەم هەنگـاوە خێـرایە بەهـۆی هەستکردن لە تێگەیشتنەکان بۆتە سەرەتایەک و ئەزمونێکی نوێ و دۆزینەوەی چەمکی نوێتر بۆ خزمەتی کۆمەڵگە بە ئاراسـتەی هەنگـاوی مەدەنـیەت، وە ئەم هەنگـاوانە بـۆ پەڕینەوەی دروشمەکانی کۆمار بەردەوامی دەبێت و وڵاتـی فەرەنسـا دەکـاتە سـیمبول و هێمـای شۆڕشـەکانی جیهـان، بەمەش فەرەنسا خولگەی بازنەیی دەگۆڕێت.

گۆرینی خولگەی بازنەیی لە بازنەیەکەوە بۆ بـازنەیەکی تر بە گۆڕینی کۆی عورف و شێوازی حوکمڕانی پێشـو وە نووسـینەوەی دەسـتور و ڕێسـای نـوێ، هـاتنە سـەرکاری نەوەیەکـی نـوێ بـۆ دەسـەڵات، دروسـتکردنی بەربەسـت و نەهێشـتنی دەسـتی پەروەردەیـی نەوەی ڕابـردوو بە نەوەی نوێ پێی دەڵێن (شۆڕش).

وە سووڕانەوە لە هەمان خولگەی بازنەیی لە خاڵێکەوە بـۆ خـاڵێکی تـر گـۆڕینی حکـومەت و کەسـەکان، گـۆڕینی هەنـدێک یاسـا و ڕێسـای کـارکردن بـۆ بەرزکـردنەوەی ژێرخـانی ئـابووری وڵات پێـی دەڵـێن چاکسـازی، بـۆیە

فەرەنسا لەساڵی (١٧٨٩-١٧٩٣) خولگەی بازنەیی گۆڕی و نەوەیەکی نوێ گەیشتە دەسەڵات بە هەمان کەموکوڕی ڕابردوو بۆیە ململانێکان بەردەوامیان هەبوو بۆشاییەکانی ناو کۆمەڵگە پێویستی بە هەستێکی نوێی فیکری و ئەزمونی سیاسی و هونەری و ئاینی بوو. تا لە ئەنجام بە گۆڕینی هەستی کەلتوری ئاینی، کەموکوڕییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان کەم بوونەوە و بەرەو نەمان چوون.

دوای شۆڕش ململانێ مەزهەبیەکان وڵاتیان بەرەو وێرانی برد، مەزهەبی پرۆتستانت و کاسۆلیک ژمارەی دانیشتوانیان بەرەو نزمترین ئاست برد. هۆکاری ئەم ململانێیەش ئاستی تێگەیشتنی عەقلی کۆمەڵگە دیاری دەکات کە لە کەلتورێکی چەقبەستوی ئاینی سەرچاوەی گرتبوو. کۆی ئەم قەیرانانە پاشماوەی بەجێماوی حوکمی عورفی پاشاو کلێسا بوون.

لەگەڵ بوونی ئەم دەرەنجامە خراپەی شەڕ و ململانێی فکری و مەزهەبی بوونی زەرورەیەتێکی حەتمی بووە بۆ زەمەنی خۆی و تێپەڕاندن و پڕکردنەوەی بۆشایی سەردەم.

## ئایا دەسەڵات خۆی دەتوانێ
## شۆڕش بەسەر خۆیدا بکات؟

لێرەوە ماتریالیزمی دیالێکتیک سەرچاوەی ڕاستیەکان دەگرێت، پشتگیری لە ڕۆحی زەمەن دەکات و هەنگاوەکان هێواش دەکات تاوەکو پێمان بڵێت هەر شتێک لەم دیو جیهانی هەستیەکیەوە بێت نەزانراوە. ئەوانەی هەستپێکراون بەرەو تێگەیشتنمان دەبەن، واتە تێگەیشتن بەبێ هەستکردن ناتوانێ بیرۆکەیەک دامەزرێنێت، زانین لە هەستپێکردنەوە دەست پێدەکات و بە تێگەیشتن کۆتایی دێت و ئێمەی مرۆڤ لەو مادانەی لە بەردەستمان دایە لە ڕاستی و دروستی و تام و ڕەنگ و بۆنی تا ڕادەی بەرجەستەبوونی ئاگادار دەبینەوە، وە ئەگەر ڕاستیەکیش لەم دیو جیهانی هەستەوە هەبێت ئەوە ئێمە ناتوانین بیناسین بەهۆی سنوورداری هەست و تێگەیشتنمان و نەبوونی هیچ ئامێرێکی وا تاکو بتوانێت ئەم ڕاستییەمان بۆ بدۆزێتەوە، بۆیە هەر ڕاستییەک هەبێت دەتوانن مرۆڤەکان بە ناڕاستی

بچـوێنن، وە هەر ناڕاسـتیەکیش هەبێـت دەتـوانن بـیکەن بە مزگێنی ڕاستیی بۆ پاداشتی کۆتایی مرۆڤەکان.

مرۆڤەکـــان بـــۆ ئەوەی بـــگەن بە زانـــین ڕاســـتی هەسـتپێکراو پێویسـتی بە کـاتە بـۆ ئەوەی مێـژوو ببڕێـت و سروشت بگرێت هەموو یاسا دروستکراوەکان ڕەت بکاتەوە کە هۆکارن لە نەزانین و خراپی چارەنوسی مـرۆڤ. ئەمەش دەمان گەیێنێتە دەرەنجامی تێگەیشتن بۆ هەموو هەڵەکانمان و زانینی ڕاستییەکان، وە ڕوودانی پێویستە بۆ ئەوەی ببێتە بیرۆکە، بینینی ئاگر بۆ زانینی مـادەکە پێویسـتی بە هەسـتە، دەســتلێدانی ســوتانە، تێگەیشــتن کە گەرمە، بیــرۆکەیەک پەیدابوو، دەستلێدانی زەرورەتێک بۆ زانینی ڕۆحی مادەکە.

واتە هەمـوو ئەو بیرۆکـانەی لەم دیـو جیهـانی هەسـتی مــرۆڤەوە دەکــرێن بە مــادە دەبــن بە خەونــی گەیشــتنی مرۆڤەکـــان پێـــی، بە ڕادەیەک لەپێنـــاوی بمـــرن بـــۆ بەرجەستەکردنی بەهەشتی دەرەوە و بەهەشتی سەرزەوی.

لەبەر ئەوەی ئاگامەنــدی ژیــانە بە تەنهــا لە ڕێــگەی خوێندنەوە و توێژینەوە بە ئاگامەندی ناگەین پێویستە بژین تـاکو لەم بـوونە تێبگەین، لە هەمـوو هەنگاوەکـانی ژیانمـان

تووشـــی چەنـد هەسـتێکی خەونئـامێز و خەیـاڵبەر دەبـین لەبیرکردنەوەکـانی عەقـل و ڕاسـتی دوورمـان دەخـاتەوە (تەسـلیمی) غەریزەیەکمـان دەکـات بـۆ پڕکـردنەوەی حەزە هەست پێکراوەکان، یان بۆ گەیشتن بە شتێک کە گەیشتن پێـی مەحـاڵە، چـونکە ڕێـگەی گەیشـتنی کـاتێکی زیـاتری پێویستە لەکاتی تەمەنی مرۆڤەکان، بەمەش ئامانجەکە تەنها وەک بیرۆکەیەک دەمێنێتەوە و ناتوانین بەرجەستەی بکەین.

مـرۆڤە تینووەکـان بـۆ ئەم بیـرۆکە ئەندێشـەیانە توشـی ڕاوچیەکـانی ئایـدولوژیا دەبن، ئەمـانیش بـۆ حەز و مەرامـی تـــایبەتی خۆیـــان گەیشـــتن بەم ئامانجـــانەی کە خۆیـــان مەبەستیانە کەرستەیەکی باش و تینوویان دەست دەکەوێت، خەیاڵپلاوەکـــــان کەســــــانێکن دوورن لە تێگەیشــــــتنی هەستەکانیانەوە بۆ واقع، حەزێکی خەیاڵیان هەیە کە بەرەو بەهەشـتی سـەرزەویان دەبات. بۆیە چەواشـەکاران بەهـۆی پەیامە درۆینەکانیان سـەرابێک لەودیو جیهانەوە دەکەن بە دەریایەک بۆ تینووەکـان، وە ئەوانەی لە ڕێگەی گەیشتن بە دەریـاکە ڕۆحیـان بەخـت دەکەن، دەبـن بە ڕەمـز و هێمـای ڕاوچیەکان ئەرشیفێکیان بۆ ساز دەکەن بۆ پەیوەستکردنی

خانەوادەکەشیان بە هەمان ڕێگەی باوانیان.

قوربانیـانی بیـرۆکەی ئایـدولۆژیا دەبـن بە ڕەمـز بـۆ ڕژێـــمەکە و دوای مردنیشـــیان هەر سوودبەخشـــن بـــۆ ڕاوچیەکـان و دەیـانەکەن بە پـاڵەوانی مێـژوو، شـەرعیەتی مانەوەی دەسەڵاتیان.

وە ئەوانەی لە ڕێـــگەی گەیشـــتن بە ڕاســـتیی زانـــراو دەگەن، کە ســـەراب توانـــای تینوشـــکاندنی نیـــیە ڕێـــگەی گەڕانەوە دەگرنە بەر کاتێک دەگەنەوە بە خـاڵی سـەرەتایی ڕێگەکەیـان تەمەن و کاتیـان کۆتـایی دێـت. ئەمـانە لەلایەن ڕژێمە ئایدۆلۆژیاکان بە لادەر و هەڵگەڕاوەکـان نـاو دەبـرێن و تـۆمەت و ناوزرانـدنی زۆریـان دەخەنە پـاڵ وە کۆتاییـان دێت بەبێ هیچ بەرهەمێک و دەستگەیشتن بە خەونەکانیـان، تا ئایدۆلۆژیاش لەسەر شانۆی دەسـەڵات بێت ئەرشـیفێکی ڕەشیان بۆ تۆمار دەکرێت.

بەم پێـــیە مـــرۆڤ یـــان دەبێـــت بەپێـــی بنەماکـــانی بەرژەوەندی دەسەڵات بژی و درۆ بکات یاخود توندوتیژی دەســـەڵات و بێـــدەنگی ســـەپێنراو قبـــوڵ بکـــات، بەمەش دەسـەڵات خـراپەی مێـژوو قبـوڵ دەکـات و شـەرعیەتی پـێ دەدات و هیچ شتێکی دەرەوەی دەسەڵاتی عورفی خۆی پـێ قبـــوڵ ناکرێـــت، بـــۆیە هەرکەســـێک بەپێـــی وابەســـتەیی

بەرژەوەندیی خۆی دەبێتە بەربەست لەپێش گۆڕانکاری پارێزگاری لە بەرژەوەندیی خۆیی و عورفی دروستکراو دەکات ئەگەر دەسەڵات راستیەکانیش بزانێت ئاراستە بکرێن بۆی قبوڵیان ناکات چونکە خۆی بە ئاراستەی پێچەوانەی ڕاستیەکان بناغەی دەسەڵاتی داکوتاوە و شەرعیەتی لەسەر وەرگرتووە، بۆیە هەر ڕاستیەک قبوڵ بکات دەبێتە کۆی ڕاستیەکانی زەمەن وەربگرێت، بەمەش نەزانینی خەڵک بۆ زانین دەگۆڕێت کەشفی نهێنییەکان دەکات، کۆی هەڵەکان ڕوون دەبێتەوە و قفڵی مێژووی گیراو دەکرێتەوە بەمەش دەسەڵات مایەپووچ دەبێت، وەک ئەوە وایە ئەنجامێکی هەڵەی هاوکێشەی جەبری بەڕاست قبول بکەین و بەسەرمان بسەپێت، چونکە توانای شیکاری هاوکێشەکەمان نییە. بەڵام کاتێ درکمان بە زانین و لێکدانەوەی هاوکێشەکە کرد ئەنجامی ڕاستیی هاوکێشەکەمان بۆ دەرکەوت، ئەنجامە هەڵە بەزۆر سەلمێنراوەکە دەسڕینەوە، ئەمەش بۆمان دەسەلمێنێ کە دەسەڵاتی سەپێنراو ناتوانێت (شۆڕش بەسەر خۆی دابکات) و لەگەڵ زەمەن هەڵ بکات چونکە بەردەوام جەخت لەسەر عەقڵانی و ڕاستبوونی خۆی دەکاتەوە تاکو لەنێو مێژووی دروستکراو بەجێ دەمێنێ و کۆتایی دێت.

## ئایا هیچ شتێك بۆ مرۆڤ لە نێو جیهان تاكو سەر بە شاراوەیی دەمێنێتەوە؟

ڕاستیی زانراو کاتێ گەیشت بە مرۆڤ بەرەو یاخی بوونی دەبات بەرامبەر ئەو تێزەی کە ساڵانێکە ڕێگەی زانینی نەسەلمێنراوی بووە وەک بۆقێک لە قوڵایی بیرێک ئاسمان بە ئەندازەی سەرە بیرەکە ببینێت وە مانگیش مزگێنی پاداشتی هاتنە دەرەوەی بێت لە ڕوانگەی بۆق لەناو بیردا ئاسمان زۆر بچووکە و هەموو ژیان بە ئەندازەی ئەم بچووکیەی ئاسمان دەبینێ. بۆیە گەیشتن بە دەرەوە ڕاستیی زانراوە کە ئاسمان زۆر لەوە گەورەترە کە لە قوڵایی بیرەکەوە دەبینێ ، ئەمەش بیرۆکەیەکی نوێ دروست دەکات لە ڕێگەی خەسڵەتەکانی هەست و بینینی چاو بە هەموو گۆشەکانیەوە وە هەوڵی بەردەوامی بۆقەکە بۆ گەیشتن بە ئاسمانی دەرەوە، شۆڕشە. بەمەش هەر دواکەوتنێک لە ڕەوتی زانیندا بۆ (ژیان) ئۆباڵەکەی دەکەوتە سەر کەمتەرخەمی مرۆڤ خۆی.

بۆ مرۆڤ هەموو ئەم زانراوانەی کەلە هەستەکانەوە

دەردەچــن بەرهەمــی مێــژوون، بە تێپەربــوونی کــات و ڕۆیشــتنی زەمەنـیش. زۆربە ئەو شـتانەی دەوروبەرمـان لە ڕێـگەی خەسـڵەتەکانی هەسـتەوە تـێ دەگەیـن و دەبـن بە بیـرۆکە، هەر بیـرۆکەیەکیش دەسـتکەوتی زەمەن خـۆیەتی. بایەخەکەی بۆ کاتی (سـەرەتای) هەستپێکردنێتی نەک دوای هەســتپێکردنی، واتە هەســتپێکردنی هەر شــتێک دەبێــتە ڕاسـتییەکی درک پێکـراو و زانـراو بـۆ مێـژوو، ناکرێـت لە زەمەنــی داهــاتوو وەکــو بیرۆکەیەکــی نــوێ بیناســێنین و تـوێژینەوەی تێـدا بکەیـن، ئەگەر ئێسـتا ئـێمە بڵێـین (پاشـا) نـوێنەری خـوا نیـیە خەڵکیـنە، سـەر دامەنـوێنن، پاشـا وەک کـۆی بەشـەریەت خـوێن و گۆشـتی هەمـان پێکهـاتەیە، ئەم بیــرۆکەیە هــیچ گرنگیەکــی نیــیە چــونکە هەســتێکی درک پێکـــراوی زەمەنـــی ڕابـــردووە، وە ئەگەر ئەم بیرۆکـــانە گرنگیشـی هەبـوو لەم سـەردەمە هەسـت و سـۆزی خەڵکـی جوڵانــد یــان گومانیــان نەبــوو لە پیــرۆزی و گەورەیــی سـەرکردەکانیان ( کە شیاون بۆ پەرستن، ) ئەمەش دەبێتە پێوەر بۆ عەقل، کە پێمان دەڵێت ئەم کۆمەڵگەیە لەسەردەمی نوێن بەڵام لەزەمەنی پاشـان، بەعورف و عەقلی سـەدەکانی

ڕابردوو دەژین مێژوویان ڕاگرتووە.

وە بەپێچەوانەوە دژایەتی بۆ ئەم بیرۆکە کۆنە ناکرێت ببێتە هۆی سەرنجی خەڵک بۆ ئێستا، ئەگەر درک پێکردنی ئەم بیرۆکەیە ئێستا بێت و خەڵک بروژێنێت بەدژی سەرداران جێی سەرسورمانە! گومان لەوەدا نیە شوێنی خەڵک لەقولایی بیرەکەو شوێنی بۆقەکەدایە. وەک ئەوە وایە لە پێشکەوتووترین ئامێرەکانی گواستنەوەو گەیاندن دا بۆ ئەمڕۆ باس لە زەرورەت و پێویستی ئەسپ بکەم بۆ گواستنەوە خەڵکیش بەگرنگیەکی حەتمی تێی بڕوانن، ئەمە دەیسەڵمێنێ زەمەن بەجێی هێشتوون ئێمە تازە لەو بیرۆکانە دەکۆڵینەوەو جێی سەرنجمانە کە سالانێکە مێژووی جیهان درکی پێکردوون و کردوونی بەڕاستییەکی سەڵمێنراو بۆ فەرهەنگی ئەرک و پێویستیەکانی مرۆڤ.

بەهەمان شێوە (ئازادی و یەکسانی و برایەتی) سالانێکە بەرهەمی هەوڵ و تێکۆشانی کۆمەڵگەکانی رۆژئاوان، وە مافێکی سەرەتایین بۆ ریکخستنی دەوڵەت، راستە بەئازارێکی زۆر بەدەست هاتوون بۆیان، بەلام ئەمە مانای ئەمە نیە منیش هەمان ئازار بچێژم، چونکە درکی

پێکراوه لەرابردوو کۆمەڵگەی رۆژاوا باجەکەی داوه. هەر کاتێک ئێوه شاگەشکه بوون بەبەرزکردنەوەی دروشمەکانی (ئـازادی) گومانتـان نەبێـت لەکـۆیله بـوونی خۆتـان و دیکتـاتۆری دەسـەڵات. چـونکه تەنهـا کـۆیله بەم چەمکـانه شـاگەش دەبێت که گـوێی لەووشـەی ئـازادی بێت، داوای مافی بکرێت.

بەڵام بۆ کەسانێکی ئـازاد هیچ گرنگیەکی نیه ووشـەی ئـازادی ئەگەر ئێسـتا لەچەنـد وڵاتێکـی خۆرئـاوادا بـاس لەئـازادی و یەکسـانی و یاسـا بکەیـن و بیکەیـنه دروشـم بـۆ وورووژانـدنی خەڵـک، ئایـا هـیچ کەسـێک بەدەنگـی ئەم دروشمانەوه دێن، بەدڵنیاییەوه نەخێر چونکه زەمەنێکه ئەم بۆشـاییانەیان پڕکـردۆتەوه، هەر تاکێک لەمـافه تـایبەتیەکەی خـۆیی و کـۆمەڵیش لەبەرژەوەنـدی گشـتی گەیشـتوون. بەمەش پاشـاو پیـاوانی ئـایینی کـۆن بـوونەته بەربەسـت لەگەیشتنی مرۆڤەکان بەمافەکانیان، کۆمەڵگەش قوربـانیەکی زۆری داوه تا ئەم دوو بەربەسته رووخـاون، بەپێچەوانەوه ئەگەر ئەم مافـانه لەوڵاتـانی خـۆرهەڵاتی ناوەراسـت بەرز بکەیـنەوه وەک دروشـم کـاردانەوەیەکی زۆری هەیه بـۆ

گەیشتن بەم مافانە، ووشەی داواکاری لەفەرهەنگی سیاسی لە کۆمەڵگە بۆ دەسەڵات واتا داواکاری لە بێهێز بۆ بەهێز مانای پارانەوە دەگەیەنێت بۆ مافێک کە زەوت کراوە لەلایەن هێزێکەوە درێژە بەخواردنی ئەدات تاکو ئەم هێزەی هەبێت ، ئەمەش پێی دەوترێت بەزۆر سەپاندن.

دیموکراتی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەراست لەشێوە دیموکراسین بەڵام لەناوەرۆکدا دیکتاتۆرن. بەبنەماو نووسراوە تەقلیدیەکانی وڵاتانی خۆرئاوا لەهەرەمی دەسەڵاتدان بێ ئەوەی جێبەجێ کردنی هیچ بابەتێکی دیموکراسی تێدابێت چونکە دیموکراسی سیستەمێکی پێشکەوتووی عەقلی کۆمەڵگەیە سوود لەڕاستیی و هەڵەکان وەرئەگرێت لەرێی هەستەوە تا دەگاتە عەقل بریار دەدات بە ووتەی (هێگل) ئەوانەی عەقلین ڕاستیین ئەوانەی ڕاستیین عەقلین بۆیە ناتوانین بەنووسراوە کۆپی کراوەکان پێ لەشوێن پێی وڵاتە دیموکراسیە پێشکەوتووەکان بنێن وە خۆمان بەخاوەنی وڵاتێکی بەئەزموون و خاوەن سیستمی دیموکراسی بزانین، هەموو ئەو هەوڵ و کەم وکوڕیانەی وڵاتانی خۆرئاوا بەشەرە ناوخۆیی و

جیهانیەکــان بــوو بە ئەزمــوونێکی هەســتپێکراو درکیــان بەڕاستییەکان کردوە، بوو بەهۆی دروست بوونی کلتورێکی نــووێ بەم کلتــورە نــوێیە دەســەڵاتیان لەســەر بنەماکــانی دیموکراســـی داکوتـــاوە بەپـــێچەوانەی ئەمـــانە وڵاتـــانی خــۆرهەڵاتی ناوەراســت لەســەر بنەمــا کلتــوورە کۆنەکــان و پەرســـتنی مێـــژوو بنەمـــای دەســـەڵاتیان لەســـەر شـــێوە تەقلیــدیەکەی خۆرئـــاوا داکوتـــاوە ســـەرچاوەی ئیلهـــامی دەسەڵاتیان عورفی کۆن و ئاینە، لە فۆرمیش دا شێوازێکی دیموکراسیان دروست کردووە بەسندوقەکانی دەنگدان، هەر کاتێک سندوقەکانی دەنگدان بەهانایـان نەهـات لەبەردەنگی نــارەزایی ئەوا شــەرعیەت لە شــتێکی تــر وەرئەگــرن پاســاو ئەدۆزنەوە بۆ مانەوەیان، میللەت واتێ ئەگەیەنن مانەوەیـان پەیوەستە بەمانەوەی خۆیان.

بەمەش کۆمەڵگە لەبازنەیەکی داخـراو بەدەوری چەقـی بــازنەکە ئەخــولێتەوە وەدووری کــۆمەڵگە لەهەر شــوێنی خــولانەوەی بــازنەکە بــۆ چەقــی بــازنەکە هەمــان دووریە، بەرەچاوکردنی شوێن و کات ئەبێتە راگرتنی زەمەن، ئەگەر ویســتمان لەگەڵ رۆحــی زەمەن بــڕۆین پێویســتە خــولگەی

بازنەیەکە بگۆڕێن و کەشفی ڕاستیی و نهێنیە شاراوەکان بکەین، لێرەوە خولگە بازنەییەکە بنەمایەکی ئایدۆلۆژیە ڕۆیشتن لەسەری کات بە فیرۆدانە بۆ گەیشتن بە بەهەشتی سەرزەوی، چەقی بازنەکە شوێنە لە دەوری دەخولێینەوە بێ ئەوەی بە هیچ دەرەنجامێکی گۆڕاو بگەین، بەمە دەسەلات واقیع بە گوێرەی خواستی خۆی لەگەڵ خۆیدا بەپێی زەمەن دەگونجێنێت. خۆی لەشێوەی ڕۆحی رزگارکەر و بەدیهێنەری خەونەکانی مرۆڤ دەبینێت مرۆڤیش بە خواست و حەز و داواکاریەکانی خۆی ڕادێنێت، دەیکات بە کۆیلەیەکی ڕازی، کۆیلەی باوەڕدار وا دەزانێت ئازادە بۆ هێنانەدی کۆی خەونەکانی تێدەکۆشێت هەوڵی ئازادبوونی مۆرڤەکانی تریش دەدات، لەکۆتاییدا نە خۆی و نە ئەوانی تریش دەستیان بە هیچ ناگات.

واتا کۆی مرۆڤایەتی لەسەر زەوی تا ئێستا نەدەستی بە بەهەشتی کۆتایی گەیشتووە نە بە بەهەشتی سەر زەوی. لەبری ئەم مزگێنیە فریودەرانە پێویستە واقیعی بین و بە عەقڵ ڕاستییەکان کەشف بکەین بۆ ئەم واقیعە پێویستە بژین و هەڵە بکەین تا ئەزموون دروست بکەین، کە

هەستمان کرد و زانیمان ئینجا ئازادین، بۆ ڕزگاربوونیش لە ڕاوی ڕاوچییەکـــانی ڕۆح دەبێـــت خۆمـــان لەو حەزە خەیاڵاویـانە ڕزگـار بکەیـن کە ئامـاژەن بـۆ دروسـتبوونی بەهەشـتێک لەسـەر زەوی کە هـیچ کاتێـک ئەم بەهەشـتە بە دەستی مرۆڤەکان بەدی نـایەت. ڕاوچیەکـان تەنهـا توانـای باســـکردنیان هەیە لە شـــێوەی تیـــۆری، زۆر بەجـــوانی دەیــڕازێننەوە ، کە جێبەجـێ کــردن و گەیشــتن بە خــاڵی کۆتایی ئەم تیۆرە مەحاڵە، نەگەیشتن پێی پاساوێک دەبێت بۆیــان کە دەبــنە ڕاســتییەکی نەســەلمێنراو کە دەڵــێن لە هەوڵێکی تر لە جاری داهاتوو هەر پێی دەگەن.

هەرچەندە هەوڵـی شـوێنکەوتووان بـۆ جێبەجێ کردنـی ئەم تیـۆرە زیـاتر بێـت حەز و ئارەزووەکـانی ئەوان زیـاتر دەبێـت و کۆتـایی نـایەت، ئەم (تیـۆرە بـازنەییە) بەردەوام دەبێت لە سووڕی خۆی تا چەند نەوەیەک لەناو دەبات.

# دەسەڵاتی شۆڕش و پاساوەکانی

ئامانج و سەرکەوتن تەنها بە مزگێنیدان بۆ دوارۆژێکی باشتر بۆ گەل بە دەست نایەت، بەڵکو لایەنگرێکی ڕاستیی دەوێت کە دەسەڵات هیچ پاساوێک نەدات بۆ کەموکوڕیەکانی. بەمەش لە ڕابردوو باسمان لە زەرووڕەتبوونی ڕووداني هەموو ئەم شتانە کرد ئەگەر هەڵەش بن حەتمەن لەکۆتاییدا دەبن بە ئەزموون کاتێک تەواو تێی دەگەین ڕاست دەبنەوە.

بەڵام ئایا پاساوە بەردەوامەکانی دەسەڵاتی شۆڕشگێر بەهەموو کەموکوڕیەکانی بێ ئەوەی ڕاستییان بکاتەوە زەرووڕەتێکی حەتمیە؟

وەک شۆڕش پێش گەشتنی بە دەسەڵات هەموو پاساوێکی هەبوو بۆ ئامانجەکەی مزگێنیەکانی بوونە هۆی خەبات و هاندانی خەڵک بۆ مردن و بەختکردنی ژیانیان لەپێناو ئازادی و خۆشگوزەرانی منداڵ و نەوەکانیان، ئایا ئەم ئازادی و خۆشگوزەرانییە بەدەست هات؟ یان بکوژین و بمرین لەپێناو بوونێکدا کە هیی ئێمە نین بەڵکو هیی

کەسانێکن کە خواستەکانی خۆیان لەسەرحسابی خەباتکاران بەدەست دێنن و لەبەر ئەمە ئەگەر شۆڕش وەسیلە بێت، مزگێنی و دروشمی شۆڕشەکە ئامانجی گەلەکەیە. هەموو هەوڵ و بەهەدەردانی ژیانی گەل لەپێناو ئەم ئامانجەیە، بۆ دەستگەیشتن پێی هەموو هەوڵێکی داوە، دوای سەرکەوتن، شۆڕش دەبێت بە دەسەڵات، ئامانج ون دەبێت ئەمەش واتە دەسەڵات دوای شۆڕش نادادپەروەرانەیە وەک "کارل مارکس" دەڵێت: (بە وەسیلەیەکی نادادپەروەرانە گەیشتن بە ئامانجێک ئامانجەکەش نادادپەروەرانەیە.) واتە بناغەی دەستپێکی هەرکارێک لە ئابڕووەوە سەرچاوەی نەگرت کۆتاییەکەی ئابڕومەند نابێت.

بۆیە سەری سەرداب لە هەر شوێنێک هەڵدەینەوە هەمان بۆنی دەکەین وە گوڵیش لە هەر شوێنێک بۆن کەین هەمان بۆنە و بە خەسڵەتی بۆن کردن لە چۆنیەتی جیاوازیی نێوانیان دەگەین، هەستەکانمان خۆش و ناخۆش لێک جیا دەکەنەوە بە هەمان شێوە عەقڵیش دەتوانێت باش و خراپ لێک جیاکاتەوە لە ڕووی چۆنیەتیدا.

کاتێـک شۆڕشـیش لە بنەمـا ڕەوشـتیەکان دادەبڕێـت خیـانەت لەو وەسـیلەش دەکـات کە پێـی گەیشـتۆتە ئامـانج، بەهـۆی بڕوبیانووەکـان هەمـوو ئەو شـتانە لێـڵ دەبێـت کە پێشـتر بە ڕوونـی بینـراون یـان باسـکراون، هەمـوو ئەمـانە بەهـۆی پاسـاو دەبێـت (پاسـاوی ڕەفتارەکانمـان ئامـانجی سیاسـیمانە) لە بیرمەنـدی سیاسـی (مەکیـاڤیللی) سـەرچاوە دەگرێت بۆ کۆی سیاسـەتمەدار و سـەرکردە دیکتاتۆرەکـان ئەم ڕستەشیان بۆ بە شـەرعیکردنی ڕەفتـارە ناشـەرعیەکانە، واتە کۆی ڕەفتارە ڕەوشتیەکانی سەرکردە دیکتاتۆرەکان لە بـــنەڕەت دا نارەوشـــتین، بەڵام لە فەرهەنگـــی سیاســـی مەکیـــاڤیللی ڕێـــگە پێـــدراوە، پاســـاوەکە بیـــانووە بـــۆ بە ڕەوشـــــتکردنی ڕەفتارەکانیـــــان، ئەم ڕســـــتە زەمەنـــــیە مێژووەکەی بۆ پێنج سەدە دەگەڕێتەوە.

لە فەرهەنگی وڵاتانی خۆرئاوا ڕەش بۆتەوە و گۆڕاوە بۆ (ئەگەر پاسـاوێک بـۆ خۆبەخـت کـردن هەبێت ئەوە تەنها گەلەکەمـــانە) واتە ســـەرکردەکانی وڵاتـــانی پێشـــکەوتوو لە شارستانیەت ئەگەر پاساویش بۆ ڕەفتارەکانیان بێننەوە خۆ ئامانجەکانیـــان شـــەرعین. خۆشـــگوزەرانی مـــیللەت و

پێشــــکەوتنی وڵات ئامانجیـــانە نەک خـــودی خۆیـــان. لە دواجاریش هەموو شۆڕشێک دەبێت بە هەڵگەڕاوە لە دژی ئەم دروشمانەی کە ساڵانێکە هەڵی گرتوون، ئەم دژایەتیە دەبێت بە ستەمکار بۆ خودی ئەوانەش کە هەڵگری ڕاستیی دروشـمەکەن و هەوڵـی بەدی هێنـانی دەدەن، پاسـاوەکانی دەسەڵاتی شۆڕشگێر هەمیشە بێ بنەمان دوورن لە واقیع و ڕاستییەکانی سەردەم. کاتێک شۆڕشی بەلشەفی لە ڕووسیا دەســەڵاتی گــرتە دەســت زەڕووریەکــی حەتمــی بــوو بــۆ پێشــکەوتنی وڵاتەکەی چــونکە کــۆمەڵگەی ڕووســی پــێش شۆڕش لە دوو چینی جیاواز پێک دەهات، چینی خوارەوە تەنها توانای سەردانواندن و خزمەتکردنی چینی سـەرەوەی هەبوو لە ڕووی عەقل و کەلتوورەوە سیستەمی (دەرەبەگی و کـۆیلایەتی) بـاوەڕی کـۆمەڵگە و بـایەخی دەسـەڵات بـوو سەرچاوەی ئەم دەسەڵاتە پیشینەیەکی کۆنی عورفی ئاینی بـوو بـۆ گەوجانـدنی کـۆمەڵگە و پیرۆزکردنــی (قەیســەر) سوودی لێ وەردەگیرا.

دوای شۆڕش لەماوەی چارەگە سەدەیەک توانیان ببنە گەورەتـــرین و کـــاریگەرترین هێـــزی زەویـــی لە ڕووی

پیشەســـــازیی ســــەربازیەوە وە لە ڕووی ســـــتراتیژی سیاســیەوە ببــنە هەناردەکــاری بیروبــاوەڕی شۆڕشــی کۆمـۆنیزم بـۆ زۆر کۆمـار و بەش و ناوچەکـانی جیهـان و ئەم پێشــکەوتنە بــازدانێکی زەمەنــی بــوو کە کەلتــوور و ئەفســانە و وەهمەکــانی ئــاین و دەســەڵاتی پاشــا ببــووە بەربەســت لەوەی مــیللەت وەک خــۆی بێــت. لەگەڵ ئەم پێشــکەوتنەش شــۆڕش نەیتــوانی ببێــتە بەدی هێــنەری ئەم دروشمانە کە مزگێنی سەرکەوتنی ڕەهای بۆ کردوون وەک دروســـتکردنی بەهەشـــتی ســـەرزەوی لەدادپەروەری و ئازادیــدا لەیەک چینــی ژیانــدا کــۆی ســتەم و زوڵــم لە ســەرزەوی دەبــڕن و دەگەنە کۆتــایی کــۆمەڵگەی (شــاری جیهانی) ئەم کۆمەڵگەیە کۆتایی کۆمۆن دەبێت بۆ مرۆڤ. چەکـوش و داســەکە دێـتە خـوارەوە بـوونی دەوڵەت هـیچ زەڕوور نابێت کاتێک گەل بەم شـارەی شـۆڕش دەگـات. بە ڕۆیشــتنی زەمەن گەل چەنــد نەوەیەک بەڕێ دەکــات بــێ ئەوەی هــیچ کامیــان بەم شــارەی شــۆڕش بــگەن چــونکە گەیشــتنی ئەم شــارە تەمەنێکــی زیــاتری پێویســتە لەوەی مرۆڤەکان هەیانە بەکۆی تەمەنی کیسـەڵەکانیش نـاتوانن بەم

شاره سەیرە بگەن بەمەش ناسەلمێندرێ هەر بە بیرۆکە دەمێنێتەوە. بۆیە نەوەی نوێ لە ڕووی ڕاستیی دەسەڵاتی شۆڕشگێری دەگات، هەروەک چۆن لە ڕووی ڕاستیی دەسەلاتی پاشا گەیشت لە ڕابردوو. چیتر بەرگەی دان بەخۆ داگرتن و چاوەڕوانی نامێنێت بۆ ئەوەی دەسەڵات بەڵێنەکەی بسەلمێنێت، چونکە سەرکەوتن تەنها بە مزگێنی و هەڵخەڵەتاندن بۆ خۆشگوزەرانی بەدەست نایێت، دەبێت هەنگاوەکانی بڕینی زەمەن بە ئاسایی خۆی بێت وە دەسەڵات میللەت نەگۆڕێ بۆ بەرژەوەندی خۆی ئەوکات زۆر بە ئاسانی هەڵەکان ڕاست دەبنەوە و دەبنە هەنگاوی کرداری بۆ سەرکەوتن.

لێرەوە دەسەڵات بەهۆی نەتوانینی گەیشتن بە ئامانجەکەی پشت لەبنەما ڕاستەقینەکەی خۆی دەکات، بە پاساوەکانی کۆمەڵێک بنەمای نوێ دەردەکات کە هیچی لەگەڵ مزگێنیەکەی سەردەمی شۆڕش ناگونجێت، وە گەلیش ناچار دەکات ئەم بنەما نوێیانە قبوڵ بکات بەمەش شیوعیەکانی سۆڤیەت بە خەباتی شۆڕشگێری جیهانی نیشتمانی بیست و هەشت کۆمار و چەند بەش و ناوچەیان

لەدەست دابوو لەجیهان بەڵام پشتیان لە ئەسڵەکەی خۆیان کرد و خەڵکیان ناچارکرد بە قبولکردنی هەر شتێک کە ئەوان دەیکەن یان دەیڵێن، بەوە دەستیان بە گۆڕینی تیۆریەکانی سەردەمی خەباتی سەرەتایی کرد. وە چەند بەشێک لە نووسراو و بیرۆکەکانی لینین فڕێ دران و دەستکاری کران بە شێوازێکی نوێ چاپکرانەوە، چەند کتێبێکی (کارل مارکس)یان قەدەغەکرد چونکە هیچ لەم نووسراوانە لەگەڵ پرەنسیپە نوێکانیان نەدەگونجا، بەمەش شۆڕش لەدواجار دەبێت بە سەپێنەر و دروستکەری قەدەری مێژوو، میللەت لە قالب دەدات بە حەزی خوێ بەرهەمی دێنێت، ئەم فەندەمیتالیەش(Fandamental) وا دەکات میللەت بیرکردنەوە و خەسڵەتە ئاساییەکەی خۆی لەدەست بدات لەبری ئەمە هەستێکی بۆ دروست دەکات کە هەموو ڕەفتارە نابەجێکانی دەسەڵات بەڕاست بزانێت و پیرۆزیان بکات، دەسەڵاتی شۆڕشگێر بەهەمان شێوەی دەسەڵاتی پێشووی (قەیسەر)، میللەت دەگۆرێت و پەروەردەی دەکات لە شێوە ئامرازێک بەپێی حەزو بنەماکانی ئەو بجوڵێن و کاربکەن، تەنها ئەرکیان پشتگیری

و خزمەتکردنـــی ئەم ڕژێـــمە نـــوێیە بێـــت. ئەو هەمـــوو گۆڕانکـارییە لە پەروەردەی مـیللەت و گـۆڕینی عـورف لە ئاراسـتەیەک بـۆ ئاراسـتەیەکی پـێچەوانە جارێـک دەسـەڵات لەشێوە ئاینەکەی و پیرۆزکردنی نوێنەری خودا، جارێکی تر بە پـــێچەوانەی بنەماکـــانی ڕۆح و قەدەغەکردنـــی هەمـــوو ئاینێـک و ئەم گـۆڕانە پێچەوانـانە دژیەک دروسـت دەکـات ئاسـایی نـین، دەبێـتە هـۆی دروسـتبوونی ڕۆحێکـی یـاخی بەردەوام، چـــــونکە ئەم دژانە لە پەروەردە و عـــــورف و عــادەتگرتنی مرۆڤەکــان بە زەبــر و ســەپاندن و کوشــتن دەبێـت، وە گـۆڕینی کەلتورێـک بە ئاراســتەی پـێچەوانەی کەلتووری کۆن بە بازدان و هەڵگرتن دەبێت لە زەمەنێک بۆ زەمەنێکی تـر کەڕەنگە ئەم بـازدانە بـۆ دواوە بێت یـان زۆر زیـاتر بـۆ پێشــەوە، ئەمەش وادەکـات مرۆڤەکـان بە ئاسـایی خۆیان هەنگاوەکان نەبڕن و لێ تێبگەن بە تەواوی.

بەمەش هەر بنەمـــــایەک بە زەبـــــر بســـــەپێنرێت لەکۆتـاییەکەی پـێچەوانەی بنەماکـانی خـۆی و ئاراسـتەی دژەکەی هەڵـدەگرێت خـۆی بە ڕاسـت و شـوێنگرەوەی ئەو دەزانێت. دەسـەڵاتی (قەیسـەر) بڕیارەکانی ڕەهابوون تەنها

کەس بوو بە پاساوی بوونی دەسەڵاتێکی ڕۆحی ئاینی کە نوێنەرایەتی ئاسمان دەکات، گەلەکەی بەرەو برسێتی و جیاوازیی چینایەتی دەبرد. بۆیە بزووتنەوەی ئامادەکار بۆ شوێن گرەوەی ئەو پێویستە دژە بنەماکانی ئەو هەڵگرێت بۆ گەیشتن بە دەسەڵات بەمەش یەک ڕیزی و ئازادی و یەکسانی دادپەروەری دەبێتە دژەکەی دەسەڵاتی (قەیسەر) و دروشمەکانی شۆڕش. بۆیە کاتێک دوای (قەیسەر) شۆڕش بە دەسەڵات دەگات، ئەوکات هەموو ئاینێک قەدەغەیە، ئەفسانە و وەهمەکانی پێشوو ڕەش دەبنەوە لە فەرهەنگی نوێدا، ئەوان لە هەموو بنەمایەک پێچەوانەن تەنها لەیەک شت وەک یەکن ئەویش بە ئاگر و ئاسن حوکم کردن. بە پاساوی دژە شۆڕش و لایەنگری دەسەڵاتی کۆن زۆر شتی تر خەڵک لەناو دەبەن، واتە بەهەمان شێوە میللەت ڕزگاری نەبووە لە زەبروزەنگ، با هەر بنەماکان بگۆڕدرێن گرنگ ئەوەیە میللەت ئازاد بێت ئەم (گەلە) هەرجارەو بە ناوێک و پاساوێک لەسەری دەدرێت جارێک بە مزگێنی بەهەشتی کۆتایی ئەچەوسێتەوە کە دەسەڵاتێکی ڕۆحی بوو، جارێکی تر بە مزگێنی بەهەشتی سەرزەوی کە

دەسـەڵاتێکی (مـاتەریە) لە هەردوو شـێوازیش گەل کـۆیلەی ئامرازی جیاواز بووە، بەمەش بۆ ئەوەی بە ئارامی ڕۆحی بگات ناچـار خـۆی لەگەڵ دەسـەڵات بگونجێنێت، دەبێت بە ئـامرازی دەســەڵاتی شۆڕشــگێر بنەمـا و دروشــمەکانی شـۆڕش دەکـات بە ئامـانجی خـۆی بـۆیە لەگەڵ دەسـەڵات تێکەڵ دەبێت وەک یەکیان لێ دێت، ڕەگ دادەکوتن بۆ هەر ڕەفتارێکیشــیان پاســاوێکیان هەیە، جیــاواز و تــێکەڵ نەبووەکـان لەگەڵ دەســەڵات ئەگەر ڕاسـتیش بـن لەســەر بنەماکانی رەوشت بڕۆن بۆ بەرژەوەندی گشتی هەوڵ بدەن ئەوە ڕاوەدوو دەنرێن و دەبن بە دوژمن، چونکە ئەوەی لە دەســەڵاتە بەرژەوەنـدییە نەک ئامـانج، ئەگەر هەرشـتێکیش ڕاســت نەبێـت ئەوا یاســا و دەســتوور و پاســاوی هەیە شەرعیەتی پێ دەدات بە ڕاستیی دەچوێنێت وە دژەکەی بە بیـانووی جیـا گوناهبـار دەکـات و لەنـاوی دەبـات، بەمەش کاتێک میللەت وەک دەسەڵاتی لێهات بەشێوازی پەروەردەی ئەو پێگەیشــت ئەوا هەمــوو تێگەیشــتنێکی لەچوارچێــوەی ڕێپێدانی دەسەڵات دەبێت، بە ئاراستەی بنەماکانی دەسەڵات هەنگاوەکــانی داهــاتوو دەبڕێــت، ئەگەر ڕاســتییەک و

زانینێکیش لە دەرەوەی چوارچێوەی دەسەڵات پێی بگات بڕیاری مەحاڵ بوون لە تێگەیشتن و وەرگرتنی دەدات چونکە پێچەوانەی پەروەردە و پێگەیشتنیەتی و بە ئاراستەی دژی بەرژەوەندیی دەسەڵاتە بۆیە بە ڕاستی نازانێت. ئەم دەسەڵاتانە ئەگەر ئایدۆلۆژیش نەمێنن و بگۆردرێن لەشێوەی کۆمەڵەی خوێن و خزمایەتی ئەوا دەتوانن لە دەسەڵات بمێننەوە، ئەگەر توانیان میللەت قایل بکەن بەوەی کە ئەوان پیرۆزن و مافێکی جیایان هەیە تەنها بۆ دەسەڵات خوڵقاون وە هەموو ئەو شتانەی کردیان حەقیقەتێکی ڕەهایان پێدا لەشێوەیەکی نەگۆڕ تەنها لاگۆشەیەکیان کردە حەقیقەت بۆ نیگاکانی میللەت بۆ ئەوەی لایەکانی تریش بە حەقیقەت ببینن، وە هیچ جوڵە و گۆرانکاری ریژەییان نەکردە پێوەر بۆ زانینی لۆژیکی دەسەڵات، ئەوا ئەم دەسەڵاتە ڕەگ دادەکوتێت و دەمێنێتەوە و دەبێتە سەنگی مەحەک لە نێوان ڕاستییەکان و هەڵەکان، میللەتیش ڕاست و هەڵە تێکەڵ دەکات، جیایان ناکاتەوە. ئەم شێوە عورفە گەشە دەکات و نەوەی نوێی پێ پەروەردە دەکرێت بۆ چەندساڵێک بە باشی دەق دەگرێت. بەمەش

سەرتاپای وڵات لەگەندەڵی و نەزانی بێ ئابڕوویی دەئالێنێت. تاکەکانی کۆمەڵگە یەکتر تاوانبار دەکەن بۆیە هەر کەس و لایەنێک خۆی بەڕاست بەرامبەر بە هەڵە دەزانێت.

شۆڕش بە هەر چەمکێک لەم چەمکانەی ئازادی و دادپەروەری و خۆشگوزەرانی هەرچیتر کە میللەت دەیەوێت بەڵێنی بەجێ گەیاندنی دەدات، دوای گەیشتنی بە دەسەڵات نکۆڵیکردنێک لەم چەمکانە دێنێتە ئاراوە کەهیچی لەم ئامانجانە ناچێت کە میللەت دەیەوێت، دەسەڵاتی شۆڕش بە بیانووی ئەوەی میللەت زۆر زیاتری دەوێت لەوەی دەسەڵات بە دەستی هێناوە ئەگەر نا هەموو ئەم چەمکانە بەدەست هاتوون کە پێشتر مزگێنی پێ دابوون، جیاوازی و کێشەیان تەنها ئەوەیە میللەت دەیەوێ زیاتر و دوورتر لە توانای هێزی چاو ببینێت ئەم دووربینیەش لە توانا و هێزی چاوی مرۆڤەکاندا نییە و حەقیقی نین، ئەم بیانووە بێ مانایەی دەسەڵات وا دەکات مرۆڤەکان گومان دروست بکەن لە توانای بینینیان باوەڕ بەوە بکەن کە زۆر زیاتریان دەست کەوتووە لەوەی کە هەوڵیان بۆ داوە.

کەچی لە ڕاستیدا ئامانج و مەبەست هەربوونی نییە تا دووری و نزیکی حوکمی چاو بڕیار لە بینینی بدات، ئا لێرەوە ڕاستییەکان دەشاردرێنەوە و ون دەبن.

## پاساوەکانی میللەت

دەسەڵات ئامانج دەکاتە پاساوی ئامرازەکانی، بۆ هەر ڕەفتارێکی کۆمەڵێک بیانوو دەدۆزێتەوە و دەیکات بە کۆڵێک منەت بەسەر میللەتەوە. وەک ئەوە وابێت هەموو کار و کردەوەیەکی لە پێناو میللەتە نەک خودی خۆی. بەمەش هەرکار و کردەوەیەکی دەسەڵات ئەگەر ناحەزیش بێت نابێت تانە و تۆمەتداربێت، چونکە ئەم کردەوانەی دەسەڵات خودی بەرژەوەندیی میللەتە نەک دەسەڵات خۆی لەپێناو حەزەکانی ئەم هەنگاوانەی هەڵگرتبێت.

واتە هەموو کار و ڕەفتارێکی دەسەڵات ئاسایی و یاساییین چونکە میللەت ئامانجە بەمەش بۆ ئەوەی بە وەڵامێکی قایلکەر و ڕاست بگەین پێویستە لەسەر بنەماکانی حەقیقەتی ڕێژەیی بڕۆین، فەلسەفەی (سەفستایەکان) بکەینە پێوەر بۆ گەیشتن بە ڕاستییەکان. سۆفیستەکان ئەم فەلسەفەیەیان داهێنا کە حەقیقەت ڕێژەییە و ڕەها نییە. پێوەری حەقیقەتیش (مرۆڤە) بە هەموو بەرژەوەندی و حەزەکانیەوە واتە ئەگەر دەسەڵات بەشێک ڕاستیی لابێت

ئەوا میللەتیش بەشەکەی تری لایە. بەمەش مرۆڤەکان بەپێی حەزەکانیان حەقیقەت دروست دەکەن و دەیبینن بەهەمان شێوە حەزەکانی دەسەلاتیش حەقیقەتن، ئەو حەقیقەتانەی دژی بەرژەوەندیی دەسەلات بن ئەگەر بە پێوەرەکانی زانست و جەبریش پشتڕاست بکرێنەوە هەرحەقیقەت نین، چونکە (حەقیقەت و ناحەقیقەت) بە پێوەری بەرژەوەندیی دەسەلات لێکدانەوەی بۆ دەکرێت، هەر حەقیقەتێک لەپێناو بەرژەوەندیی گشتی و دژی بەرژەوەندیی دەسەلات بێت ناڕاستە و دروست نییە هیچ کۆنسێپتێکی هەبێت لە فەرهەنگی دەوڵەتدا، وە هەر شتێکیش لە بەرژەوەندیی دەسەلات بێت حەقیقەتە و لێکدانەوەی دروستی بۆ دەکرێت.

دەسەلات شتێک لە نەبوونەوە دەکات بە بوون، ئەم بوونە خودی دەسەلات خۆیەتی لەشێوە ئەبستراکت مانایەکی حەقیقی دەداتێ لە فەرهەنگی سیاسی و دەیکاتە ئامانجی گەل، واتە ئامانجی گەل بریتییە لە بەرژەوەندی دەسەلات، بۆیە گەل هیچ گومانێکی لە ڕاست و دروستی دەسەلات نامێنێ، چونکە دەسەلات خودی خۆی حەقیقەتە، دەسەلات ئەم شتە دروستکراوەی لە نەبوونەوە بۆ بوون

بەپێی بەرژەوەندی و حەزەکانی خۆی دروست دەکات و لە قالبی دەدات واتە ئەم بەرژەوەندییە پێش ئەوەی ببێتە شتێکی بەرجەستە خودی ناوەوەی دەسەڵات و ئامانجەکەیەتی، ئەگەر سەرکردەیەک ئامادەکاری بکات بۆ دەستاو دەستکردنی دەسەڵات لەنێو بنەماڵەکەی بۆ ئەوەی کوڕەکەی ببێتە شوێنگرەوەی خۆی ئەوا سەری کوڕەکەی دەکاتە حەقیقەت بۆ تاج لەسەرنانی، بەمەش ئامادەیی بەرگری وەردەگرێت لە هەر نارەزاییەکی میللەت بەرامبەر ئەم کارە، ئەم حەقیقەتە پاساوێک دەبێت کە ئەم تاجە تەنها شایەنی کوڕەکەیەتی بەهۆی لێهاتوویی و لێزانی لە سیاسەت و کاروباری وڵاتدا، بۆیە دەبێ قبوڵ بکرێت. لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم پارتی (ناسیونال سوسیال کرێکاری) ئەڵمانیا دەرکەوت کە ناسراوە بە (نازی) بنەما فەلسەفیەکەی ئەم حزبە کارکردن بوو بۆ پاوانخوازی و فراوان کردنی سنووری جوگرافی وڵات. بۆ ئەم فراوانخوازیەش پێویستی بە کوشتن و لەناوبردنی نەیارانی هەبوو. جوولەکەش نەیار و بەربەست بوو لە پێش ئامانجەکەی، بۆ لەناوبردنی جولەکە و نەیارانی پێویستی بە

شـەرعی کردنـی ئەم ڕەشـەکوژیە هەبـوو، تـا مـیللەت هـیچ نارەزاییەک دەرنەبڕێ بەرامبەر ئەم کارە  بەمەش تیۆری ڕەگەزی بـاڵایی کـردە حەقـیقەت. کە بەپێـی ئەم تیـۆرە ڕەگەزی (گێـرمەن) کە ئـاریە ڕەگەزێکـی بەرزتـر و جـوانتر خولقـاوە لەوانـی تـر بـۆیە دەبـێ بەسـەر ڕەگەزەکـانی تـر باڵادەست بێت. ئەم مافە تایبەتیە بۆ گەلی (گێرمەن) بوویتە حەقـیقەت و پاسـاوێک کە ڕێ بە ڕەشـەکوژی جـوولەکە بدرێ وە میللەت نەک نـاڕازی بێت، بەڵکو خۆشـی بەشـدار بێـت تێیـدا، چـونکە ئەم تیـۆریەی بـۆ داڕێـژراوە لەلایەن دەسەڵات بوویتە ئامانجێک بۆ جێبەجێ کردنی ئەم تیۆرەش پێویسـتە ڕەگەزەکـانی تـر لەنـاوچوو و یەخسـیر بـن بـۆی. هەمـوو ئەم بەرژەوەندیانەی نـاوەوەی دەسـەڵات کە دەبێتە ئامـانج، پـێش ئەوەی پەیڕەویـان بکـات بە شـێوەیەکی کـرداری(پراکتیکـی)، سـەرەتا مـیللەت ڕادێنـێ بەوەی باوەڕداربێت بەرامبەر بە دەسـەڵات، بـاوەڕ بەوە بکـات کە دەسەڵات هەرکارێک دەیکات لەپێناو بەرژەوەندیی گشتی و تاکەکاندایە.

بەمە دەسـەڵات بەپێـی ئامـانجەکەی خـۆی بۆشـاییەک

لەناوەوەی کۆمەڵگە دروست دەکات. بەشێوەیەک فراوانی دەکات تا کەموکوریەکانی ناو ئەم کۆمەڵگەیە زیاد دەبێت زیاتر لەئاسایی خۆی، بەمەش ئامانجەکەی دەسەڵات دەبێت بە زەرووڕەتێک کە پێویستە بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە، چونکە بۆشاییەکە پڕ بە ئامانجەکە دروست کراوە.

بۆ حەقیقەتی ڕێژەیی، دەکرێت بەشێک لەم هەقە بە کتێبی (میر)ی مەکیاڤیللی بدەین ئەویش تەنها بۆ هەڵومەرجێکی تایبەت بۆ سەردەمەکەی خۆی، ڕێژەکەی تری حەقیقەت دژایەتی دەکات بۆ هەموو سەردەمێک کە مەکیاڤیللی بۆی ڕوون بۆوە کە دامەزراندنی حوکومەتێکی کۆماری سەرکەوتوو لە ئیتاڵیای سەدەی شانزەهەم سەرناگرێ، کتێبی (میر)ی تەنها بۆ ئەم مەبەستە نووسی، کە بە یارمەتی کەسێکی بە توانا، نەتەوەی ئیتاڵیا لەو بارودۆخە بێ هیوا و گەندەڵە ڕزگار بکات، ئیتاڵیا تووشی قەیرانێکی وا قووڵ ببۆوە کە دەرفەتی ئەوەی نەبوو چارەسەرێک بۆ دەربازبوون لەم قەیرانە بدۆزێتەوە، نەک بۆ هەموو زەمەنێک نووسرابێت کە سەرکردە یەک لەدوای یەکە دیکتاتۆرەکان بە وتە و نووسراوەکانی مەکیاڤیللی

پاساو بۆ ڕەفتارە نابەجێکانیان بێننەوە. مەکیاڤیللی لەکتێبی (میر) دا دەڵێت: دەتوانن لەپێناو بەرژەوەندییە گشتیەکاندا دەست بدەنە هەر هەوڵێکی توندوتیژی و نادادپەروەرانە وە پەنا ببەن بۆ هەر فێڵ و تەڵەکەیەک کە لەژیانی تایبەتیدا نەک تەنیا قیزەونە، بەڵکو بەتەواویی تاوانیشە (میر) ڕێنیشاندەری میرەکانە یان دەڵێن دەستوورێکە بۆ زۆرداران کە فێریان دەکات چۆن دەسەڵات بگرنە دەست وە چۆن بشیپارێزن. مەکیاڤیللی دەڵێ: هۆگری و خوخدەی خەڵک بگۆڕە، بۆیە ئەگەر گەلێک بڕوای بە حکومەتی خۆی نەبوو، دەبێ بە زۆر بڕوای پێ بهێنرێ، وە ترساندنی خەڵک لە ڕێگەی سزاوە تەنیا یەکێک لەو ئامرازانەیە کە دەسەڵاتدار دەبێ بۆ کۆنترۆڵکردنی هاووڵاتیەکانی خۆی کەڵکی لێ وەرگرێ ، بە بڕوای مەکیاڤیللی میر نابێ گوێ بداتە ئەوەی کە بە بەرچاوتەنگی ناوبانگ دەربکا، چونکە ئەو شتەی کە دەیخوات یان مافی خۆیەتی یان مافی هاووڵاتیەکانیەتی یان هیی کەسانی دیکەیە، بۆیە زێدەڕۆیی کردن لەخواردنیماڵی خەڵکی دیکە ڕەوایە و ئەوانەی دەستکەوتن بۆ خواردنن بۆیە لەناوبانگی میر کەم ناکەنەوە

بەڵکو زیاتریشی دەکەن. بەڵام ئەوەی دەبێتە هۆی زیان لێ کەوتن ئەوەیە میرماڵی خۆی بەخۆڕایی بەفیڕۆبدات هیچ شتێک لەزێدەڕۆیی کردن زیانبەخشتر نییە.

میر دەبێ بێ بەزەیی بوون بە یەکێک لەو ئامرازانە بزانێ کە هاووڵاتیەکانی خۆی پێ ڕێکبخا و ملکەچیان بکات، مەکیاڤیللی لەبەشێکی دیاری کتێبەکەیدا دەڵێ: ئایا دڵی خەڵک ڕاگرتن باشترە یان ترس خستنە ناو دڵی خەڵک، ڕەنگە بتوانین بە نازێک هەردووکیان جێبەجێ بکەین.

بەڵام بە وێنە خۆشەویستی و ترس لەگەڵ یەکتردا ناگونجێن، ئەگەر پێویست بێت یەکیان هەڵبژێرین، باشتر وایە خەڵک سەبارەت بە ئێمە هیچ خۆشەویستیەکیان نەبێ، لێمان بترسن، چونکە بەگشتی خەڵک بەپێی ئەمەک، لەرزۆک دووڕوو ، دەست بەکڵاوگر، چاوچنۆک و قازانج ویستن وە گیان فیدای ئەو کەسەن کە شتێکیان لێ دەست دەکەوێ.

ئەوکاتەی هەڕەشە و مەترسییەک لە ئارادا نییە، ئامادەن گیانی خۆیان و بنەماڵەکانیان پێشکەش بکەن وە لەکاتی پێویستیشدا پشتمان تێ دەکەن ڕوو وەردەگێرن، مەکیاڤیللی دان بەوەدا دەنێ کە بیرورِا شتێکی پیرۆز و

بەجێیە، بەڵام فێڵ و تەڵەکە و دووڕوویی شایەت دان بە درۆ و درۆکردن بۆ پاراستنی دەسەڵاتی سیاسی پێویست و ڕەوان.

ئەم بنەما سیاسیانەی مەکیاڤیللی سیاسەت لە ئەخلاق جیا دەکەنەوە، ئایا هیچ میللەتێک ئەم ڕێنماییانەی مەکیاڤیللی بۆ دەسەڵات قبوڵە؟ میللەت لە زانینی نهێنی شێواز و مەبەستی دەسەڵات غافڵە هیچ کات پەی بەو نهێنیانە نابات کە دەسەڵات کردوونی بە ئامرازی دەسەڵاتی، بۆیە ئاڵۆزیەک لە شێواز پەیڕەو دەکات، میللەت تێیان ناگات لەوەی مەبەست و خوخدەی سەرکردەکانیان تەنیا مانەوەیانە لە دەسەڵات. بەمەش ڕێنمایەکانی مەکیاڤیللی ئیلهامێکە بۆیان، جگە لەمەکافیلی هیچ بیرمەندێکی سیاسی تر ڕێنمایی سەرکردەکان ناکات بەوەی بە هەر پاساوێک ئامانجەکانیان بپێکن گوێ بە ڕەفتارەکانتان مەدەن ئەگەر نائەخلاقیش بوو، چونکە ئامانج پاساوتانە، بۆیە مەکیاڤیللی بە پەیامبەرو ڕێنیشاندەری سەرکردە دیکتاتۆرەکان دادەنرێت، دیکتاتۆرەکان جگە لە مەکیاڤیللی هیچ بیرمەندێکی تر بە ڕێونوێنی کار و مامۆستای سیاسی دانانێن، چونکە

بیرمەندەکانی تر ئەخلاق بە پێوەرێکی گرنگی دەسەڵات دادەنێن، بەشێک دەبێت لەبنەماکانی سیاسی بەمەش قوتابییەکانی مەکیاڤیللی بە درێژی ماوەی دەسەڵات و پاساوەکانیان بناسنەوە، ئەوکاتیش نهێنی شێوازی دەسەڵات و ئامانجیان بەخوێندنەوەی کتێبی (میر) ڕوون دەبێتەوە، ئەوکات زیاتر لەخۆتان و ئەوانیش دەگەن، هەرکاتێکیش لە نیازخراپی دەسەڵات دڵنیابوونەوە بەوەی ئامانجیان تەنها خودی خۆیانە، ئەوا بە پاساو وەڵامی پاساوەکانیان بدەنەوە.

ئەگەر تاکتیکی دەسەڵات پاساو بێت، وە فەرمانڕەوایی درێژماوە ستراتیژیەت بێت، ئەوا بۆ هەر پاساوێکیش پاساوێک هەیە. هەر سەرکەوتنێک بە مزگێنی و هەڵخەڵەتاندن بەدەست بێت هەر بە مزگێنی بەرامبەر و دژەکەی هەڵدەوەشێتەوە، واتە ئەو دەسەڵاتەی هەر بە مزگێنی دان بۆ ئامانجەکانی میللەت کاری خۆی مەیسەر دەکات، ئەوا هەر بە مزگێنی بۆ دژایەتی ئامانجەکانی دەسەڵات لەلایەن تاکەکانی میللەت دەڕوخێت. ئەگەر پاساوی دەسەڵات بۆ میللەت، دان بەخۆداگرتن و کات بێت

بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەی وەک مزگێنی بە میللەتی داوە، ئەوا هیچ کاتێک ئەم دەسەڵاتە ڕەچاوی (کات) ناکات، وە بەشێکیش نابێت لەبنەمای ستراتیژی، چونکە خۆی (کات) ڕادەگرێت، لەبەر ئەوەی خودی خۆی ئامانجە بۆیە پێویستی بەمەیە کات لەم زەمەنە بوەستێت، بەمەش پاساوی کات و دان بەخۆداگرتن یەکێک دەبێت لە سیماکانی ناسینەوەی دەسەڵاتێکی نەناسراو، بەشێکی تر لەناسینەوەی سیماکانی ئەم دەسەڵاتە پاساوی مەترسیە سنووریەکانە، دەسەڵات مەترسییە سنووریەکانی وڵات دەکات بە دوژمنێکی خەیاڵی، خۆشی بە پارێزەر و ڕزگاری ڕۆحی گەل دەچوێنێ.

دەبێت بە قەلغان لە دژی ئەو دوژمنەی کە بەردەوام هەڕەشەیە بۆ سەر ئاسایشی گەلەکەی، ئەم تاکتیکەش بەشێکی ترە لە سیاسەتەکانی دەسەڵات بۆ یەخسیر کردنی گەلەکەی و درێژە دان بەماوەی فەرمانڕەوایی، ئەم پاساوە ئەگەر لە فەرهەنگی سیاسی ڕەوایی بەهەر ڕژێمێک بدات بۆ درێژەدان بە ماوەی فەرمانڕەوایی ئەوا دەبێت نیوەی زەوی لە شێوە و عورف و قالبی خۆی بمێنێتەوە لە

فەرمانڕەواییدا بە بێ گۆڕانکاری و دەستاودەست کردنی دەسەڵات، چونکە ئەم وڵاتانەی جیهان هیچیان بە ئارەزوو و حەزی خۆیان نەبوون بە دراوسێ و لەسەر هیچ بنەمایەکی ئەتنی نزیک لەیەکتر یان هەمان کەلتوور و عادەت هاوسنوور نین بۆیە زۆربەی وڵاتان کۆنە ڕق و دژایەتیەکی مێژوویییان هەیە بەڵام بنەما و یاسای هاوسەنگی هێز کردوونی بە دۆستێکی دبلۆماسی ئەمەش مانای ئەوەنیە هەموو وڵاتان دوژمنی سەرسەختی یەکترن یان دۆست و برای لەمێژینەن. تەنها بنەما و یاسایەکی جیهانی ڕێکیان دەخات، ئەمە وەکو پاساوی پاراستنی گەل لە دوژمن و مەترسیەکانی وڵات ڕەوایی بە هیچ ڕژێمێک نادات بۆ درێژە دان بە ماوەی فەرمانڕەوایی چونکە هەر ڕژێمێکی تریش بێت ناچاری ئەرکی پاراستنی سنووری لە ئەستۆیە.

یەکێکی تر لەکردەوەکانی دەسەڵاتی دیکتاتۆر یان نەناسراو دروستکردنی مێژوویەکی پاڵەوانانەی پڕ بە بەری خۆیانە کە لافی ڕەوایی گشتیان پێ دەدات، واتە هەموو شتێک لە نەبوونەوە بۆ بوون لەم مێژووە سەرچاوە

دەگرێت، ئەمەش مافی خاوەنداریێتی هەموو شتێکیان پێ دەدات، بەمەش گەل گومان لە دڵنیابوونی مافی خۆی دەکات چونکە گشت خاوەنداریێتی دەوڵەت مافی دەسەڵاتە، کەسی فەرمانڕەواش تا ئەو دەمانە دان بە دیموکراسی و مافی هاووڵاتیان دادەنێ کە لە سەرکەوتن و دەسەڵاتەکەی دڵنیا بێت، ئەگەر هەست بە مەترسی ڕووخان و پلان بکات دەبێتە دڕەندترین دیموکراسی، گەلیش لە دوو ڕووی دیکتاتۆری و دیموکراسیدا توانای دان بەخۆداگرتنی هەیە ئەگەر گەلێک لەپێناو بەرژەوەندیدا بێ ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی گشتی و نەوەی داهاتوو دانی بەهەقی ناهەقی دەسەڵاتی دیکتاتۆریدا، ئەوا ئەم گەلە بێ پەروەردەیە و مافی پاساوی نییە بۆ خراپی دەسەڵات و دژایەتیکردنی لەکاتێکی تردا، چونکە تەنها لەخراپی باری ئابووری و خاڵی گیرفانی دا دڕەندەیی دەسەڵات دەبینێ، وە ئەو گەلەی لەژێر سێبەری دیموکراسی و یەکسانی دەسەڵاتێکدا بەرێوەببرێن، ئەگەر باری ئابووری وڵات خراپیش بێت بۆ هەمووان بەشێوەیەکی گشتی بێ جیاوازی ئەوا پێویستە دان بەخۆی دابگرێت. هەر ڕاپەرینێک بە دژی ئەم

دەســـــەڵاتە، لادانە لەچوارچێـــوەی تێگەیشـــتنی عەقڵـــی کـۆمەڵایەتی و سیاســی. پاســاوی ڕاپەریـنەکەش دەبێـتە بەرژەوەنـدی و چـاوچنۆکی مـیللەت نەک خراپـی بـاری ئـابووری چـونکە دەخـیلەی ئەم وڵاتـانە تەنهـا ئەمەندەیە بە ڕاپەڕین بەرهەم زیاد نابێت بەڵکو کەمتر دەبێت. بە هەموو ئەم شێوازانەشـەوە دروسـتکردنی دەسـەڵات لەچوارچێوەی هەر ئایـدیایەک بـریتیە لە میللەت، وە دژایەتـی دەسـەڵات و گــۆڕینی هەر بــریتیە لە مــیللەت واتە دروســت کــردن و تێکــدانی دەســـەڵات مـــافی ئـــازادی و ڕەوای گەلە، بە چ پاســـاوێک؟ دروســـتکەری دەســـەڵات مـــیللەتە وە تـــاکی دەسەڵاتیش هەر میللەتە بەمەش دەسەڵات بریتیە لە میللەت، هـــیچ دەســـەڵاتێک خۆڕســـک نەبـــووە ئەگەر زۆریـــنەی پەیرەوانـی میللەتـی لەگەڵدا نەبێت، بەمە دەسـەڵات دروست دەبێـت بە ڕێککەوتنـی مـیللەت لەسـەر کەلتـوور و عەقـڵ و زانینـی خۆیـان، واتە دروسـتبوونی جۆری دەسـەڵات بریتـی بـووە لە حەز و ویسـتی مـیللەت، ئەی دژایەتـی و هەوڵـی ڕوخانی بۆچی؟ پاشـگەزبوونەوە لە دروسـتکردنی شـێواز و جـۆری دەسـەڵاتەکە بـۆچی؟! بە پاسـاوی ئەوەی ئیـرادەی

میللەتەو مافی ئازادیەتی، ئەمرۆ دەسەڵات لەجۆرێک دروست دەکات، بەیانی بۆ جۆرێکی تر هەوڵی گۆڕین دەدات، بە بیانووی ئەوەی بگاتە دەسەڵاتێکی نموونەیی (یوتوپیا) هیچ کاتێک دەسەڵاتێکی نموونەیی جوان لە کۆمەڵگەیەکی نانموونەیی ناشرین دروست نابێت، بۆ دروستبوونی ئەم دەسەڵاتە نموونەییە سەرەتا پێویستە تاکی کۆمەڵگە بەمجۆرە پەروەردە بکرێت کە ببێتە ڕەنگدانەوەی دروستبوونی جۆری ئەو دەسەڵاتەی کە کۆمەڵگە مەبەستیەتی، هۆکاری پاشگەزبوونەوەش لە دروستکردنی جۆری دەسەڵاتی ڕابردوو ئەوەیە، کە کۆمەڵگە بەپێی زانینی خۆی بۆ ئەم ڕاستییەی ئەمڕۆ هەستی پێ دەکات و دەیزانێت دەسەڵاتی بە کۆمەڵێک کەموکورییەوە بە حەقیقەتێکی ڕەها لەقاڵب داوە و دروستی کردووە بۆ هەموو سەردەمێک، بێ ڕەچاوکردنی پێوەرێک بۆ ئەم ڕاستییانەی ئەمڕۆ ڕاستن ڕەنگە بەیانی هەڵە بن. لەدیالێکتیک هیچ شتێک بە دوا ڕاستیی و هیچ قۆناغێک بە دوا قۆناغ دانانرێت، هیچ ڕاستییەک هەمیشەیی نییە و بەردەوام نابێت چونکە ئەم چەمکانەی سیاسەت کاری پێ

دەكات بۆ كارو بارى وڵات زانستى (هەندەكين) و (هەمەكى) نين جێگير بن و گۆڕانيان بەسەردا نەيەت، ئەم چەمكانە بەپێى پێويستيەكان دروست دەبن، مادامەكى عەقل لە پێشكەوتن دايە ئەوا چەمكى پێشكەوتوو تر و جوانتر دروست دەبن. لێرەوە ڕاستييەكى پێشكەوتووتر لەلايەن نەوەى داهاتوو دركى پێ دەكرێت بەرپەرچى قۆناغى پێشوو دەداتەوە، ئايا ئەم كێشەو گرێيانە دەبن بە بۆشايى لەناو كۆمەڵگە و بەرپەرچى قۆناغى پێشوو دەدەنەوە چين؟

نەوەيەكن دان بە ڕاستييەكانى قۆناغى پێشوو نانێن و ڕەتى دەكەنەوە چونكە شتى تريان درك پێ كردووە كە ڕاستيى پێويستى سەردەمى خۆيانن. دەسەڵاتيش هيچى لەم چەمكە نوێيانەى قبوڵ نييە چونكە خۆى لەسەر چەمكە كۆنەكان بنيات نراوە بۆيە قابيلى گۆران نين. ئەمەش دەبێتە هۆكارى ململانێى بەردەوام لەسەر دەسەڵات، چونكە دەسەڵات پێوەرە بۆ چەسپاندن و قبوڵكردنى هەرشتێك كە تۆ پێى ڕازى. واتە ئەوەى دەبێتە دەسەڵات، مافى ڕەواى دەبێت بۆ سەپاندنى ئەم چەمكانەى كە خۆى دەيەوێت بيسەپێنێت بەسەر كۆمەڵگە و وڵاتدا. بەمەش كۆمەڵگە بە

حەزی ئەوانە بنیات دەنرێت کە دەسەڵاتیان لەدەستە.

ئایا چارەسەر بۆ ململانێی نێوان دوو نەوە چیە؟ یەکیان دەسەڵاتە ئەوی تر بێ دەسەڵات، بە ئاراستەی پێچەوانەی یەکتر ڕاستییەکان بەرز دەکەنەوە، یەک بە پاساوی مانەوەی لە دەسەڵات ئەوی تر بە پاساوی گەیشتن بە دەسەڵات، ئامانجەکان وەک یەکن ڕەفتارەکان دژیەکن هەریەکەیان بەشێک ڕاستیی لایە، بۆیە هەریەکەیان بە کۆمەڵێ ڕەفتارەوە دەیەوێت ئەو ڕاستییانە بپارێزێت کە ئەو دانی پێ دادەنێت و ئەوی تر ڕەتی دەکاتەوە. چارەسەر ئەوەیە:

- پێویستە قاوغ و قاڵبێکی دەسەڵات بەشێوەیەک دروست بکرێت، کە هیچ کەس نەتوانێت خۆی بەخاوەنی هەمیشەیی ئەم دەسەڵاتە بزانێت، وە چوارچێوەی ئەم قاڵبەی دەسەڵات مۆرکی لایەنگری و هاوسۆزی منەتی دروستکردنی هیچ لایەنێکی لەسەر نەبێت بەڵکو یاسا و دەستوری وڵات خاوەنداریێتی بکات.

- پێویستە ئەم قاڵبەی دەسەڵات وەها دروست بکرێت توانای گونجانی هەبێت بۆ هەموو سەردەمێک و نەوەیەک،

وە ڕاستییە نوێیەکان توانای گۆڕینی چوارچێوەی ئەم قالبەی هەبێت، نەک لەسەر ڕاستییەکی کۆن بەشێوەیەکی هەمیشەیی دەق بگرێت.

- دەبێت کۆمەڵگە دەسەڵاتی لەسەر بنیات بنرێت، نەک دەسەڵات کۆمەڵگە بنیات بنێت و بە حەزی خۆی دروستی بکات. چونکە دروستکەر مافی خاوەندارێتی دەبێت، ئەگەر کۆمەڵگە خاوەنداریتی دەسەڵات بکات فەرمانڕەوایی لە ئیرادەی گشتییەوە سەرچاوە دەگرێت، وە بە پێچەوانەوە ئەگەر دەسەڵات خاوەنداریتی کۆمەڵگە بکات فەرمانڕەوایی لە هێز و ویستی تایبەتدا سەرچاوە دەگرێت.

هەرکاتێک ئەم سێ بنەمایە لەفەرهەنگی سیاسی وڵات بوونی نەبوو تێکەڵاوی و ئاڵۆزیەک لەنێوان دوو نەوە دروست دەبێت، هیچکام لەم نەوانە ناتوانن بەتەواوی بیسەلمێنن کەخۆی خاوەن و هەڵگری ڕاستەقینەی (حەقیقەتە) وە لەبەرەی گشتی بەرژەوەندی زۆرینەدایە بۆ دەوڵەت.

بەم شێوەیە میللەتی فەرەنسایی لەساڵی (١٧٨٩) پاساوی بە دەست خست بۆ هەڵگیرسانی شۆڕش بە دژی

بنەماڵەی پاشاو ئەوانەی بەناوی خانەدانیەوە خێروبێری وڵاتیان دەبرد و خەڵکیان دەچەوساندەوە، کەشیشێک بەناوی (ئامانوێل جوزێف سیس) نامیلکەیەکی لەژێر ناوی چینی سێیەم چییە؟ بڵاوکردەوە، لەوێدا سێ پرسیاری گەڵالە کردبوو، کە هەر خۆشی وەڵامی داوەتەوە: یەکەم چینی سێیەم چییە؟ هەموو شتێکە، ئەی هەتا ئێستا چی بووە؟ هیچ. سێیەم، ئەی ئێستا دەیەوێت ببێت بەچی؟ ئێستا دەیەوێت ببێتە شتێکی هەستپێکراو یان هەموو شتێک، تا ڕادەیەک چینی سێیەم هەموو شتێک بوو: بریتی بوو لە بورژوا یان چینی ناوەند بە سەد هەزار لە خێزان و توێژی جیاوازەوە لە بانکداران، دەڵاڵان، کارخانەداران، بازرگانان، بەڕێوەبەرانی کۆمپانیاکان، پارێزەرانی دادگاکان، پزیشکان، دانیاران، خوێندکاران، هونەرمەندان، نووسەران، ڕۆژنامەنووسان، خاوەن چایخانەکان (کۆمەڵەی چوارەم).

چینی سێیەمی هەژاری بێ چارە (کە هەندێک جار بە خەڵکی ڕەشۆک ناو دەبران) کرێکاران، پیشەوەرانی شارەکان، کرێکارانی بار و گواستنەوەی زەمینی و دەریایی و جوتیارانیشی دەگرتەوە، (دەوترا چینی سێیەم ئەو شتەی

دەیویست لێی بێبەش کراوە و ماوەیەکی زۆرە بە سکاڵا و داواکاری بۆی بەدەست نایەت ئیتر لەمەودوا بە مشت و زۆرداری بیسەنێت). ئەم چینە دروشمی (ئازادی و یەکسانی و برایەتی) بەرزکردەوە، ئەم جۆرە ڕک و کینە جۆش و خرۆش و ئارەزوانە هێشتا لە دڵیان دا هەبوو، ئەگەر چیش زیاتر مەبەستیان یەکسانی لەگەڵ چینی باڵاتر بوو نەک خوارتر. ئەم دروشمە تا ئەوکاتەی چاوی پیادا خشێنرایەوە هەر بەکاردەهێنرا، لەم نێوەندەدا بۆرژوازی وەک بەهێزترین هێز دەرکەوت، کە زەمینەی شۆڕشی ڕەخساند ئەوە چینی بۆرژوا بوو شانۆکانی جەنجاڵ دەکرد و ستایشی هەجوەکانی (بومارشییە)ی دەکرد لەدژی ئەشرافەکان. ئەندامانی ئەم چینە بوون، تەنانەت پێش چینی نەجیبزادەکانیش بە مەبەستی کارکردن لە ڕێی ئازادی هزر و بە ئازادی ژیان پەیوەندیان بە ڕێزی (ماسۆنیەت)وە کرد، هەر ئەمانە بوون بەرهەمەکانی ڤۆلتێریان دەخوێندەوە چێژیان لە شێوازی قسەی نەستەق و ڕەخنە ئامێزیەکەی دەبینی. لەگەڵ (گیبن) هاوڕا بوون کە هەموو ئاینەکان بەبێ جیاوازی لەدیدی فەیلەسووفاندا ڕاست نین، بەڵام بەبێ

جیاوازیش بۆ هەموو سیاسەتمەداران بەسوودن. بە نهێنی ستایشی باوەڕی (ماتریالیزم)ی (هولباخ) و (هلوسیوس) یان دەکرد، لەوانەیە ئەم تیۆرە دەربارەی نهێنیەکانی ژیان و هزر، تەواو لەجێی خۆیان نەبێت بەڵام چەکێکی بەسوود بوو دژ بە کلێسایەک کە کۆنترۆڵی بەشی هەرە گەورەی هزرو نیوەی سامانی فەرەنسای کردبوو.

لەگەڵ (دیدرۆ)دا هاوبیر بوون، کە تا ئەندازەیەک هەموو شتێک لەم حکومەتەدا بێهودە و هیچە، لەگەڵ ئەوەشدا گاڵتەیان بە ئارەزووی ئەو دەوڵەتە دەکرد بۆ دەست بەسەرداگرتنی (تاهیتی). چارەی ڕۆسۆیان نەدەویست کە قسەکانی بۆنی سۆسیالیزم (کۆمەڵخوازی) لێ دەهات و گوتەکانی واقیعێکی زیندوو بوون، بەلام ئەمانە بوون پێش هەر بەشێکی دی، لەناو کۆمەڵگەی فەرەنسایی هەستیان بە دەسەڵاتی ئەدەبیات و فەلسەفە دەکرد و بڵاویان دەکردەوە، فەیلەسووفان ئەو بەربەستەی کە کلێسا و دەوڵەت لە بەرامبەر ئەندێشەدا دروستیان کردبوو ڕماندیان و ڕێگەیان بۆ پەرەسەندنی هزری ملیۆنان خەڵک خۆشکرد و ئاسۆکەیان فراوان کرد.

لەنێـوان ئـاژاوەی جەنـگ و شۆڕشـدا شـان بە شـانی (لاڤوازیە، لاپلاس، لامارک) خۆیان بۆ سەرخستنی زانست لەســـەدەی نـــۆزدەیەم ئامـــادەکرد، (ڕۆســـۆ) خـــۆی لە فەیلەسوفەکان جودا کردەوە، ڕێزی لە دانایی دەگرت، بەڵام ئاسـتێکی بەرزی بـۆ هەسـتەکان و ئیمـانی هێـورکەرەوە و ئیلهامبەخش دادەنا. پێداگری لەسەر بروانامەیەکی میلیانەی یەک ڕیتم کردەوە. کۆمیتەی ڕزگاری میللی خستە سەر ئەو کەڵـکەڵەیەی کە داهێنـراوی (بـدعە)ی سیاســی بە لایەنــی کەمەوە لەســەردەمی جەنگـدا وەک تـاوانێکی گەورە ســەیر بکـات. (ژاکـۆبن)ــەکانی ســەردەمی شـۆڕش پرەنسـیپەکانی (بڕیاری کۆمەڵایەتی، پەیمانی کۆمەڵایەتی) یان قبوڵ بووە بەو واتەیەی مــرۆڤ لە ســـەرەتاوە باشـــە، بەڵام چـــونکە دەکەوێتە ژێر کاریگەری ستراکچەری گەندەڵ و دەستوورە زاڵماکانەوە خراپ دەبێت. تاکەکانی مرۆڤ بەئازادی لەدایک دەبن، بەڵام لەناو شارستانی دروستکراودا دەکرێتە کۆیلە، سەرکردەکانی شـۆڕش کاتێک گەیشـتنە دەسـەڵات بڕوایان بەو پرەنســـیپەی (ڕۆســـۆ) هێنـــا، کە هاووڵاتیـــان ئەگەر پارێزگـاری کردنـی دەوڵەتیـان لە پشـتەوە بێـت ئامـاژەی

ملکەچـی بـۆ دەوڵەت دەنـوێنن. (مـاله دوپـان) بەمجـۆرەی نووســیوە: (لەســاڵی ١٧٨٨ بیســتم کە (مــارا) بڕیــاری کۆمەڵایەتیی لە ڕێرەوە گشتیەکاندا دەخوێندەوە و شـرۆڤەی دەکـرد و گـوێگرانیش بە زەوق و چێـژەوە چەپڵەیـان بـۆ لێـدەدا. بۆچوونەکـانی (ڕۆسـۆ) سـەبارەت بە پێکهـاتەی دەسـەڵاتی خەڵـک لە شۆڕشـدا لەسـەر شـێوەی دەسـەڵاتی دەوڵەت و پاشــان دەســەڵاتی کــۆمیتەی ڕزگــاریخوازی نەتەوەیــی و دەســەڵاتی تاکێــک بــووە. وشــەی خەڵــک لەزاراوەی شۆڕشی مەزنی فەڕەنسادا بە واتای جوتیاران و کرێکــارانی شــارەکان بــووە. تەنــانەت لەشارەکانیشــدا خزمەتگــوزارانی کارگەکـان کەمایەتیەکیـان پێـک دەهێنـا. دواجـار ئەو وێـنەیە دێنێـتە بەرچـاو کە کـارگە یەک لەدوای یەکەکـان نەبـوو، بەڵکـو بـێ سـەروبەریەکی تـێکەڵ بـوو لە قەسـاب و نـانەوا، مەیسـاز، بەقـاڵا، چێشـتلێنەر (ئاشـپەز)، وە دەسـفرۆش، سـەرتاش، دوکـاندارەکان، خـاوەن هۆتێـل، مەی فرۆشـە گەورەکـان، دارتـاش، بەنـنـا، بۆیـاغچی، شوشـەچی، ئاسـنگەر، قوڕکـار، پـێڵاودرو، بەرگـدرو، جلشـۆر، نـۆکەر، قەفەسـکاران، زینسـاز، چەرخەسـاز، زەڕفـگەر، چەقۆسـاز،

دەزوورێس، دەباغ، کرێکاری چاپخانە، کتێبفرۆش، خراپەکار و دزان، ئەم کرێکارانە بەپێچەوانەی پانتۆڵی کورت (کۆلۆت) و گۆرەوی درێژ، ئەندامانی چینی باڵ دەیانپۆشی، پانتۆڵێکیان دەپۆشی تا خوار قولەپێیان بوو، لەو بارەیەوە بە کەسانی (سان کۆلۆت)ەکان، واتە کەسانی بێ (کۆلۆت) ناوزەدیان دەکردن و هەر ئەمانەش بوون لە ڕووی ئەرکەوە لە شۆڕشدا پشکی شێریان بەرکەوتبوو، لە (١٧٩٣) دا لەسەروبەندی شۆڕشدا گرفتی دیموکراسی بریتی بوو لەوەی چۆنایەتی لەبەرامبەر چەندایەتیدا بوەستێت و هزرمەندان لە ڕێگەی سەرژمێر و بیروڕای خەڵکەوە هەڵبژێردرێن. بەمجۆرە (سان کۆلۆت)ەکان مافی ڕەوای خۆیانیان بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردن لێ زەوت کراو گەیشتنە ئەو ئەنجامە تەنهاییە بە پشتبەستن بە هێزی توندوتیژی ئەندامانی خۆیان دەتوانن ڕۆڵی دروستی خۆیان لەناو ئیرادەی گشتیدا بگێڕن. بەو بڕیارەش دەنگیان بە گوێکان دەگەیشت و تۆڵەیان دەسەندرایەوە. لە (١٧٨٩) (باستیل) یان کۆنترۆل کرد. لە (١٧٩٢) پاشایان لەدەسەڵات هێنایە خوارێ، لە (١٧٩٣) گەیشتنە حوکمرانێتی فەرەنسا.

(مارا) و هاورێکانی بە دروشمی (ئازادی و یەکسانی و برایەتی) پاساوێکی بەهێزیان بەدەست خست بۆ دژایەتی چینی یەکەم، کە پاشا و ئەشرافەکان بوون وە چینی دووەم، کلێساو پیاوانی ئاینی بوون. کۆڵنەدانی ئەم ململانێیە بەشێک لە خەڵکی کرد بە دەسەڵاتدار لە شوێنی پاشا، لەمە بەدواوە پاساو بۆ دژایەتی ئەم دەسەڵاتە نوێیە ڕەوایی دەبێت ئەگەر نەتوانێت مزگێنیەکان بەجێ بێنێت، واتە دروشمەکانی (ئازادی و یەکسانی و برایەتی) دەبێ ببێتە دروستکەری چوارچێوەی ئەم دەوڵەتە نوێیە، بەپێچەوانەی جێبەجێکاری ئەم دروشمانە، شۆڕش لەسەر شۆڕش بەردەوام دەبێت. ململانێکان بەردەوامی هەبوو دژایەتی یان هەستی تووڕەیی بە دژی دەسەڵاتە نوێکەی شۆڕش هەستی پێ دەکرا، هەڵاتووان و نەوەی کۆن لەترسی تووڕەیی شۆڕش لە (کان) بوونە پەناهەندە، ئەم شوێنە سەنگەری باکووری ئەم کۆمەڵە یەکگرتووانە بووە کە دژ بە کۆنترۆڵکردنی دەوڵەتی نیشتمانی بوون لەلایەن (پاریس)ەوە.

پەناهەندەکان و لایەنگرانی پاشا لەوێدا دەستیان

دابووه وتاردان و نارەزایی دەربڕین دەربارەی کارەکانی (مارا) و (سان کۆلۆت)ـەکان، داوای پێکهێنانی سوپایان دەکرد بۆ هێرش کردنە سەر پایەتەخت. (شارلۆت کۆردای) بەجۆشترین گوێگری لایەنگرانی پاشا بوو، ئەم ژنە کە لەنەوەکانی (پیرکۆرنی) شانۆنامەنووس بوو، لە خێزانێکی هەژار و خاکی لەدایک ببوو. ئەندامانی خێزانەکەی کەسانی سەڵتەنەتخوازی توندڕەو بوون، لە دێیەک پەروەردە کرابوو، دوو ساڵ ڕاهیبە بوو. بەشێوەیەک لەشێوەکان، کە نەزانراوە چۆن بووە، دەرفەتی بۆ ڕەخسابوو بەرهەمەکانی (پلوتاریک، ڕۆسۆ) تەنانەت (ڤۆڵتێر)یش بخوێنێتەوە، ئیمانی خۆی لەدەست داو شەیدای قارەمانەکانی (ڕۆما)ی کۆن بوو.

بە بیستنی هەواڵی لە ملدانی (لویس) بەتوندی دووچاری شۆک هاتبوو، لە ڕەخنەکانی (مارا) دژ بە لایەنگرانی دەسەڵاتی کۆن زۆر تووڕە بوو، لە (٢٠/ جونی/ ١٧٩٣) چاوی بە (باربارۆ) کەوتووە تا ئاسانکاری چوونە ناو (کنڤانسیۆن)ی بۆبکات. تاکە خواستی (شارلۆت) ئەوە بوە تا نامەیەکی بۆ بنووسێت لە ڕێگەی نوێنەرێکەوە خۆی

بگەینێتە ناو (کنڤانسیۆن).

(باربارۆ) نامەیەکی بۆ (لوزدوپیر) نووسی، لە نۆی (جولای) بە گالیسکە گەیشتە (پاریس)، کە گەیشتۆتە ئەوێ کێردێکی قەسابی تیژی پانزە سانتیمەتری کڕی. ویستوویەتی بچێتە تەلاری (کنڤانسیۆن)ەوەو هەر لەوێدا (مارا) تیرۆر بکات، بەڵام هەواڵی زانیوە کە (مارا) نەخۆشە لەماڵەوە کەوتووە ناونیشانەکەی وەرگرتووە، بۆ ماڵەکەی چووە، بەڵام ڕێگەیان پێ نەداوە، چونکە (مارا) لە گەرماودا بووە، (شارلۆت) بەناچاری گەراوەتەوە بۆ ژوورەکەی خۆی. (شارلۆت) لە ژوورەکەی خۆیەوە یاداشتێکی بۆ (مارا) نووسی و داوای چاوپێکەوتنی لێکرد و نامەکەی بەم ناوەڕۆکە بوو: (لە- کان- وە هاتووم ، عەشقی تۆ بۆ وڵات دەبێت لەو پیلانانەی لەو شارەدا ڕێک دەخرێت، بە ئاگات بهێنێ، چاوەڕوانی وەڵامی تۆم).

بەڵام نەیتوانی چاوەڕوان بێت، لەکاتی خۆرئاوای سیازدەی (جولای) جارێکی دی لەدەرگەی داوەتەوە، ئەم جارەش ڕێگەی پێ نەدراوە. (مارا) کە گوێی لەدەنگی بووە فەرمانیداوە ڕێگەی بدەن، بە ئەدەبەوە پێشوازی لێکردووە

فەرمووی دانیشتنی کردووە.

جـــان پـــۆل مـــارا (١٧٤٣ – ١٧٩٣) یەکێـــک لە سیاسەتمەدارە بەناوبانگەکانی شۆڕشی فەرەنسی، بەشێک لە ژیـانی لە ئینگلـتەرا بەسـەر بـردووە، لەوێ کۆمەڵێـک نووسینی فەلسەفی و سیاسی بڵاو کردۆتەوە، دواتر دێتەوە بۆ فەرەنساو تێیدا جێگیر دەبێ. لەساڵی ١٧٨٩ ڕۆژنامەی (هـاوڕێی گەل) دادەمەزرێنـێ، لەو ڕۆژنـامەیەدا وتـارە توندوتیژەکانی بڵاو دەکاتەوە، وتارە توندوتیژەکانی دژ بە وەزیری دارایی "نیکر" و وتارە ڕەخنەئامێزەکانیشی دژ بە "لویسـی شـازدەهەم" بـوو، بڵاوکـردنەوەی ئەم وتـارانە ناچاریانکرد پاریس بەجێ بهێڵێت و بڕوا لەتاراوگە لەشاری لەندەن بژی، ساڵی ١٧٩٢ دوای گەڕانەوەی بۆ فەرەنسا، بە هەموو هەوڵ وتوانای خۆی، کار بۆ ڕوخاندنی تەواوەتی دەسـەڵاتی پاشـایەتی دەکات، ئەمەش بـووە هـۆی ئەوەی لەنێو دانیشتوانی پاریسدا جەماوەرێکی زۆر لەدەوری خۆی کۆبکـاتەوە، دواتـر وەک نـوێنەری شـاری پـاریس بـووە ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانی، لەناو ئەنجومەندا ڕۆڵێکی گەورەی گێـڕا لە مەسـەلەی دەنگـدان بـۆ لە سـێدارەدانی

"لویسی شازدەهەم".

هەروەهـا لەسـاڵی ١٧٩٣ ڕۆلێکـی بەرچـاوی بینـی لە دەرپەڕانـدن و وەدەرنـانی ژیروەنـدەکان کە لایەنگری پاشـا بـوون لەنـاو ئەنجـوومەنی نیشـتمانیدا. (مـارا) لە یەکێـک لە وتارەکانیـدا دەنووسـێ: (ئـازادی تەنهـا بە تونـدوتیژی سەقامگیر دەبێ، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە ستەمی ئازادی بۆ ماوەیەکی کاتی، بۆ سەرکوتکردنی ستەمی پاشایەتی بێتە ئاراوە).

(شـارلۆت) لەکـاتی چـاوپێکەوتنی (مـارا) کورسـیەکی بـردۆتە پێشـەوە و دانیشـتووە، (مـارا) پرسـیویەتی: هەواڵـی (کـان) چـیە؟ ئەم ژنە دواتـر وردەکـاری سەرنجڕاکێشـی سەبارەت بەو گفتوگۆیـانە ئاشکرا کرد. (شـارلۆت) وەڵامـی دەداتەوە: (لەوێ هەژدە نـوێنەری کنڤانسـیۆن لەگەڵ بەرپرسـی ویلایەتەکـان سـەرقاڵی پیلانگێـرانن). (مـارا) پرسـیویەتی: (ناویـان چیـیە؟). (شـارلۆت) ناوەکانیـانی درکاندوە و (مارا)ش تۆماری کردوون و بڕیاری گیانی بەم واتەیە دەرکردووە:

(بە زویـی بە گیـوتین لە ملیـان بـدرێت). لەوکـاتەدا

(شارلۆت) کێردەکەی دەرهێنا و هێندە بە زەبر لەسەرسینەی وەشاندووە شادەماری بڕیوە و خوێن فیچقەی کردووە.

(مارا) هاواری لە (سیمۆن) کردووە: (هاوڕێی ئازیزم، فریام بکەوە!). (سیمۆن) هاتووەو (مارا)ش لەئامێزیدا گیانی سپاردووە. (شارلۆت) لەکاتی هەڵاتنیدا، بۆ دەرەوەی ژوورەکە ڕووبەڕووی پیاوێک بووەتەوەو قۆڵبەستی کردووە، پۆلیس ئاگادار کراوەتەوە و بردوویانە. (شارلۆت) وتوویەتی: (من ئەرکی خۆم بەجێ گەیاند با ئیتر پۆلیس ئەرکی خۆی بە ئەنجام بگەیەنێت).

(مارا) دەبێت خاوەنی سیفاتی باش بووبێت کەوا دوو ژنی نەیار خۆشیان ویستووە. خوشکەکەی باقی ژیانی خۆی بۆ پیرۆزکردنی بیرەوەریەکانی (مارا) تەرخان کرد. (مارا) کە ڕۆژانێک پزیشکێکی سەرکەوتوو بوو، لەپاش خۆی جگە لە چەند دەستنووسێک و بیست و پێنج (سو) چیدی لەدوا بەجێ نەما، بەڵام زۆر دڵبەندی ئەو گروپە بوو کە سروشت و مێژوو بە فەرامۆشییان سپاردبوون. یانەی (کوردلیە) دڵی (مارا)یان وەک یادگارییەکی پیرۆز پاراست و هەزاران کەس بە (تاسەیەکی پڕ لەستایشەوە) چوون بۆ

بینینــــی. لە شــــانزەی جــــولای هەمـــوو ئەو نــــوێنەرانەی مـابوونەوە لەگەڵ خەڵکێکی زۆر لە ژنـان و پیـاوانی نـاوچە شۆڕشــگێرەکان تەرمەکەی (مـــارا)یـــان بـــۆ ئـــارامگەکەی لەبــاخچەی (کـــوردلیە) بەڕێ کـــردووە. پەیـــکەرەکەی، کە لەلایەن (دافیـــد)ەوە دروســـتکرابوو، لەتەلاری (کنڤانســـیۆن) دانـــرا. لە (٢١ی ســـێپتەمبەری ١٧٩٤) تەرمەکەیـــان بـــۆ (پـانتیۆن) گواستەوە، دادگـایی کردنەکەی (شـارلۆت) کورت بــوو. دانــی بە کـارەکەی دانــاوە، بەڵام خــۆی بە تاوانبــار ئەژمـــــار نەکـــــردووە و وتــــوویەتی، تەنهـــــا تــــۆڵەی ڕەشـەکوژیەکەی سێپتەمبەر و دوا ڕەفتـارە شـەڕانگێزەکانی (مارا)ی کردووەتەوە. بە گوتەی ئەو: (یەک پیاوم کوشت تـا ســـەد هەزاری تـــر ڕزگـــار بـــکەم). لەو نامەیەیـــدا کە بـــۆ (باربارۆ)ی نووسیوە ڕاشکاوانە وتوویەتی: (ئامـانج هۆکـار پاســـــاو دەدات). (شــــارلۆت) چەنـــــد ســـــەعاتێک دوای تاوانبـــارکردنی لەمەیـــدانی شۆڕشـــدا لەقەنـــارە درا، بە لەخۆباییانە لە بەردەم نەفرەت و جنێوی خەڵکەکە وەستاوە و پێشــنیازی کەشیشـــەکەی بـــۆ ئەنجامـــدانی پـــاڕانەوە ڕەتکردۆتەوە. (شارلۆت) لەبارێکدا مرد نەیدەزانی کـارەکەی چەنـــد زیـــان بە (ژیرۆنـــدییەکان) دەگەیەنێـــت. لەکاتێکـــدا مەبەستی بوو خزمەتیان بکات.

(ڤرینۆ)، کە وتەبێژیان بوو، هەستی بەو بابەتە کردووە بەخشیویێتی ڕایگەیاندووە کە: (ئەم ژنە بووە هۆی مەرگی ئێمە، بەڵام شێوەی مردنی فێرکردین).

بەم شێوەیە (شارلۆت کۆردا) ناوێکە لەیادەوەری شۆڕشی فەرەنسیدا تۆمارکراوە، هەندێ وەک پاڵەوان تەماشای دەکەن و بە (جان دارک)ێکی دیکەی دادەنێن، هەندێکیتر وەک خیانەتکارێک لە پرەنسیپەکانی شۆڕش لێیدەڕوانن کە تەواو شایەنی ئەو چارەنووسە تاریکەیە کە ڕووبەرووی بووەوە، ئاخۆ ئەم خانمە کێیەو چۆن چۆنی بڕیاری کوشتنی "مارا"ی دا).

بەمەش ئامانج پاساودەری هەموو ئەو رەفتارانەیە کە میللەت دەیکات بۆ گەیشتن بە دەسەڵات، وە دەسەڵات دەیکات بۆ پاراستنی خۆی. ئەمانە هەریەکەیان جارێک دەبێت بە دەسەڵات و جارێک دەبێت بە میللەت. لەبەر ئەوەی ڕاستییەکان بەردەوامیان هەیە و شتی نوێتر درکی پێ دەکرێت بەپێی کات و ڕۆیشتنی زەمەن، ئەوا دەسەڵات و میللەتیش بەردەوامیان دەبێت لەململانێدا، نۆرەی دەسەڵاتیش بۆ هەریەکێک یان دەبێت کە توانای هەڵگرتنی ڕاستییە نوێکانی هەبێت بۆ ئەم کات و (زەمەنە).

لەبەر ئەوەی (دەسەڵات و میللەت و تاکەکان)

هەموویـــان خـــاوەن ئامـــانجێکن، بـــۆیە دەبێـــت ڕەفتـــاری هەموویـــان پاســـاوێکی هەبێـــت بـــۆ مەبەســـتەکەی، چـــونکە (مەکیاڤیللی) لەبیری چووە کە تاکەکانی جگە لەدەسـەڵاتیش خاوەن ئامانجن لەکارەکانیاندا. بەمەش ڕەفتاری هەر یەکێک لەوڵاتدا ڕەوایی دەبێت بە ئامـانجەکەی بەپێی پرەنسیپەکەی (مەکیاڤیللی) کەدەڵێت: "ئامانج رەفتار پاسـاو دەدات". بەمەش شـۆڕش لەســەر شـۆڕش بەردەوامــی دەبێــت بە پاســاوی ئامانجەکەی.

# دەستەو ئامرازەکانی شۆڕش

## یەکەم: گروپە شۆڕشگێڕیەکان

هیچ کۆمەڵگەیەک بەبێ شۆڕشی ناوەکی کامڵ نەبووە و توانـــــای کـــــاملْبوونی نیـــــیە. ئەمەش بە گۆڕانکـــــاری لە پێکهـــــاتەی عەقلـــــی کـــــۆمەڵگە دەبێـــــت، کە ئەم ڕێـــــڕەوەی لەپێشینان بۆیان دیاری کرابوو لەسەری بڕۆن دەیگۆڕن بە ڕێگەیەکی نوێی دروستکراو، بۆ ئەوەی هەنگاوەکانیان خێرا و بەرهەمەکانیان زیاتر بکات.

واتە شۆڕش وەسیلەیەکە بۆ پێشکەوتن و داهێنان، وە داهێنان دەبێتە ئامانج بۆ شـۆڕش ئەگەر بەرهەمەکەی دوای شـۆڕش بە یەکسـانی بەسـەر کۆمەڵگە دابەش بکرێت بەبێ جیاوازی. کۆمەڵگەش دەبێتە پاڵەوانی شـۆڕش و ئەرشـیفێک پـڕ لەشـانازی بـۆ نەوەکـانی داهـاتوو تۆمـار دەکـات، کە پاشـــماوە و ســـەروەت و ســـامان و میـــراتەکەی نەوەی ڕابـــردوو بـــۆ نەوەی داهـــاتوو دەبێـــتە مێـــژوو بـــۆ ئەم ئامادەکاریەی نەوەی نوێ لەسـەری دەڕۆن و بەرهەمەکەی دەخـــۆن. ئەمەش بە فیـــداکاری پـــاڵەوانی کـــۆمەڵگە بـــووە،

زۆربەی ئەم وڵاتانەی کە پاڵەوانی شۆڕش گەلەکەیەتی بە گشتی ئێستا لە پێشکەوتووترین وڵاتانی جیهانن و هیچ گومانێک لە ڕاست و دروستی شێوازی دەسەڵاتەکانیان بوونی نییە و هەست و بیری شۆڕشگێڕی بۆ گەیشتن بە ڕاستیی و مافەکانیان لە فەرهەنگی سیاسی بوونی نەماوە، ئەمانە وڵاتانی خۆرئاوان، بەپێچەوانەی ئەمانە لەرۆژهەلاتی ناوەڕاست ڕاستییەکان بریتین لە چیرۆکە کۆنەکان و گێڕانەوەیان کە ئێمە بە هەمان پێشینەی ڕابردوو بەردەوامی بە ڕێڕەوی ژیان دەدەین بێ ئەوەی خۆمان توانای ئیدراککردنی ڕاستیی نوێمان هەبێت. لەوڵاتانی نامیدا لەدوای شۆڕشیش هەمان ڕێڕەوی ڕابردووی پێش شۆڕش هەلدەبژێرین، شۆڕش واتە داهێنان و زیادکردنی بەرهەم، ئەگەر لەدوای شۆڕش بە مەبەستی زیادکردنی بەرهەم بە هەمان ڕێگەی کۆن بڕۆین، ئەوا بە هەمان کاتی دیاریکراوی پێش شۆڕش دەگەین بەبێ زیادوکەم. بۆیە شۆڕش لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تا ئێستا هیچ داهێنانێکی نەبووە تەنها لەگۆڕینی کەس و ناوەکان نەبێت. بگرە زۆرجاران بەرهەمی دوای شۆڕش کەمتر بووە لە پێش

شـۆڕش، بەهـۆی کەمـی توانـای کەسـەکان لە ڕۆیشـتنیان بەهەمان ڕێگەی کەسانی پێش شۆڕش و بە کاتێکی زیاتر و بەرهەمێکـی کەمتـر گەیشـتوونەتە کۆتـایی ڕێـگەی هەمـان کەسانی پێشوو. لەم ولاتانە پاڵەوانی چیرۆکەکان کەسانێکن لەبەردەوامـی گـوتنەوەی چیـرۆکەکە بـۆ هەمـووان گەورەی دەکەن و دەیکەنە داسـتان بـۆ مێـژوو، پاڵەوانەکـان دەبـن بە کـارەکتەری سـەرەکی ژیـان کە مـاف دەبەخشـنەوە و ئەرک دیــاری دەکەن بــێ ئەوەی خــوێنەر زاتــی ئەوەی هەبێــت لەبەردوامـی گـوێگرتن وخوێنـدنەوەی ئەم چیـرۆکە بێـزاری خۆی دەربڕێت، یان توانای ئەوەی هەبێت پاڵەوان یان دەقی چیرۆکەکە بگۆڕێت.

هەروەک نـیچە فەیلەسـوفی ئەڵمـانی دەڵێـت: "کاتێـک مرۆڤـی ئـاژاوەگێڕ خـۆی بە وتەبێـژی چـین و توێژەکـانی خوارەوە پێشان دەدات، بە شەرمێکی زۆرەوە داوای (مـاف) و (دادپەروەری) و (یەکســانی لەمافەکــان) دەکــات، ئەوە لەمیانەی نەزانینیەتی کە ئەم کـارانە دەکـات، نەزانـیەک وای لێکـردووە توانـای ئیـدراککردنی ئەم شـتانەی نەبێـت کە لە حەقیقەتدا هەن، ئەوەی لە ژیانی خۆیدا پێویستی پێیانە. "

غەریزەیەکی پڕ هۆکار هەیە بە توندی ئەم کەسەی کۆنترۆڵ کردووە، دەبێت کەسێک هەبێت بەرپرس بێت لەم ڕەوشە خراپە، وەکو چۆن ئەم کەسانە دڵیان خۆش دەبێت بە نارەزایەتیەکی جوان، چونکە هەموو بوونەوەرە پەرۆشەکان حەزیان لە سکاڵا و شکایەتکاریە، ئەوە هەستێکی بچوکیان پێ دەدات بەخۆشی دەسەڵات. هەر بە تەنیا سکاڵاو پەرۆشی و شەیدایی بۆ خود دەبێتە هۆی ئەوەی جۆرێک لەسەرنجڕاکێشان و کێشکردن دەخاتە سەر ژیانیان و وادەکات بەرگەی ئەم ژیانە خۆیان بگرن، لەنێو هەموو گلەیی و سکاڵایەکدا ڕێژەیەکی کەم لە تۆڵە سەندنەوە هەیە، مرۆڤ ڕەوش و باری خراپی خۆی دەخاتە ئەستۆی خەڵکانی تر، بەردەوام خەڵکانیتر وەکو پاساو چەترێک بەکاردێنێت تاوەکو خراپی باری خۆی بخاتە سەرشانیان و پێشانی بدات کە خراپی ڕەوشی ئەم بۆتە هۆی باشی باری ئەوان و دەیخاتە سەر ملی ئەوان، بۆیە پێی وایە ("ئەگەر من هیچ و پووچ بم ئەوە تۆش دەبێت هیچ و پووچ بیت"، بەپێی ئەم لۆژیکە مرۆڤ شۆڕش بەرپا دەکات).

ئەم لـــۆژیکە هـــیچ و پـــووچگەراییە بنەمـــایەکە بـــۆ دروســــتبوونی ئەم دەســـتە و گروپـــانەی کە بـــۆ حەز و مەیلەکانیان شۆڕش بەرپا دەکەن، جگە لە مەیلی دەسەلات. هیچ ئارەزوویەکی تریان نییە بۆ پێشکەوتن و داهێنان لە ولاتەکانیان، بەمەش ولاتەکەیان بە ئاراستەی پێچەوانەی پێشـــکەوتن ڕێـــرەوی ڕکـــابەری ولاتـــانی تـــر دەگرێـــت، کەخەڵکەکەی بەرەو برسێتی و نەزانی دەبات، لەم ولاتانەی کە دەســـــتەیەک پێشـــــەوایەتی دەکـــــات، دەســـــەلات بە لێکـدانەوەیەکی زۆر جیـاواز "شـــۆڕش" پیـــرۆز دەکـــات و دەیفرۆشێتەوە بە نەوەی داهاتوو.

بەمەش منـــداڵێک بەر لەدایکبـــوونی و هـــاتنە ژیـــانەوە کۆڵێک منەت و قەرزی ژیانی لەسەرە پێویستە بیانداتەوە یان باجێک بدات بە نرخی مافە سروشتیەکەی و بێدەنگ بێت و دەستبەرداری هەموو ئەو شتانە بێت کە ژیان لەگەڵ لەدایکبوونی بە سروشتی پێی داوە.

ئەم دەستە و کەسە شۆڕشگێرانە بناغەی دەسەلاتیان لە ڕێـــی ئایـــدیا ئاینیەکـــانەوە ســـەرچاوە دەگرێـــت، کە دەرئەنجـــامی ســـەرکەوتن و مانەوەیـــان لە دەســـەلات بە

هۆکـاره ئاینیەکـانەوه دەبێـت. گەوجـی خەڵـک هۆکـاره بـۆ دروستبوونی ترسی تەلیسمێکی پیرۆز بۆ ئەم سەرکردانە، پیرۆز دەکرێن خەڵکیش دەبێت پابەندی ڕێنماییەکانیان بن ئەگەر بە نرخی ڕۆحیش بێت. وه سوپاسگوزاری خواش بن کە ئەم دیارییەی بۆ ناردوون، بەمەش ڕەوتی پەرەسەندن دەیسەلمێنێ کە هەر زانین و تێگەیشتنێک دەرئەنجامی دژەکەی خۆیەتی، ئەم نەزانی و نەفامیەی خەڵک هۆکارێکە بۆ دروست بوونی ئەنجامە دژەکەی کە زانین و تێگەیشتنی ڕاستییەکانە بۆ نەوەی داهاتوو. بەمەش لەکۆتاییدا ڕاستییەکان ملکەچی پرۆسەی پەرەسەندنی مێژوومان دەکات، کە بەهۆی ڕوودانی شتەکانەوه شتێکی تر دەبێت و لەویتر تێ دەگەین.

هەروەک "هیگڵ" دەڵێت: "کە هەرچی هەیە و نییە دەبێ پابەندی پرۆسەی پەرەسەندنی ناچاری مێژوویی بێت هۆکاری خۆیی بابەتی بوونەکەی هەبێ، هیچ شتێک بەبێ پێداویستی ژیان نایەتە کایەوه و لەناو ناچێ! ئەوەی هەبووه دەبوو هەبێ، ئەرکی دیاریکراوی پێ سپێردراوه و ئەرکەکەی خۆی جێبەجێ کردووەو ڕاپەڕاندووه، ئینجا

جێگەی بۆ ئەوەی دوای خۆی چۆڵکردووە، هەروەک چۆن ئەو خۆی جێگەی پێشترەکەی گرتۆتەوە!.

وە دەڵێت: "گەوهەری ژیان مێژوویی و کۆمەلایەتی و کەلتووری و شارستانی (گۆڕانە)، ئارامی هەمیشە پێچەوانەی پرۆسەی ژیان و پێشکەوتنە، چونکە ئەو نەگۆڕانە چەق بەستن و گۆشەگیر و کورتهێنان دروست دەکەن، ئەمەش پێچەوانەی پەرەسەندنی مێژووە، کە خۆی لەخۆیدا پەرەسەندنی ژیرە، کۆنترۆڵکردنی جیهان و کات لەلایەن ژیرو داناییەوە بەرجەستە دەکات".

ئەو پەرەسەندنە ژیرە، کە سروشتێکی ناچاری مێژوویی هەیە و پابەندی میتۆدی دیالێکتیکە، پوختەی فەلسەفەی (هێگلی) پێکهێناوە، ئەو دیالێکتیکیەی (هێگل) باوەری پێی بووە هیچ شتێک هەرەمەکی و لەخۆوە بەبێ پێداویستی ناچاری مێژوویی بەدەر ناکەوێ و لەناو ناچێ، ئەگەر بەدەرکەوت و هاتە کایەوە، ئەوا ڕاستەقینەیە و ژیریش پشتڕاستی دەکاتەوە و ناکرێ هیچ جۆرە ڕق و کینەیەک لە بەرامبەریدا ڕەوا بکرێ!.

بیرمەندان پێیان وایە ئەم قسەیە بوونی ڕژێمە

سیاسیەکانی پێشوو و سەردەمی خۆی لە بەند و کۆیلایەتی و دەرەبەگایەتی و سەرمایەداری سەدەی نۆزدەهەم پاساو دەداتەوە. بـۆیە مـن دەڵـێم (هیگـل) بـوونی خـۆی و فەلسەفەکەشی بە سروشتێکی ناچاری مێژوویی دادەنێت، بەڵام خەڵـک کە پێیـان وایە ژیـری و تێگەیشـتنیان تەنهـا ئەوەنـدەیە کە ئێسـتا دەیـزانن لەو جـوانتر و ڕاسـتتر نیـیە، دوای تێگەیشتنی زیاتر بەهۆی ناچاری بوونی شتەکانەوە شتێکی تر دەبێت، واتە گرنگی بوونی ئەم شتەی کە پێیان وایە کۆتـایی ڕاسـتییە تەنهـا ئەمەیە کە شـتێکی تـری لـێ دروسـت دەبێـت لەوەی خـۆی جـوانترە. هەروەک چـۆن فەلسەفەکەی (هیگل) کۆتایی ڕاستیی نەبوو، بە تێپەربوونی کات بووە هۆکاری دروستبوونی شتێکی جوانتر لەخۆی کە قۆناغەکـانی (کۆمـۆن)ی پـێ دیـاریکرا و بە فەلسـەفەی ماتریـالیزمی دیـالێکتیکی (مـارکس و ئەنگلـز) تێپەرکـرا، فەلسـەفەی (هیگلـیش) بـووە زەروورییەک بـۆ قۆنـاغێکی مێژوویـی سـەردەمی خـۆی کە دەرئەنجـام و هۆکـاری دروستبوونی قۆناغێکی پێشکەوتووتر بوو لە خۆی، بەمەش هەموو شتێک هۆکاری خۆیی و بابەتی بوونەکەی پاساو

دەداتەوە بۆ تێگەیشتن لەقۆناغەکەی خۆیی و دروستبوونی قۆنـاغێکی نـوێتر لە خـۆی، بـۆیە ڕاسـتیی نـوێی دۆزراوە پاسـاوی لەنـاوبردنی هەمـوو ئەم شـتانە دەکـات کە پێشـتر گرنگـی بـوونی خـۆیی ئەم قۆناغەیـان هەبـووە کە بەپێـی پێداویسـتی کـاتی خـۆی هـاتبووە کـایەوە، بەپێـی پێویسـتی ئێستاشیان لەناوچوونیانە، چونکە ئەرکەکەی خۆی جێبەجێ کـردووە تێپەڕانـدووە پێویسـتە جـێگە خـۆی بـۆ قۆنـاغێکی دوای خۆی چۆڵ بکات.

ئەم میکـانیزمە دەورانـیە دەبێتە دیالێکتێک بە ڕوودانـی شـتەکان زیـاتر تێدەگەین و بەرەو پێشـمان دەبـات، هەمـوو ئەمـانەش ڕووداوی ناچـاری سـەردەمی خۆیـانن دەبێـت ڕووبـدەن، بـۆ تێگەیشـتنی زیـاتر لە شـتەکانەوە پێویسـتە بـڕۆینەوە ڕووداوە مێژووییەکـانی رابـردوو کە سروشـتی ناچـاری ئەو بابەتـانە لەخـۆ دەگـرن کە ئـێمە مەبەسـتمانە بەمەش بـۆ تێگەیشـتن لەدەسـتە و گـروپە شۆڕشـگێریەکان دەبێ بچینە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست چونکە ئەم وڵاتـانە ئایـدیا مەزهەبی و عـورفە سـەربازیەکانی تێدا بڵاوە کە ئەمـانەش فاکتەرو سەرچاوەی بوونی ئەم گروپانەن.

أ. ئایدیا ئاینیەکان (شۆڕشگێرە ئاینیەکان)

شۆڕشی مەهدیەکانی سوودان

لەکۆنەوە سوودانیەکان شۆڕشیان کردووە، کلیلی سیحری خەڵکەکەش ئایین بووە، کە بەها ئاینیەکان بەگرنگترین گەنجینەی کەلتورەکەیانی دەزانن، ئەوەش بەرنامەکەی زانای ئاینی ئیمام (محەمەد ئەحمەد مەهدی ئەلتەقی) ئاسان کردبوو بۆ هەڵگیرسانی شۆڕش، چونکە ئەو بانگهێشتی ئەوەشی کردبوو ئەو مەهدی چاوەڕوانکراوە و وڵات ئاسوودە دەکات و دادپەروەری بەرپا دەکات.

هەندێ کەس بزاڤی مەهدیەت بە بزاڤێکی سنووردار دەزانن، هەندێکیش ڕامانیان وایە کە بزاڤەکە ناوەڕۆکێکی ئاینی سیاسی هەبووە، لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەم بوو کە (محەمەد ئەحمەد ئەلمەهدی) فتوای جیهادی بە ڕووی کافر و کۆلۆنیزمە ئینگلیزەکان دەکردووە، بزاڤەکە سیمایەکی ئاینی هەبووە، بۆیەش ئەلمەهدی چل ڕۆژ لە ئەشکەوتێکی دوورگەی ئابا لە نیلی شین خەڵوەت دەکات،

ئینجـا دەچێــتە دەرەوە لەبەردەم فەقێیەکــان و زاناکــان و شــــێخەکان و کەســـــایەتیە دیارەکانـــــدا وەک مەهـــــدی چاوەڕوانکراو خـۆی دەناسـێنێت کە دەتوانێت ئەو بەدکـاری و زوڵــــمە بە دادپەروەری بگــــۆڕێتەوە، لەو دەمــــانەدا کـۆمەڵگەی سـوودانی هەڵوەشـاوە بـوو، تـازە هەنگـاوی دەهاوێشــت لە سیســتەمی عەشــیرەتیەوە بگــاتە سیســتمی حکـــومەتی، ئەوانـــیش ئەو کەلتوورەیـــان نەدەویســـت کە لەخۆرئاوا ڕووی تێکردبوون.

لەبەر بـوونی بـاجیش خەڵـکەکە نـیگەران و هەراسـان بووبــــوون، لەنـــاو وڵاتـــیش تونـــدکاری و گەنـــدەڵی و زۆرداریەکی زۆر پەیڕەو دەکرا، حکومەتیش هەمـوو جۆرە بازرگـانییەکی کـۆنترۆڵ کردبـوو، تـازەش بازرگـانیکردن بە مـرۆڤە کۆیلەکـان ڕاگیرابـوو، خەڵـکەکەش بە ئـازادکردنی کۆیلەکان هەمـوو سـەرمایەکانیان لە دەست دابوو، بەهـاتنی بێگــانەش خەڵــکەکە تــوڕە و نــاڕازی بــوون کە هەمــوو دەســـەڵاتەکانیان لە ژێردەســـت دابـــوو، ئەوەیـــان بە کــوفر دەزانی چـونکە ئەوانە موسڵمان نەبوون. لێرەوە ئەلمەهدی داوا دەکـات هەمـوو بگەرێـنەوە سـەر کتێـب و سـونەکەی و

هەمــــوو بەرنــــامە و کتێبــــی تــــر وەلا بنــــێن و هەمــــوو مەزهەبەکانی تریش پشتگوێ بخەن و تیمە دەروێشیەکان هەڵوەشــێننەوە و خەڵــکەکە واز لە ناکۆکیەکــانی نێوانیــان بهێنن و لە مەهدیەت کۆببنەوە ئەوەش تاکە ڕێبازیان بێت و جەختــیش لەســەر جیهــاد دەکــاتەوە و شــەڕی کــافرانیش ڕادەگەیەنێت. ئەلمەهدی ناوی لەسەردەمی پێش خۆی نـابوو ســەردەمی جـاهلیەت! محمـد مهـدی دوای ئەم شــۆڕش و خەلافەتە زۆر ناژیــت بە تــای تیفــۆس دەمرێــت!. مردنــی خەلیفەکەیــان پــێش وادەی تەواوکردنــی ئەرکەکەی ئەوەی ســــەلماند کە ئەو مەهــــدی چــــاوەڕوانکراو نیــــیە کە لە مەزهەبانی ئاینی ئیسلام باوەڕیان وایە دەبێتە رزگارکەری سەرتاســەری بــۆ ئیســلام، کەچــی خەلافەتەکەی (مــحەمەد مەهــدی) ســێزدە ســاڵ دوای خــۆی درێــژەی کێشــا دوای مردنـی (خەلـیفە)ش خەلافەتەکە کە لەســەر ڕێبـازی مەهـدی رزگـارکەر دامەزرابـوو درێژەی هەبوو هەڵنەوەشـاوە، ئەوە دەیسەلمێنێ ئەم بیروباوەرە تەنها ڕێگەیەک بۆ گەیشـتن بە دەســەڵات، ڕوودانیشــی زەروریەتێـک بـوو بـۆ تێگەیشـتنی خەڵکی لەم ئایدیا تاقیکاریە کە لە جارێکی تر و هەوڵێکی تر

ئەم بـاوەڕە دووبـارە نەبێـتەوە چـونکە تەنهـا ئامـانج لێـی دەسەڵاتە.

ئەگەر بە عەقڵیەتـی ئێسـتامان نـاوەرۆک و بنەماکـانی شۆڕشـی مەهـدیەتی سـوودان لێـک بـدەینەوە وە سـەیری ئامـانجەکەی بکەیـن کە زۆر گەورەیە ڕزگـاری بەشـەریەتە لەسـەر زەوی! ئەگەر بە لۆژیـک لێکـی بـدەنەوە چـی دەڵـێن لەبـارەیەوە؟ بە دڵنیـایەوە دەزانـم پێـدەکەنن، بەڵام ئەگەر لە ئێسـتاماندا لەپرێـک بگەرێـنەوە سـەردەمی مەهـدیەت بە عەقڵێکی پێشکەوتووتر و بەرهەستی تر لەوان، چی دەکەن؟ دەتـوانن بیـانگۆڕن؟ پێیـان بڵـێن ئـێمە لەدەورانـی داهـاتوو هـاتووین هەمـوو ئەو شـتانەی ئـێمە دەیـزانین ئێـوە نـایزانن، بـۆیە دەبێـت ناچـاربن بە گـوێگرتن و گوێڕایەڵبـوونی ئـێمە، دڵنیـام نـاگۆڕدرێن ئەوان هەر لەسـەر ئامانجەکانیـان کـۆک دەبن بۆ جێبەجێکردنی، ئێوەش بە عەقڵ و زانین و دنیـابینی پاش و پێش ڕووداوەکان تووشی نەفرەت و کفر و یەخسیر دەبن، هەر وەک چۆن (پێغەمبەرە)کان بە دنیـابینی و زانینـی زیاتریان لەنەتەوەکانیان، لەکاتی بانگەوازیدا تووشـی هەمـان کارەسـات دەبـوون. چـونکە ئەو زەمەن و ژیـنگەیەی ئێـوە

چوینه بۆی، هی ئەوانە نەک ئێوە. بەمەش سروشت پابەند و ملکەچی پرۆسەی پەرەسەندنی زەمەنتان دەکات، لەبەر ئەوەی ئەوانەی ئێوە دەیزانن لە ڕێی پرۆسەی پەرەسەندنی مێژوو شتە هەستپێکراو و بینراوەکان بووە کە زانیوتانە و تێی گەیشتوون، بەڵام ئەوانەی لە دەورانی دێریندا ماویانە ئەم پرۆسە مێژووییە تەواوکەن لە قۆناغەکەیان تا بگەن بە ژینگە و زەمەنی ئێوە.

ئەوانەی لەپڕێک گەڕانەوە زەمەنی محەمەد مەهدی ئەلتەقی نەک ناتوانن تێیان بگەین و بیان گۆڕن، بەڵکو خۆشیان پابەند و ملکەچی سروشتی ژینگەی کۆمەڵایەتی مەهدیەکان دەبن، بەیعەت بە مەهدیەت دەدەن و دەچنە جیهاد بۆ ئەوەی پرۆسەی پەرەسەندنی مێژوو خێراتر بێت و بگەنەوە زەمەنی خۆیان. تەنها لەم پرۆسە مێژووییە بە ناچاری هەموو مەهدیەکان تێدەگەن، وردە وردە هەموو شتەکان هەست پێ دەکەن و دەیبینن تا دەگەنە ئاستی عەقلی ئێوە.

بەمەش هەر عەقلیەتێک بەپێی ئاستی زەمەنی کۆمەڵگەکە توانای زانینی دەبێت، وە دروستکردنی هەر

کـۆمەڵگەیەکیش بەپـێی پێویسـتی ئاسـتی زانینـی عەقـڵەکە دەبێت.

لێـرەوە ئاورێکمـان داوە لەزەمەنـی ڕابـروو کە هـاتنی (محەمەد مەهدی) بوو، لەژینگەیەکی پێویست بۆ ئەم هـاتنە دەکرێت بێت مـادامەکی بڕیـاری ناچـاریە بۆ عەقل کە ئەوە مەهدی ڕزگارکەرە دەبێت ئەو بێت و ڕاستیش بێت. چونکە بەشـێک لەو ئەرکـانە جێبەجـێ دەکـات وەکـو (سـیفە) لە مەهـدی چـاوەڕوانکراودا هـاتیە، وە هەمـوو ئەو بنەمـایە شـەرعیانە جێبەجـێ دەکـات کە مەهـدی چـاوەڕوانکراو پێویسـتە بیـان کـات، بەمەش هەرچەنـد ئەرکە ڕاسـتەقینەکە جێبەجـێ بکـات ئەوەنـدەی تـر دەیسـەلمێنێ کە ئەو مەهـدی چاوەڕوانکراوە. وە هاتنی ڕاستەقینەکەش بۆ ئەم ئەرکـانەیە نەک زیـاتر، کە ئەرکەکـانیش لەلایەن کەسـێکی تـر بە نـاوی ئەو جێبەجـێ کـرا، کەواتە هـاتنی ڕاسـتەقینەکە بـۆ چـیە. ئەسـڵەن ئەوەی ئەرکـی مەهـدی جێبەجـێ بکـات، مەهـدی چـاوەڕوانکراوە. بەمەش هەر زانـین و زانسـتێکی زیـاتر لەلایەن (پێغەمـبەران) بـۆ کـۆمەڵەکەی خۆیـان کە دەیـزانن زیـاترە لەوەی دەوروبەریـان دەیـزانن و هەسـتی پـێ دەکەن

بەڵام چۆن؟

دەبێت یان لەداهاتوو گەڕابنەوە بۆ ئەو زەمەنەی کە پەیامەکەیان تێدا بڵاو دەکەنەوە و ڕێنوێنی کەسانی ئەم سەردەمە دەکەن بۆ خێراترکردنی ڕەوتی پەرەسەندنی مێژوو، یان دەبێت لەڕێی هێزێکی بان سروشتیەوە ئەو زانین و دنیابینییەی داهاتوویان پێ درابێت.

گریمانەی یەکەم و بیرۆکەی گەڕانەوە لەداهاتوو گریمانەیەکی خەیاڵیە، چونکە ئەگەر ئەم بیرۆکە بچێتە چوارچێوەیەکی لێکدانەوەی عەقڵی فیزیکی ئەوا دەبێت لە دنیای خۆمان دوو کات و دوو شوێن هەبێت، بەمەش دوو زەمەن دروست دەبێت، زەمەنێک لەپێش ترە و خێراترە، ئێمەش بە دوایدا دەڕۆین، ئەوانەی لە زەمەنی پێش ئێمەن لە کاتیش زۆر لەپێشترن، ئەو شتانەی ئەوان لە پرۆسەی پەرەسەندنی خێراتری کات دەیزانن، ئێمە دوای کات و ماوەیەکی زۆر لە مێژوو دەیزانین. یانیش گریمانەی دووەم کە هێزێکی بان سروشتیە لە توانا و هێزی مرۆڤەکاندا نییە کە (خودا)یە ئەو زانیارییانەی بۆ ئەو کاتی و داهاتوو پێ داون. واتە هەموو ئەو شتانەی ئێستا دەیزانین، هەر لەسەر

ئەو چەنـد زانیـنەیە گریمـانە بـۆ زانینـی داهـاتوو دەکەیـن، لەسەر ئەم چەند زانینەشمان داهاتوو دروست دەکەین، وە ئەگەر بەو زانیـنەی ئیستاشـمان بگەڕێیـنەوە ڕابـردوو و لێکـدانەوەی بـۆ ڕووداوێکـی ڕابـردوو بکەیـن ئەنجـامی ڕووداوی ڕابردووەکە هەرچی بێت لە مێژوو ئەوا بە هەڵەی دادەنێین.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنـێ هەروەک چـۆن ئێسـتا بەپێـی زانینـی عەقڵمـان گریمـانەی دروسـتکردنی داهـاتوو دەکەیـن، ئەوهـاش لەکـاتی گەڕانەوەی ڕابردوومـان کە پێمـان وایە ئەنجـامی کارەکانمـان تێدا هەڵەیە گریمـانەی دروسـتکردنی ئیستامان کردووە.

لێرەشـەوە بە دەرئەنجـام و زانینـی پرۆسـەی پەرەسەندن رازی نین کە کەموکوڕی و دواکەوتنێکی زۆری تێدایە، بە هەمـان شێوە داهـاتووش لە کەموکوڕی و زانینـی ئـێمەش بێبەش نابێـت چـونکە لەسـەر زانینـی ئیسـتامان گریمـانەی بـۆ دەکەیـن. بـۆیە هـیچ کـات مـرۆڤ ناگـات بە بیـرۆکەی بەرکەمـاڵی و کـامڵبوونێکی تەواو، تەنهـا ئەوەی هەیە زانینە یەک لەدوای یەکەکانە کە پرۆسـەی پەرەسـەندن

خێراتر دەکات.

بـۆ گریمـانەی کـامڵبوونیش پێویسـتە ڕێ لە مردنـی مرۆڤێک بگیرێت و ژیانی زیاتر بێت لە هەمبەر کات بۆ ئەوەی پرۆسەی کۆتایی مێژوو ببینێت و کامڵ بێت بەمەش هەموو شتێک بەپێی پێویست بوونی کات و زەمەنەکەیە دروسـت دەبێـت، وە ئەوەی ڕووش دەدات بـۆ زانینـی دەرئەنجـامی ڕووداوەکە و گەشـەکردنی کـۆمەڵگەکەیە پێویستە ڕووبدات.

بەم شێوەیە ئەم میکانیزمە زەمەنییە بەردەوام دەبێت لە پێگەیانـدنی ئـێمەو دروسـتکردنی داهـاتوو بـۆ گەڕانەوەشمان بۆ سەر باسی گروپە شۆڕشگێڕە ئاینیەکان لە وڵاتـانی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت دەرنـاچین چـونکە تـا ئێستاش ئەم گروپـانە لەم وڵاتە ڕۆژهەڵاتیـانە ئامادەییـان هەیە، وەک وڵاتانی ئێران و سعودیە کە پشت دەبەستن بە پرۆسـەی ڕاگرتنـی زەمەن تـا ئەو دەمەی خۆیـان لە دەسەڵاتن، لە هەمان کاتیشدا هیواخواستن بۆ گەل دروست دەکەن لە چاوەڕوانی ئەو (کات)ـەی کە تێیدا ڕزگار دەبن. ئەم پرۆسەیە لێکدژیەک دروست دەکات کە پێمان دەڵێت

هیچ کات له زەمەنێکی وەستاو بە خاڵی سەرەتای زەمەنی داهاتوو ناگەین.

ئەم ئایدیایە ئاینییە لەپرۆسەی سیاسیدا هیواخواستن و مزگێنیەک دروست دەکات کە بە کات یەکلایی دەبێتەوە ئەم کاتەش لە خودی وادەکەی دا کاتی دیاریکراوی نییە. واتە (کات زیاترە لە ژیان) یان زیاترە لە وادەی مزگێنیەکەی کە بەخۆمان داوە بۆ ڕزگاربوون لەو شتەی کە پێویستە ڕزگار بین لێی، ئەگەر کاتەکەش زیاتر بێت لەژیانی ئێمە، ئەوا ڕزگاربوونی ئێمە هیچ وادەیەکی دیاریی کراوی نییە کە بڕیارە بێت بۆ ڕزگاربوونمان.

بۆیە بۆ هەر بنەمایەکی پەرەسەندنی ژیری و تێگەیشتن و پێگەیشتن پێویستە هیواخواستن و ئومێد (بە کات) لەچاوەڕوانیدا وەلا بنێین، چونکە هیواخواستن دەبێتە چاوەڕوانی کاتژمێرێک کە زیاترە لە ژیان.

هەروەک گۆستاف لۆبۆن فەیلەسووفی فەرەنسی دەڵێت ((ڕۆحی ئایندارى بە سەرجەم بنەماکانیەوە توانایەکی لە ڕادەبەدەری بۆ دروستبوونی هێزێکی نموونەیی و بەرز هەیە کە لەشێوەی بت و پەیکەر و

ئاخـــاوتن و دارِشـــتنەوە و ویّـــنەدا خـــۆی دەبینێـــتەوە، ئەم ڕۆحەش کۆڵەکەی سەرەکی هەموو بیروباوەڕە ئاینیەکان و زۆربەی بیروباوەرە سیاسیەکانە)).

لـــــۆژیکی ئـــــاینی تێرکـــــراوە بە هەســـــت و لایەنە سۆزدارییەکان، تەنانەت سەرچاوەی هێزی ئاشووب و فیتنە گەورەکـــانی زۆرێـــک لە گەلانـــی دونیـــان. لە نـــاواخنی کۆلەکەکانی ئەم لایەنەوە هەڵدەقوڵێ، ئەگەر خەڵکی کەمێک لە ژیانیانـدا لە پێنـاو بەدەسـت هێنـانی لایەنە عەقڵیەکانـدا هەوڵ بدەن ئەوا بەشێوەیەکی گشتی و بەزۆری سەرجەم هەوڵەکانیـان لەپێنـاو پەرستنی خەیـاڵێکی ئـاینییە. زۆربەی هەرە زۆری مێژوونووســـان بە ئاگـــاییەوە لە ڕوخســـار و نـاوەڕۆکی شۆڕشـە ئاینییەکانیـان نەڕوانیـوە، تەنـانەت لەم ڕوانـگەیەوە هەڵەکانیـان بـۆ ڕووداوەکـان بەردەوامـن کە بەشـــێوەیەک لە شـــێوەکان دوورە لە لـــۆژیکی عەقڵـــیەوە، ئەگەریـــش لەو بـــاوەڕە دابـــن کە ســـەرچاوەی هەنـــدێ لە شۆڕشـــەکان عەقـــڵ و ژیـــرییە، ئەوا بە ئاســـانی هەســـتی پێنـاکەین و نـازانین وە ئەو بیروبـاوەڕانەی کە لە جیهانـدا بڵاودەبنەوە و شوێنپێی خۆیان دەگرن چ بیروباوەڕی ئـاینی

یـاخود بیروبـاوەڕی سیاسـیی یەک سـەرچاوەیان هەیە، وە هەموو لەماوەی یەکساڵدا کاری کردووە یاخود تێپەڕیوە. یـان دەتـوانین بڵێـین درێـژە بە لایەنە عەقڵـیەکەی نەدراوە، هەموو ئەوانەی کە تێیدا ڕووی داوە پێچەوانەی عەقڵ بووە، بەڵـێ بە ئاشـکرا ئەوە دەردەکەوێ کە ئاینەکـانی بـوزی و نەصـــرانی (مەســـیحی) و ئیســـلام و ڕیفـــۆرمی ئـــاینی و جـادووگەری و ژاکوبییەکـان و سۆشیالیسـتی و ڕۆحـانی، کـۆمەڵە ئـاین و بیروبـاوەرێکی جیـاوازن. بەڵام دەتـوانم بە دڵنیـاییەوە ئەوە بڵـێم: هەر هەموویـان خـاوەن یەک بنەمـای سـۆزداری و ئـاینین، دوای لـۆژیکێکیش کەوتـوون کە هـیچ پەیوەنـدییەکی بە لـۆژیکی عەقڵـیەوە نیـیە، تەنـانەت ئەو هێزەشـــی کە ســـەرچاوەکەی لە عەقـــڵ و ژیـــرییەوە پێگەیشتووە لە ڕووی پێکهاتە و گۆڕین و گواستنەوەدا زۆر لاواز و بێ توانایە.

لەگەڵ ئەوەشـــدا گۆســـتاڤ لۆبـــۆن دەڵـــێ: (هیـــوا و ئومێـدەکان کە چەنـد خەڵەتێـنەر و فریـودەرن، دەبینـین لەماوەی چەند سـەدەیەکدا چەندان پەیکەر لەپێناو پاڕانەوە بۆ پەیکەرێکی نوێ ڕووخێندران).

هەر بەهۆی کەمی دەسەڵاتداری عەقڵ بەسەر بیروباوەڕە ئاینییەکاندا، دەبینین مەسەلەی مشتومڕ و گفتوگۆ تێدا بۆتە شتێکی بێ مانا و پڕوپوچ. هەروەکو هەندێ خەڵک لە ڕووی بەهای عەقڵیەوە ئەم کارەیان لە بەرامبەر پرەنسیپە شۆڕشگێرییەکان و سیاسیەکاندا کرد، تەنها کاریگەرییەکەشی گرنگە بەلای ئێمەوە کە خوێندەنەوەی بۆ بکەین، ئیدی چ ئەزموونی تیۆری یەکسانی و تیۆری زگماکی و تیۆری نوێکردنەوەی کۆمەڵگە بە یاساکان بە ڕاست یاخود ناڕاست بەسەرمان بشکێتەوە گرنگ نییە.

ب. شۆڕشگێری سەربازی

ئەم نەریتە شۆڕشگێریە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست باوە، بە یەکێک لە مەترسیدارترین شێوازەکانی دەسەڵاتداری دادەنرێت، چونکە لەم شێوازە هیچ کاتێک ڕەچاوی پێشینە و پاشینەی مێژوو ناکرێت بۆ خزمەتکردنی وڵات و ڕازیکردنی دڵی خەڵک، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەبێت خەڵک هەوڵی ڕازیکردنی ئەم گروپە شۆڕشگێرانە بدەن و ببنە مایەی دڵخۆشبوونیان.

ئەم دەسەڵاتە سەرکوتکەر و مەترسیدارە تا ئەو ڕۆژەی لە دەسەڵات بێ بێ بەزەیین بەرامبەر هەر شتێک کە بەرامبەریان دەوەستێتەوە. ئەم گروپە لە هەر وڵاتێک بنەما و ڕێچکە و ڕێرەوێکی تایبەت بە خۆی دروست دەکات کە ڕەوایی بە ڕژێمەکەی بدات.

بۆیە هەر ڕژێمێک لەم شۆڕشگێرە سەربازانە کەسێک دەکات بە ڕەمز و گەورەتری دەکات لە هەرشتێک کە هەیە لە ژیان.

ئەم ڕەمزە کورسی دەسەڵات بە بارمتە دەگرێت نەک تا مردنی بەڵکو تا هاتنی کارەساتێکی سروشتی بەهێز کە نەوەی ئەم ڕژێمە ڕابماڵێت یان بەهۆی نەوەیەکی تێگەیشتوو دەبێت کە ئەمانە بخاتە سەر پەڕەیەکی پیسی نەخوێندراوی مێژوو.

سەرچاوەی ئەم ڕژێمە لە وڵاتی مصر لە بیرۆکەی کۆمیتەی ئەفسەرە ئازادەکان بە کودەتایەک دەست پێ دەکات بەسەر ئەو بنەماڵەی دەسەڵاتی لەباوانی وەردەگرت بەشێویەکی ڕەها فەرمانڕەوایی دەگێرا لە وڵاتدا. بۆیە شکاندنی ئەم نەریتە مەلەکیە بوو بە شۆڕشێکی باو بۆ ئەم

گروپانەی کە بە ئەفسەرە ئازادەکان ناویان دەرکردبوو وە ئەم شۆڕشە گواسترایەوە بۆ زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست، وەکو وڵاتانی لیبیا و یەمەن و سوریا و تا دەگاتە عێراق.

ئەم گروپانە بە هەمان حەزو مەیلی پاشاکان دەسەڵاتیان گێڕا، چونکە هەمان بیرکردنەوە و پەروەردەی نەریتی پاشاکان بەسەر ئەوان و میللەتەکەیان زاڵ بووبوو، بۆیە دەسەڵات دەستاودەستی پێ نەکرا و تا هەندێکیان بەر شەپۆلی پەرەسەندنی گۆڕانی زەمەن کەوتن و بوون بە پەڕەیەکی نەفرەتی مێژوو.

دوای ئەم ئەفسەرە شۆڕشگێرانە قوتابییەکانیان هاتن کە بە شێواز و دروشمی جیاجیا خۆیان گۆڕیبوو بۆ بەردەوامبوون لە گۆرەپانی سیاسی، ئەم قوتابییانەش هەمان حەز و مەیلی ئەفسەرەکانیان هەبوو بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات بەڵام بە شێوازی تر دەردەکەوتن بۆ درێژە دان بە ماوەی دەسەڵاتیان.

ئەم نەریتە شۆڕشگێریە دوای جەنگی جیهانی دووەم زۆرینەی وڵاتانی عەرەبی دەگرێتەوە، عێراقیش یەکێک

دەبێت لەم وڵاتانەی کە زۆرینەی کودەتای سەربازی بە ناوی شۆڕش تۆمار کردووە. عێراق دوای جەنگی جیهانی یەکەم لەسەر پاشماوەی مومتەلەکاتی ئیمپراتۆری عوسمانی دروست دەبێت دوای شکستی ئەم ئیمپراتۆریەتە لە جەنگی جیهانی یەکەم و هەڵگیرسانی شۆڕش لە حیجازی عەرەبی چەند وڵاتێکی نەتەوەیی لەسەر پاشماوەی بەجێماوی ئەم زلهێزەی جاران دروست دەبێت، ئەم پاشماوانەش بەهۆی درککردن و دروستبوونی هەستێکی نەتەوەییەوە گۆڕان، بۆیە شێوازو ڕێگەی جیاوازیان بەرامبەر ئایدیاو کۆنە خەلافەتەکەیان گرتە بەر.

ئەوانەی دوێنێ بەهۆی کۆمەڵەی خوێن و خزمایەتیی (پێغەمبەر) لە ژێر خەلافەتی عوسمانیدا دەسەڵاتدار بوون وە پابەندی ڕێنماییەکان و ئەرکەکانی ئیسلام بوون لەسەر نەتەوەکەیان ئەمانە دوای جەنگ ڕێگەی جیاوازیان گرتەبەر بۆ مەرامی تایبەتی خۆیان هەوڵیان دا لەڕێی سیاسەتەوە بیسەلمێنن کە مافی نەتەوەیی بوونیان لە سەرووی ئەرکە ئاینییەکەیانەوەیە، وە ئەمەشیان جێبەجێ کرد لە ڕێی گۆرینی هەستەکانەوە لەمەیلی ئاینی خەلافەتەوە بۆ

هەستێکی نەتەوەیی قوڵ. ئەم شۆڕشە نەتەوەییە عەرەبییە بە سەرکردایەتیی (حسین بن علی) شەریفی مەککە دەبێت، کە ئەمە لەسەر پشکی خەلافەت و کۆنە ڕێبازی پشتی خێزانەکەیان بووە، ئەم دەسەڵاتەشیان لە پێشینانی بەنی هاشم و پێغەمبەرەوە بۆ بە میرات مابووەوە، بۆیە دەست تێکەڵکردنی حسین بن علی و کوڕەکانی لەگەل شانشینی بەریتانی بە دژی هاوئاین و خەلیفەکەیان لە ڕووی بنەما و باوەرەوە خیانەت دەبێت؟

لە ڕووی سیاسییەوە، نەخێر، بەڵکو ڕەوایی دان دەبێت بۆ گەیشتن بەو کیانەی کە مافی نەتەوەیەکە. خێزانی هاشمیەکان توانیان لە ڕێی پەیمان و بەڵێنەکانی شانشینی بەریتانیا چەند وڵاتێک وەرگرن و خۆشیان وەک ئامرازێک تەنها بە بڕیاری ئەوان کاربکەن، بەمەش عێراق لەناواخنی ئەم ڕێککەوتنە بوو کە درا بە مەلیک فەیصەلی یەکەم و بنەماڵەی هاشمیەکان.

لەگەل ئەوەشدا نەتەوە جیاجیاکانی جگە لە عەرەب وەک (کوردەکان) کەوتنە ژێر بار و ملکەچبوونی ئەم ڕێککەوتنامەیە، چونکە کوردەکان لەو کاتی نە سەرکردەیان

هەبــوو نە توانــا و تێگەیشــتنێکی سیاســیان هەبــوو کە ڕەواییان پێ بدات بۆ دروستکردنی کیانێکی نەتەوەیی، بۆیە پابەنـدی بڕیارەکـانی ناوەنـدی سیاسـیی ئەوکـات بـوون کە عێراقێکی بەریتانی بوو.

ســەرکردایەتی کـوردی ئەوکـات بە جیـا لە بیـرۆکە و تێگەیشتنە سیاسییەکانی ئەم قۆنـاغەی دەڕوانـی، پێـی وابـوو مـانەوەی خەلافەتـی واتـایی عوسـمانی ئەرکێکـی ڕۆحـیە بـۆ ئیســلام ئەگەر لە پێناویشــی بمــرین، کەچــی نە بنەمــاڵەی هاشــمیەکان وە نە تورکەکــان کە خــاوەنی ئەم خەلافەتە بــوون ئەم شــێوازە حوکمڕانیەیــان نەدەویســت بەڵکــو پێـداگریان دەکـرد بە گـۆڕینی بـۆ شـێوە دەسـەڵاتێکی نـوێی نەتەوەیـی کە بــۆ ئەسـڵی (ڕەچەلەکیــان) بگەڕێــتەوە، نەک تــێکەڵەیەک لەنەتەوەکــان بە نــاوی ئیســلام لەخاکێــک دەسەڵاتداربن. لەم کـاتەدا کوردەکـان فرسـەتێکی مێژووییـان لەدەست دا کە دووبارە نابێتەوە مەگەر بە جەنگێکی جیهانی تر و سەرلەنوێ دابەشبوون و گۆڕینی سنووری جوگرافی زەوی دووبارە بێتەوە.

لەپـاش ئەمە کوردەکـان بە پرۆسـەی ململانێدا تێپەڕین

لەپێناو تێگەیشتن و پەرەسەندنی ژیری، ئەم ململانێیە پێچەوانەی پرۆسەی سیاسی بوو، چونکە سیاسەت بابەتی توێژینەوەی عەقڵییە نەک کوشتن و بڕین.

بەڵام ململانێکان لەبری عەقڵ بە ئاراستەی پەرەسەندنی ژیری بوو بۆ قوناغەکان چونکە بەهۆی خوێنەوە ڕەوتی پەرەسەندن خێراتر دەبوو وە ئەنجامی کارەکان بۆ ڕوونبوونەوەی ڕاستیی ڕووداوەکان بوو لەبەر ئەمە ڕوودانی کارەکان کە هەستیان پێ دەکردو هەڵیان دەسەنگاند دەبوو بە پێشینەیەک بۆ شوێنپێی ئەوانەی کە بەهۆی ئەنجامی ڕووداوەکان ڕاستیی کارەکانیان دەدۆزیەوە. ئەم ململانێیە بەردەوامی هەبوو لەناو شۆڕشە کوردیەکان بەهۆی ئایدیا جیاوازەکان و بیرۆکەی تایبەت بە گروپەکان قوڵتر بۆوە، تا ئەو ڕادەی گورزێکی تەواوی وەشاند لەپرۆسەی سیاسی سەردەم و یەکڕیزی ئەم نەتەوەیە.

ئەم چەمک و بیرۆکە نوێیانەی بەکار دەهاتن بۆ ئەم گروپانە تەنها مەبەست لێی ڕووپۆشکردن و جیاکردنەوەی خۆیان بوو لە گروپەکانی تر، نەک وەک ئامانج و

جێبەجێکـردن لێـی بـڕوانن چـونکە ئەم چەمـک و بیرۆکـانە سـەرەتای نەشـونمایان بـوو لە ژیـنگە تـایبەتەکەی خۆیـان (وڵاتـانی خۆرئـاوا). وە لەشـوێن و سـەرچاوەی بوونیـان نەگەیشـتبوونە بەرکەمـاڵی و تێگەیشـتنێکی تەواو، وە لەژێـر دیراسـەیەکی سـەرەتایی دابـوون تـازە ئەبـوون بەبـابەت و تـویژینەوەی زانسـتی سیاسـی، بـۆیە بەکارهێنـانی ئەم چەمکـانە لە گـروپە شۆڕشـگێرە کوردەکـان هـیچ دەرئەنجـامێکی بـابەتی کردەیـی لـێ نەکەوتەوە تەنهـا خوێنڕشتن نەبێت.

لەسـەرەتاوە تـا ناوەڕاسـتەکانی سـەدەی بیسـتەم لە وڵاتانی خۆرئاوا ئەوسا نەگەیشتبوونە ئەم ئاستە ژیریەی کە پرۆسەی دیموکراتی ببێتە بناغەی دروستبوونی کۆمەڵگە و بنیاتنانی دەوڵەت جا چۆن ئەوسا لەڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و شۆڕشە کوردیەکان وەک چەمک و بیرۆکە ببێتە بنیاتی کۆمەڵگە و دروستبوونی دەوڵەت لەم سەردەمەدا دروشمی تەواوی وڵاتـان لە هەسـتی نەتەوەیـی و دەمـارگیریە ڕەگەزیەکـانەوە سـەرچاوەی دەگـرت، ئەم دەمـارگیریە نەتەوەیـیە سـەرەتای گەشـەی پرۆسـەی سیاسـی و

پەرەسەندنی بابەتەکان بوو بۆ زانستی سیاسی، کە دواتر لەکۆتـــایی پرۆســـەی کامڵبوونـــدا بـــوو بە سیســـتەمی (دیموکراسی).

بە هەمـــان شـــێوە ئایـــدیا جیاوازەکـــانی تـــر وەک شیوعیەکان و سۆسیال و سۆسیال دیموکراتەکان ، لەژینگە تایبەتییەکەی خۆیـان لە پرۆسـەی گەشـەکردن دابـوون، نەک وەک ژینگە سیاسییە کوردیەکان بە پێچەوانەی ئاراستەی پێویســتیە نەتەوەییەکــان بــاس لە یەک (چینــی) و ڕزگــاری هەرەوەزی و سیســتەمی دیموکراســی بــکەن. کوردەکــان خۆیان ڕزگار نەبوون و لەژێر هەژموونی نەتەوەیەکی تردا بوون ئەوسا چۆن دیموکراسی بن و وە چۆن چینەکانی ناو کۆمەڵگەش ڕزگار بکەن.

ئەم ئایـدیا و دروشــمە جیــاوازانە پــاش و پێشــی لە هەنگاوەکـانی پرۆسـەی سیاسـی دروسـتکرد بـووە هۆکـاری پەرتەوازەیـی و ونبـوونی مەبەسـتە ڕاسـتەقینەکەی شـۆڕش کە ڕزگاری نیشتمانی و یەکڕیزی نەتەوەیی بوو. بابەتەکانی زانستی سیاسیی لەم کۆمەڵگەیە گەشەیان نەکرد تەنها وەک چەمـک و دروشــم مــانەوە، شــوێنگرەوەی ئەم بابەتــانەش

عورف و عادەت و پێشینەیەکی کۆنی ئەم نەتەوەیە بوو کە لەشێوەی قبیلە ڕێکخرابوو.

بـۆیە ئەو عورفـانە بـوون بە دەمڕاسـت و داڕێـژەری سیاســەتی ئەم وڵاتە بەمەش سیاســەت بەبــێ بــابەتە ڕاستەقینەکەی خۆی تویژینەوەی دەکرد کە (سیستەم) بوو، لەبەر ئەمەشــە سیاســەت بە کەموکــوڕی مــاوەتەوە تــا ئێستاش ناتوانێت بەپێی پێویست کاربکات لەم ژینگەیە.

ئەگەر باســێکیش لە بەرهەمــی شۆڕشــە کوردییەکــان بکەین، ئەوا تێچووەکەی زیاتر بووە لە بەرهەمەکەی. چونکە دەمــانتوانی بە نیــوەی تێچــووی ئەم شۆڕشــە بەرهەمێکــی زیــاتر بە دەســت بخەیــن وە ئەوەش لەڕێــی پەروەردە و پەرەپێـدانی تـاکی ئەم کـۆمەڵگەیە لە ڕووی چۆنیەتیـدا، نەک ململانێــی و هێــز لە پێنــاو دروشــم دا کە هۆکــارن بــۆ پەکخســتنی بنەمـا لۆژیکیەکـانی زانسـتی سیاسـی و بە دەم خستنی ئەم پرۆسە زەمەنیە.

تێچووی ئەم شۆڕشە جگە لە زەرەر و زیانێکی گەورە لە هەمــوو بوارەکــان وە مــۆرکێکی گەورەی گرتــووە لە مێژوودا کردوویەتی بە نەریتێک بۆ پاوانخوازی گروپەکان

و بەربەستێک لەپێش پرۆسەی پەرەسەندندا، چونکە گرووپەکان ئەم نەریتە شۆڕشگێڕیە بۆ ڕووپۆشکردنی خۆیان و ڕەوایی دان بە ناڕەوایی فەرمانەکانیان بەکار دەهێنن بۆ هەموو سەردەمێک.

هەموو ئەم شانازیانەش هۆکارن بۆ ململانێ ناوەکیەکان و پچرانی سنووری جوگرافی و تێکچوونی ژینگە کۆمەڵایەتییەکان کە هەمووی تێچووی ئەم بەرهەمەیە کە ئێمە ئێستا دەیبینین، کەچی لەڕاستییدا هەموو ئەو دەستکەوتانەش بەرهەمی شەڕی کەنداوی دووەم و سێیەمن کە هۆکاری بوونی بەرهەمەکەن و نەک بەرهەمی هەموو ئەم تێچووەن کە ئێمە ناوی دەنێین شۆڕش، بەمەش لۆژیک دەیسەلمێنێ کەمی بەرهەم و زۆری تێچووەکەی نەبوونی باشترە لە بوونی.

ئەگەر باسێکیش لەکوردەکانی ئێران بکەین بە هەمان شێوە پاش و پێش لە پرۆسەی پێویستی بابەتی بوونەکەی دەبینین، چونکە وڵاتی (ئێران) بە ئایدۆلۆژیایەکی مەزهەبی کار دەکات نەک بەبنەمایەکی نەتەوەیی قووڵ، بەمەش هەر دژایەتیەک و شۆڕشێک بە هەستێکی نەتەوەیی توند بۆ دژ

و بەرامبەرەکەی کە هەمان هەستی کارپێکراوی ئەوی نییە لە سیاسەت ئەوا بەرامبەر و سەرکەوتوو نابێت، دەبێت بە هەمان پێویستی سیاسەتی بەرامبەرەکەت شەر بکەی کە (مەزهەب)یە وە بەکاری بێنی بۆ خۆخزاندنە نێو دەسەڵات، چونکە بە گۆڕانی شێوازی فەرمانڕەوایش لەم وڵاتە کاریگەریی ئەم مەزهەبیە (شیعیە) بۆ تا هەتایێ هەر دەمێنێ لەسەر سیاسەت. بەمەش هەر هەوڵێک و شۆڕشێکی کوردەکان کاریگەریی لەسەر هەست و سۆزی نەتەوە جیاوازەکانی ئەم وڵاتە دروست ناکات چونکە کوردەکان تەنها داوای مافی خۆیان دەکەن نەک نەتەوەکانی تر.

جگە لەمە، ئەگەر فارسەکانیش تەنها کار لەسەر نەتەوەییبوونی خۆیان بکەن سەرکەوتوو نابن چونکە دروشمی تەنها (فارسەکان) کاریگەریی لەسەر هەستی دژایەتی نەتەوە جیاوازەکانی تریش دروست دەکات وە هەستیان دەجولێنێت بۆ ئەم دەمارگیریە نەتەوەییە وەک (تورکەکان). بۆیە سیاسەتی شیعەگەری و خستنەسەری کڵاوی درۆیینەی (کوردەکان) ڕێگە خۆشکەرە بۆ گەیشتن بە مافەکانیان.

لەگەل هەمـــــوو ئەمانەشـــــدا گـــــروپ و دەســــــتە شۆڕشگێریەکان بە زەروریەت دەزانین سەرەڕای نەبوونی هیچ فەلسەفە و بنەمایەکی زانستی تێیاندا بەڵام بۆ بڕینی قوناغەکان ئەوا پێویستە تێبگەین و بزانین و هەست بکەین بۆ ئەمانەش پێویستمان بە ڕووداني ڕووداو و دیاردەکان هەیە. کەواتە ئەم گروپانەش هۆکار و بابەتی بوونەکەیان هەیە و ناکرێت دژایەتی بکرێن مادام هەن حەقیقەتن و ئاماژەن بۆ ڕوونبوونەوەی ڕاستیی ڕووداوەکانی مێژوو.

**دووەم: (چین) و توێژە شۆڕشگێریەکان**

(چـین)ــەکان دروســتکەری پێکهــاتەی کـۆمەڵگەن وە بەشـێک لە ئەرشـیفی شۆڕشـەکانی جیهـان پێـک دەهێـنن لە مێژوو.

واتە ئەم پێکهـاتەیە زۆر زیـاتر و جیـاوازترە لە گـروپە شۆڕشگێڕیەکانی بەشی ڕابردوو کە باسمان کرد، زۆر جار دەبن بە چارەگێک یان نیوەی زیاتری ئەم کۆمەڵگەیەی کە شۆڕشی تێدا بەرپا دەکەن. وە ئاستی چەندێتی و چۆنیەتی چینـی شۆڕشـگێر بەپێـی جیـاوازیی بـارە کـۆمەڵایەتییەکە لە وڵاتێـک بـۆ وڵاتێکـی تـر دەگۆڕێـت وە بـاری ئـابووری و پەروەردەیـــی هەر وڵاتێـــک دەرئەنجـــامی جیـــاواز دەدات لەدوای هەڵگیرســـانی شـــۆڕش، واتە بـــوونی شۆڕشـــێک لەوڵاتێکی ئەفریقی کە چینـی سـێیەم سەرپەرشـتیی دەکـات زۆر جیـاوازە لەگەڵ شۆڕشـێکی چینـی سـێیەمی وڵاتێکـی ئەوروپـی، چـونکە وڵاتێکی هەژاری ئەفریقـی ڕەنـگە چینـی ســـێیەمی دوو لەســـەر ســـێی ژمـــارەی دانیشـــتوانی ئەم کۆمەڵگەیە پێـک بهێنێـت بە بەراورد بە وڵاتێکـی ئەورووپـی

که چینی سێیەمی یەک لەسەر سێ یان کەمتر ژمارەی دانیشتوانی بێت. وە ئەنجامی شۆڕشەکە دوای سەرکەوتن لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا جیاواز دەبێت بەپێی ئاستی زانین و تێگەیشتنی تاکەکانی ئەم دوو کۆمەڵگەیە.

ڕەنگە وڵاتە ئەفریقیەکە ئاستی خوێندەواری یەک لەسەر سێی ژمارەی دانیشتوانی پێک بێنێ بە بەراورد بە وڵاتە ئەورووپیەکە کە ئاستی خوێندەواری دوو لەسەر سێی یان زیاتر ڕێژەی پەروەردەیی بێت. بۆیە دەرئەنجامەکانی دوای شۆڕش لەهەردوو وڵاتدا جیاواز دەبن. کەچی لە ژمارەی چین و ئامانجەکانی شۆڕش هەردوو وڵات وەک یەکن. وە بە پێچەوانەوە ئەگەر ڕێژەی چەندێتی پەروەردەیی وڵاتە ئەفریقیەکە زیاتر بکەی بۆ دوو لەسەر سێ وە چۆنیەتی باری ئابووری تاکەکانی کۆمەڵگە بۆ ئاستی باش بگۆری ڕەنگە دەرئەنجامی دوای شۆڕشەکە بەرامبەر بێت بە ئەنجامی شۆڕشی وڵاتە ئەورووپیەکە، وە ئەگەر ئاستی ئابووری تاکەکانی کۆمەڵگە بۆ زۆرباش بگۆری ڕەنگە شۆڕشەکە لە وڵاتە ئەفریقیەکە هەر ڕوو نەدات و پێویستیش نەبێت یان بە شێوەیەک ڕووبدات کە

ئامرازی گۆرانکاری لە هێزەوە بگۆڕێت بۆ عەقل.

لێـرەوە بە دەرئەنجـامی هۆکـاری ڕوودانــی ئەم چـین وتـوێژە شۆڕشـگێریە دەگەیـن کە بەپێـی ئاراسـتەکاریەکان پێچەوانە دەبێت لەگەل ئابووری و پەروەردەدا، واتە ئەگەر ئــابووری و شــۆڕش بکەیــنە پێــوەر لە وڵاتێکــدا ئەوا ئاراسـتەیان پـێچەوانە دەبێـت نەک ڕاسـتەوانە، بەمەش تـا چەنـد ئاسـتی ئـابووری لەم وڵاتە بەرزبکەیـنەوە ئەوەنـدە ئەگەری ڕوودانــی شــۆڕش کەم دەبێــتەوە تــا ئاســتی لەناوچوون، وە بە پێچەوانەشەوە تا چەند ئاستی ئابووری نـزم بکەیـنەوە ئەوەنـدە دەنگـی نـارەزایی بەرز دەبێـتەوە تـا ئاستی شۆڕش، وە پەروەردە و ئاسـتی زانـین و هۆشـیاریی کـۆمەڵگە لەکـاتی شۆڕشــەکە و ئەنجـامی دوای ڕوودانــی شۆڕشەکە دەوری خۆی دەبینێ وە بەپێی ئاراسـتەکاریەکان پەروەردەش ڕاســتەوانە دەبێـت لەگەڵ چـۆنیەتی ئامــانجی شۆڕشـەکە، واتە چەنـد ئاسـتی پەروەردەو تێگەیشـتنی چینە شۆڕشــگێرەکەو کـۆمەڵگە بەرزکەیــنەوە ئەوەنــدە ئاســتی پێکـــانی ئامـــانجی شۆڕشـــەکە باشـــتر ئەبێـــت وە بەپێچەوانەشـەوە تاچەنـد ئاسـتی پەروەردەیـی و هۆشـیاری

ئەم کۆمەڵگەیە نزم کەیەوە ئەوەندەش لەئەنجامە باشەکانی شۆڕش نزم دەبێتەوە تا ئاستێک نەبوونی باشتر دەبێت لە بوونی.

واتە (ئـابووری ئـاگری شۆڕشـە و وە هۆشـیاری کوژێنەرەوەکەیەتی)، لێرەوە تێدەگەین کە ئابووری بەشێکی بنەڕەتـی و گـرنگە بـۆ بنیـاتی کـۆمەڵگە و فەلسـەفە سیاسـییەکان ڕووەو دروسـتکەرو تێکـدەری کـۆی شۆڕشـەکانە لەجیهـان. بەڵام لەگەل ئەوەشـدا دەمانەوێـت تێبگەین بۆچی (کۆمۆنیزم) شیوعیەکان نوێنەرایەتیی کۆی (چیـنە) شۆڕشـگێرەکان دەکەن لەهەر گۆشـەیەکی سـەر زەوی؟

لەبەر ئەوەی ئابووری پێکهێنەری بابەتی تـوێژینەوەی تیۆری (سۆسیال زانستی) کارل مارکسە، بەمەش مـارکس خـودی خـۆی دەبێـتە بـابەتی تـوێژینەوەی چینەکـان لەکـۆمەڵگەدا. بـۆیە بە بـڕوای کـارل مـارکس سۆسـیالیزم پێویستی بە شیکردنەوەی زانستیانەی بارودۆخی ئابووری و تەکنیکی کۆمەڵگە هەیە، کە ڕاستییەکانی کۆمەڵگە ڕوون ببێتەوە.

هەروەها باس لە ناسینی ئەم یاسایانەش دەکات کە بەسەر کۆمەڵگەدا زاڵن بۆ ئەوەی بتوانین بەسەر کێشەکانی سەرمایەداری زاڵبین. مارکس دەربڕی زانستیانەی بەرژەوەندییە بنەڕەتیەکانی چینی کریکارانە، بۆیە فەلسەفەی مارکسیزم دەبێتە نوێنەر و بنەمای چین و توێژە نزمەکانی کۆمەڵگە کە چینی سێیەمن و وە ئاگری هەڵگیرسانی شۆڕشی (پرۆلیتاریا)ن لەجیهان .

وە سۆسیالیزم دەبێتە فۆرمێکی نوێ لە سیاسەتدا وە چەمکەکانی (ئازادی و یەکسانی و برایەتی و دادپەروەری..) بەهۆی گۆڕانیان لە ڕەوتی پەرەسەندنی مێژوو یەک دەگرن هەموو پێکەوە (سۆسیال دیموکرات) پێک دەهێنن.

بناغەی ئابووری ئەم جۆرە سیستەمەش لەسەر خاوەنداریێتی گشتی وەستاوە. واتە ئەم فۆرمە نوێیە کۆکراوەی گشت چەمکەکانە کە لە ڕابردوو بە دروشمی جیا بەکار دەهاتن، وە بۆ هەر وڵاتێکیش جێبەجێکردنی ئەم تێزە ئەنجامی جیای دەبێت بەهۆی جیاوازیان لەئاستی هۆشیاری و مەعریفیدا، چونکە ئەم بابەتە فیکریە پابەندی میتۆدی ماتریالیزمی دیالیکتیکە. بەمەش چین و توێژە جیا

جیاکانی کۆمەڵگە هەریەکەیان دەبن بە خاوەن فەلسەفەیەکی تایبەت بەخۆیان.

وە (لیبرالیــزم)یــش دەبێــتە تیــۆری تــایبەتی چیــنە گەشەسەندووەکە یان چینە چەوسێنەرەکەی کۆمەڵگە، ئەم تیـۆرەش بە واتەی بەرەنگـاریکردن دێت لەگەڵ هەر جـۆرە دەســـت بەســـەرداگرتنێکی ئـــابووری کـــۆمەڵگە لەلایەن دەوڵەتەوە بەمەش چینەکان بە ئاراستەی فەلسەفەی تـایبەت بەخـۆیـان ڕێچکەی ملمـلانـێ دەگـرن تـا ئاسـتی سـەرکەوتنی خاوەنـداریێتی گشـتی یـان خاوەنـداریێتی تـایبەت. وە چینـی ناوەڕاستییش بەپێی بەرژەوەندییەکان دابەش دەبێت بەسـەر هەردوو چینـی سـەر و خـواروو، بەمەش هەر کاتێـک چینـی ناوەڕاســت ون دەبێــت لە کــۆمەڵگەدا تەنهــا دوو چـــین دەمێنێـــتەوە ئەوا ئەگەری ڕوودانـــی شـــۆڕش لە ئـــان و ساتدایە.

**شۆڕشی ڕووسیا**

شۆڕشـێکی دیـاری مێـژووە، گەورەتـرین گۆرانکـاری سـەدەی بیسـتەمە و یەکەم سـەرکەوتنی شۆڕشـی شیوعیەکانە.

گرنگـی سـەرکەوتنی ئەم شۆڕشـە لە مێـژوودا دەرکەوتنـی دوکترینێکـی نـوێ و تـایبەتە لەسـەدەی بیسـتەم ئەویـش شۆڕشـی چینەکـانە. ئەم شۆڕشـە بەپێـی تێزەکـانی کـارل مـارکس و لینین هەنگاوی دەنا. لایەنێکی گرنگی ئەم شۆڕشـە ئەمەیە گریمـانەیەکی فەلسـەفی دەکـاتە بـابەتی تـوێژینەوە و ئامـانجی شـۆڕش وە(سۆسـیال پرۆلیتاریـا) لە تێزێکـی فەلسـەفی دەبێـتە بـابەتی تـوێژینەوەیەکی کردەیـی لەزانستی سیاسیدا.

تایبەتمەندیی ئەم شۆڕشە گۆڕینی خولگە بـازنەکەیەتی لەمێـژوودا، وە گـۆرینی خـولگەکەش بە چەنـد هەنگاوێـک دەبێـت، ئەمەش لێکچونێـک لەچەنـد ڕوویەکەوە لەگەڵ شۆڕشـی فەرەنسـی دروسـت دەکـات وە تایبەتمەنـدی شۆڕشـی پـێ دەدات لە مێـژوو هەنگـاوی سـەرەتایی ئەم شۆڕشـە شکانی شکۆی (قەیسـەر)و کەنـارگیر کردنیەتـی لە

ســـــووچێکدا بەشـــێوەیەکی مەرجـــدار وە دامەزرانـــدنی دەسەڵاتێکی کاتی لە فۆرمێکی بورژوازی شۆڕشگێریدا، ئەم هەنگاوە سەرەتاییە لەژێر سێبەری سەرکردایەتی هیچ کەس و لایەنێک نەبوو، بەڵکو شۆڕشی برسێتی و دروشمی (نان) بوو کە ئاماژەن بۆ فراوانبوونی چینی سێیەمی کۆمەڵگە و تێکچـــوون و دابەزینـــی بـــاری ئـــابووری وڵات بەهـــۆی جەنگەوە.

ئەم هەنگاوەی یەکەم تاڕادەیەک لە شۆڕشی بە کۆمەڵ دەچێـــت تـــا ئەوەی نـــوێنەری چینێـــک بێـــت، کە ئەمەش لێکچوونێک لە مێژووی شۆڕشی فەرەنسی دروست دەکات کە بەهەمـان شـێوە بەهـۆی برسـێتی و فراوانبـوونی چینـی سێیەم پاشـا کەنـارگیر دەکرێت و دەست بەسـەر دەکرێت. هەنگـــاوی دووەم لەم پرۆســـە خـــولگەییەدا ســـەرکەوتنی شۆڕشـــی ئۆکتـــۆبەری (بەلشـــەفیەکان)ـــە لە ڕووســـیا کە نـــوێنەرایەتی چینـــی کرێکارانیـــان دەکـــرد. ئەمەش یەکەم ســـەرکەوتن و گرتنەدەســـتی دەســـەڵاتی کرێکـــاران بـــوو لەجیهـان کە بە دیکتـاتۆری پرۆلیتاریـا ناویـان دەبـرد، دوای گرتنەدەسـتی دەسـەڵات لەلایەن بەلشـەفیەکانەوە بنەمـاڵەی

(قەیسـەر) قڕ دەکرێن و دەست بە هەنـاردەکردنی ئایـدیا و پرەنسیپەکانی شۆڕش دەکەن بۆ کۆی وڵاتانی جیهان.

بە هەمان شێوە لە فەرەنساش دوای هەنگاوی کردەیی پاشـای مەشـروتە، یـانەی ژاکوبیەکـان دەبـنە تەواوکەری دووەمی شۆڕشی فەرەنسی و بنەماڵەی پاشا قڕ دەکەن و دەسـت دەکەن بە بڵاوکـردنەوەی بیروبـاوەڕی شـۆڕش و کۆمـارە نوێیەکەیـان. بەڵام تایبەتمەنـدییەکەی شۆڕشـی فەرەنسی دەبێتە شۆڕشی بە کۆمەڵ تەنها نوێنەرایەتی یەک چـین ناکـات بەڵکـو کـۆی چـین و توێژەکـانی وڵات لە خـۆ دەگرێت جگە لە بنەمـاڵەی پاشـا و دەسـت پێوەنـدەکانی و پیـاوانی ئـاینی نەبێـت، ئەم کۆمەڵخـوازیە زۆرەش بە دژی چینی یەکەم بە هـۆی فراوانبـونی چینـی سـێیەمی کـۆمەڵگە بـووە کە تێکـڕای کـۆمەڵگەی لە خـۆ گرتـووە، جـگە لە دانیشـــتوانی کۆشـــک و کلێســـاکان نەبێـــت لەگەل هاموشۆکەرانی.

بەلشەفیەکانی ڕووسیا دوای ململانێی ناوەخۆیی، چین و توێژەکـانی تـر دەتـوانن کـۆی جومگەکـانی وڵات بگـرنە دەسـت وە ئەنجـوومەنی سـوڤیەت دابمەزرێـت کە پـازدە

کۆمـاری تـری کرێکـارانی لەخـۆ دەگـرت وە توانیـان ببـنە پاڵپشتی سەرکەوتنی شۆڕشی پرۆلیتاریا لە چەندین بەش و نـاوچەی جیهـان، لەوانەش سـەرکەوتنی دووەمـی شۆڕشـی سۆسیالیسـتی (چـین)ـە وە یەکێک لە سـەرکەوتنەکانی تـری شـیوعیەکانە کە بە سـەرکەوتنی چینـی چـوارەم دادەنرێـت لەوڵاتـی چـین بە سـەرکردایەتی (ماوتسـی تونـگ) ئەمەش بەهـــۆی جیـــاوازی پێکهـــاتەی کـــۆمەڵایەتی ئەم وڵاتە و تایبەتمەنـــدییەکەی کە دابەشـــکرابوو بەســـەر چـــوارچین: جوتیـــاران و کرێکـــارانی پیشەســـازی (پرۆلیتاریـــا) و بۆرجوازی بچوک و بۆرجوازی نیشتمانی).

ئەوەی شۆڕشـــەکەی ماوتســـی تـــۆنگی لە چینـــدا لە شۆڕشەکانی دیکەی شیوعیەکان جیادەکاتەوە ئەوەیە پشـتی بە لەخـــۆگرتنی جوتیـاران بەســـتووە لە بـــڕی پرۆلیتاریـــا، هەمـوو مارکسـیەکان باوەڕیـان وایە کە جوتیـاران هێزێکـی گەورە و گرنگـی شۆڕشـگێرن بەڵام بەر لە ماوتسـی تۆنـگ هـیچ کامێکیـان درکـی بەوە نەکردبـوو کە جوتیـاران ببـنە پێشـەنگی شۆڕشی شیوعیەت.

لە ڕاستییدا بیرۆکەکەی ماو وەهای لەچین کرد ببێتەوە بە چینێکـی مێـژوو درێـژی پـڕ لە شارسـتانی و کەسـایەتی

ناوازە، کە تواناداره بۆ دراشتنەوەی ڕێگەی گونجاو لەگەل دۆخیدا بۆ خۆ دەربازکردنی لە هەر بارێکی نەخوازراو. هەروەها بەشداریێتی ئەم جۆره کەسانەش کارێکی ناوازەیە لە کەلتووری چیندا کە کەسێتیەکەی گونجاوه بۆ بنیاتنانی دەوڵەتی هاوچەرخ. هەروەها کەلکیش لە ئەزموونی وڵاتانی تر و ناوخۆییش بینیوه تا ڕادەیەکی دیاریکراو بۆ گۆڕینی ئەم دۆخە، هەر ئەمەش بووه هۆی دامەزراندنی کۆماری گەلی چین و دیارکەوتنی سەرەتای چەرخێکی نوێ لەسەرجەم بواره ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕامیاریەکاندا. ئەم شۆڕشەی چینی جوتیارانی وڵاتی چین ئیستاش بەردەوامی هەیە بەڵام شۆڕشی پرۆلیتاریای ڕووسیای سۆڤیەت تەنها بۆ ماوەی حەوت دەیە توانی ببێتە جەمسەرێکی بەهێزی جیهان، تا لە کۆتایی شۆڕشی بینایەکردنی میخائیل گۆرباتشۆف کۆتا سەرۆکی یەکێتیی سۆڤیەت بیرۆکەی خوداوەندی کرێکاران و هەژاران بە یەکجارەکی لە ڕووسیا کوژایەوە، بەمەش جەمسەری سەرمایەداری و نیولیبرالیزمی چینی یەکەم تا ئێستا لافی سەرکەوتن و کۆتایی قۆناغی مێژوو لێدەدات لە جیهان.

**سێیەم: شۆڕشی بەکۆمەڵ**

شۆڕشی بە کۆمەڵ یەکێک لە تایبەتمەندترین جۆری شۆڕشەکانی جیهانە کە لافی سەرکەوتن و شانازی بۆ کۆی تاکەکانی کۆمەڵگە ئەرشیف دەکات، وە مۆرکی ناسینەوەی ئەم گەلە بە مێژوو دەدات، واتە کۆی تاکەکانی کۆمەڵگە بە کۆمەڵ لەیەک ئاستی تێگەیشتن دان بۆ مەبەست و ئامانجێک هەوڵ دەدەن بە دەستی بێنن. بەمەش سەرکەوتن بێ جیاوازی لە نێوانیان دابەش دەکرێت وە کۆمەڵگە دەبێت بە پاڵەوانی مێژووی ئەم وڵاتە.

کاریگەریی و جیاوازی ئەم شۆڕشە تەنها لە بەشداری کۆی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە نییە بە تەنیا، بەڵکو جیاوازی شۆڕشی بە کۆمەڵ لە تابیەتمەندبوونی بە شۆڕشی ڕاستەقینە لە (بەردەوامی دان و نوێبوونەوە بوونە) واتە مەبەست لەم شۆڕشە تەنها لە ڕوودانی یەک ڕووداو نییە بۆ پێکانی ئامانجەکەی بەڵکو لە ڕوودانی چەند ڕووداوێکە کە بەردەوامی هەبێت بۆ پێکان و هێنانەدی ئامانجەکەی.

واتە شۆڕشی ڕاستەقینە تەنها هەوڵ بە گرتنە دەستی

دەسەڵات بە کۆتا ئامانج نازانێت، بەڵکو پرۆسەیەکی ئاکارییە کە عەقل و مەعریفە بەپێی پێویست بوونی قۆناغەکانی مێژوو ئامرازەکان دەگۆڕێت، ئەم گۆڕانە بەردەوامی دەبێت تا دەگات بە کۆتایی قۆناغی پرۆسەی کاملبوون.

لە شۆڕشی بە کۆمەڵ پێویستە فاکتەری بنەمای نوێبوونەوە و بەردەوامبوون ببینرێت کە بە سێ خاڵ لە بەشەکانی ڕابردوو ئاماژەمان پێ دا، کە ئەمانەن:

(پێویستە هیچ کەس نەتوانێ خۆی بە خاوەنی هەمیشەیی ئەم دەسەڵاتە بزانێت، پێویستە ئەم قالبەی دەسەڵات بەپێی پێویستیەکانی سەردەم توانای هەڵکشان و داکشانی هەبێت. دەبێت کۆمەڵگە دەسەڵاتی لەسەر بنیات بنرێت نەک دەسەڵات کۆمەڵگە بنیات بنێت). ئەم بنەمایە بۆ لە گروپە شۆڕشگێڕیەکان و چینە شۆڕشگێڕیەکان ڕەچاو ناکرێن؟

لەبەر ئەوەی گروپ و چینە شۆڕشگێڕیەکان تەنها ئامانجیان مەبەست لێی دەسەڵاتە ، واتە هەموو بەردەوامبوون و مانەوەیەک لە پێناو ئەم کورسیانەن کە بە

بارمته دەیان گرن.

بـــۆیە ئەگەر هەر هەنگاوێـــک هەڵگـــرن لەپێنـــاو شـــیکردنەوەی گـــۆڕانی قۆنـــاغی مێـــژوو، ئەوا خۆشـــیان گۆڕانیان بەسەردا دێت و شی دەبنەوە وە شوێنی خۆیان بە کەسی شیاوی دوای خۆیان دەسپێرن. بۆیە هیچ کات ســـەرکردەکانیان نایانەوێـــت پەیوەنـــدیی پیـــرۆزی نێـــوان شۆڕشگێڕەکان و خەڵک بگۆڕێت بە پەیوەندیی دەستوور و یاسا وە بەکارهێنانی عەقڵ و کەرامەت جێگەی وەفاداری کۆیلەیی بگرێتەوە  کە ئەمانەش مەترسین بۆ شکاندنی پیرۆزی کەس و سەرکردەکانیان.

نەبوونی ئەم بنەمایانەش پێمان دەڵێت کە گروپ و چینە شۆڕشگێڕەکان خەسڵەتی نوێبوونەوە و گۆڕانکاریان نییە، لەبەر ئەمەش توند دەست بە دەسەڵاتەوە دەگرن، تا ئەوکاتەی بەپێی هۆکاری پێویستی لە ناوچوونیان نامێنن بەمەش ئەڵـــێن کـــرداری نوێبـــوونەوە و بەردەوامـــی، واتە هەموو شۆڕشێک ئامرازی نوێبوونەوە و بەردەوامییە وە هەر شۆڕشێک نەبووە هۆکاری نوێبوونەوە و بەردەوامی داهێنان ئەوا ناچێتە چوارچێوەی شۆڕشێکی ڕاستەقینە

بەڵکو دەبێتە ئامرازی جێبەجێکاری حەز و مەیلی کەسی و گروپ و ئایدیا جیاوازەکان.

وەهیچ شۆڕشێک ناتوانێ بەبێ دەستدرێژی کردنە سەر بەرژەوەندی لایەنێک و چینێکی دیکە پارێزگاری لە چینێکی تر بکات وە بەرژەوەندیی بۆ لایەنێکی تر دروست بکات. هەموو شۆڕشێک لە هەڵگیرسانەوە بریتی بووە لە سەرخستنی لایەنێک بەسەر لایەنێکی تر واتە سەرکەوتنی چینێک دژ بە چینێکی تر. لە شۆڕشی فەرەنسی قوربانی بە بنەماڵەی پاشا و چینی یەکەمی فەرمانڕەوا درا لەپێناو پارێزگاریکردن و دروستکردنی بەرژەوەندی بۆ چینەکانی تری کۆمەڵگە کە زۆرینە و نزیکەی تێکڕای ژمارەی دانیشتوانی ئەم وڵاتەی پێک دەهێنا.

بەمە شۆڕشی فەرەنسی دەبێتە شۆڕشی بە کۆمەڵ لە پێناو ئامانجێکی هاوبەش و دروشمێک کە زۆرینەی ژمارەی دانیشتوانی وڵات ڕێککەوتن لەسەری بۆ پارێزگاری کردن لێی، بۆیە ئەم شۆڕشە دەبێتە سومبول و هێمای شۆڕشەکانی جیهان کە تا ئێستاش گەلی فەڕەنسی شانازی بەم شۆڕشەیانەوە دەکەن، لەگەڵ ئەوەی ئەم

شۆڕشە نەیتوانی لە ڕوودانی ڕووداوی یەکەمی شۆڕشـەکە ئامـانجەکە بپێکێت بەڵام پێویسـت بـوو بـۆ ڕوودانـی چەنـد ڕووداوێـک و دووبــارە بــوونەوەی شــۆڕش و هێنــانەدی ئامــانجی گەلەکەی کە درێــژە پێــدەری هەمــان مەبەســتی شۆڕشــی یەکەمــی فەرەنســا بــوو، کە لە دەرئەنجامـدا ئەم بەردەوامبــوونە وڵاتێکــی دیموکراســی ڕاســتەقینە لەدوای جەنگــی جیهــانی دووەم داهێنــا کە نمــوونەیەکی زینــدوو بەدەســت هــاتووی هەمــوو ئەم مافــانەیە کە لە شۆڕشــی یەکەمی فەرەنسی بە دروشم بەرز دەکرانەوە بۆ بەدەست هاتنیـان. بەمەش گەلـی فەرەنسـی توانیـان بە درێژەپێـدەر و بەردەوامبوونیان لەسەر هەمان ڕێباز و ڕێچکەی شۆڕشـی یەکەم بە مافەکانیان بگەن، وە هەموویـان پێکەوە بە کۆمەڵ ببنە خاوەنی سەرەکی ئەم شۆڕشە بێ جیاوازی.

## شۆڕشی بەردەوام

واتە بەردەوامبوون لە گەڕان و گۆڕانی پێویستیەکانی سەردەم بۆ هەر قۆناغێک، جێبەجێکردنی ویستی تاکەکان و کۆمەڵگە بۆ هەر کاتێک. چونکە هیچ شۆڕشێک ناتوانێت لەسەر ئاستی سەرەتای سەرهەڵدانی بە شێوەیەکی هەمیشەیی بەبێ گۆڕانکاری لەخۆی زەرورتر بێت، بەڵکو زەروریەتی بۆ سەرەتای سەرهەڵدان و پێویستی قۆناغی پەیدابوونی دەگەڕێتەوە.

وە مانەوەی هەر شۆڕشێکیش بە شێوەیەکی درەوشاوە لە مێژوو پێویستە دوای زانینی تەواوبوونی ئەرکەکەی خۆی شیی بکاتەوە بۆ مێژوو، وە شوێنی خۆی بۆ قۆناغی دوای خۆی چۆڵ بکات، بەمەش دەوترێت بەردەوامی شۆڕش، کەدوای ئەوەی قۆناغی خۆی تۆمار دەکات بۆ تا هەتایی بەشێوەیەکی واتایی خۆی خاوەنداریێتی ئەم قۆناغە دەکات لەمێژوو. وە بە پێچەوانەی ئەمەش، بەردەوامبوونی شۆڕش بە شێوەیەکی کردەیی بەسەر قۆناغی دووەمی دوای شۆڕش بەبێ گۆڕانکاری لەخۆی،

ئەوا دەبێــتە نــاتەواوییەک لە جێبەجێکردنــی ئەرکەکــان و پێویســتیەکانی قۆنــاغی دووەمــی دوای شــۆڕش، بەمەش شۆڕش خودی خۆی دەبێتە دژە شۆڕش، چونکە ئەوکاتی دەبێت خۆی بۆ ڕوودانی حەتمی شۆڕشی قۆناغی دووەم ئامــادە بکــات. کە پێویســتی ڕوودانــی جێبەجێکردنــی ئەرکەکانی ئەم قۆناغەن کە هەر دەبێت ڕووبدەن بۆ پچرانی گرێی دووەم و کرانەوەی قۆناغێکی تری مێژوویی. بەمەش شۆڕشــی ســەرەتایی ئەگەر خــۆی شــیی نەکــاتەوە بە شۆڕشێک بەسەر خودی خۆیدا، ئەوا شۆڕشێکی بەسەردا دەکرێت کە مافی خاوەندارێتی و لافی شۆڕشی سەرەتای مێژووش لەدەست دەدات.

بەمەش شۆڕشی نوێ خۆی پاڵەوانی هەردوو قۆناغ و تۆمارکەری مێژووی سەردەم دەبێت، بەم میکانیزمیەشیان دەوترێت زەروریەتی بەردەوامی شۆڕش.

بیرۆکەی سەرەتای بەردەوامی شۆڕش بنەمایەکی هــزری سۆسیالســتە ترۆتســکیەکانە، کە بە بــڕوای ئەوان ســەرکەوتنی سۆسیالیستی بە پشتبەســتن بە لەخــۆگرتنی بەردەوامی شۆڕش دەتوانێ هێزی بیرۆکراتی بشکێنێ کە

بۆتە بەربەست لەپێش گۆڕانکارییە سۆسیالیستەکان بۆیە تەنیا شۆڕشێکی سیاسی دەتوانێ بیرۆکراتی لەنێوبەرێ وە لەم ڕێگەیەوە دەکرێ بنەماکانی سۆسیالیزم بپارێزرێ.

ترۆتسکیزم بە تیۆرێک و بزووتنەوەیەک دەگوترێ کە لەلایەن (لیئۆن ترۆتسکی) هاتە ئاراوە و خۆی گرت. ترۆتسکیەکان بە پشتبەستن بە وانەکانی مارکس و ئەنگلز و لینین و هەروەها ئەزموونەکانی شۆڕشی ڕووسیا کە ترۆتسکی خۆی ڕۆلێکی بەرچاوی تێدا هەبووە وە خۆیان بە مارکسیە شۆڕشگێرەکان دەزانن. ئەوان خوازیاری نەهێشتنی سەرمایەداریی لە ڕێگەی شۆڕشێکی کرێکارین. لایەنگری لە دیکتاتۆری پرۆلیتاریا دەکەن کە دەبێ ڕێگەی گەیشتن بە کۆمەڵگەی سۆسیالیستی خۆش بکات کە لەمەودا دەسەڵات لەدەستی چینی چەوسێنەر نەمێنێ و حکوومەتی زەحمەتکێش و چەوساوەکان بەشێوەی سیستەمێکی سۆسیالیستی فرەحیزبی دابمەزرێ. دیارە هەر ئەو حیزبانە دەتوانن بە دەسەڵات بگەن کە بڕوایان بە سۆسیالیزم هەیە.

ترۆتسکی بۆ یەکەمین جار لەساڵی ١٩٠٦، لە وتارێکدا

بەناوی "شۆڕشی ئێمە" بۆچونی خۆی لەبارەی شۆڕشی بەردەوام خستە ڕوو دواتر لە دەیەکانی بیست و سی دا، جارێکی تر بە پێداگرییەوە بەرگری لەبۆچوونی خۆی کرد، لەم کاتەدا، دیاریکەری ئەو فیکرە بوو کە لە شۆڕشدا کێشە لەسەر ڕووداوێکی یەکجارەکی نییە، بەڵکو کێشە لەسەر زنجیرە گۆڕانکاریەکی کۆمەڵایەتی و سیاسییە.

لەم پێناوەدا، ترۆتسکی لە پایزی ساڵی ١٩٢٣ لەزنجیرە وتارە بەناوبانگەکانی دا بەناوی (ئاراستەی نوێ) دژایەتی خۆی لەگەڵ بیرۆکراتی دەست پێکرد ناوبراو هەرلەو ڕۆژانەدا ڕەخنەی لەوە گرت کە بڕیارەکانی حیزب لەلایەن کادیرە پلە بەرزەکانەوە دەدرێ، ئەوە لە حاڵێکدایە کە ئەندامانی حیزب لە ڕیزەکانی خوارەوەدا تەنیا لە بڕیارە دەرچووەکان ئاگادار دەکرێنەوە. ناوبراو ڕەخنەی توندی لە لووتبەرزی بیرۆکراتیانەی کادیرەکان و دوورکەوتنەوەی لە ڕادەبەدەری ئەو کادیرانە لەخەڵکی ئاسایی دەگرت. ترۆتسکی لە کۆتایی ساڵی ١٩٢٣ دا ئاماژەی بەوەکرد کە بیرۆکراتی بە هیچ شێوەیەک جۆرێک لە "بینەو بەردە پێکردن" یان پاشماوەی بارودۆخی ڕابردوو نییە، بەڵکو

ڕێچکەیەکی بنەڕەتیە کە دەتوانێ ببێتە هۆی دژە شۆڕشێک. هەروەها ڕەخنەی لە مەیینی ئایدۆلۆژی دەکرد کە بە ئەسپایی هەنگاوی دەنا.

ترۆتسکی پێشنیاری کرد کە حیزب بە دیموکراتیزە بکرێ چالاکی حیزبی لەسەرەوە بۆ ڕێکخراوەکانی خوارەوە بگوازرێتەوە. ترۆتسکی پێی وابوو کە دەستە بەربوونی دیموکراسی نێو حیزبی تەنها ڕێگەی زاڵبوون بەسەر ورەی چینایەتی کادیرەکانە. دیارە دەبێ یەکگرتوویی حیزب بپارێزرێ، بەڵام لەهەرحاڵەتێکدا دەبێ دەرەتانی ئەوە هەبێ کە مرۆڤ بەرگری لە بیروبۆچونی خۆی بکاو هەر نەیارێک هەلی دەربڕینی ڕا و بۆچوونەکەی هەبێ، هەرچەندە کە لەکەمینەش دابێ، ترۆتسکی دەیگوت، لینینزم پێویستی بە هزری ڕەخنەگرانە و بوێریی ئایدۆلۆژیانە هەیە.

ترۆتسکی لە کتێبەکەیدا بە ناوی "شۆڕشێک کە خیانەتی پێ کرا" دەڵێ کە (یەکیەتیی سۆڤیەت وەک وڵاتێکی کرێکاری ئاکامی شۆڕشی تشیرینی یەکەمی ١٩١٧ بوو. بە دەوڵەتیکردنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بۆتە هۆی گەشەی

خێـــرای ئـــابووری ئەم وڵاتە، بەڵام لەژێـــر دەســـەڵاتی ســـتالینزمیدا دەوڵەت بە تەواوەتـــی گـــۆڕاوە، دەوڵەت لە ئامرازێـک کە دەبـێ لەخزمەتـی چینـی کرێکـار دابـێ، بـۆتە ئامرازێک بۆ چەوسانەوەی چینی کرێکار، بیرۆکراتی بۆتە توێژێکی خاوەن ئیمتیاز کە هەرچی پێی خۆش بێ دەیکا، دەوڵەت لە یەکێتیـی سـۆڤیەتدا گـۆڕاوە، ڕووی ناشـرینی دەوڵەتێکی کرێکاری بەخۆیەوە گرتووە. بنەماکانی دەوڵەتی کرێکاری پارێزراون، بەڵام بیرۆکراتی بۆتە بەربەستێک لە بەردەم گۆرانکـــارییە سۆسیالیســـتەکاندا، بەمەش تەنیـــا شۆڕشێکی سیاسی دەتوانێ بیرۆکراتی لەنێو بەرێ.)

لە ڕوانگەی ترۆتسکی بەردەوامی شۆڕش پێویستیەکی سـەردەمی گـۆڕانی قۆنـاغی مێژووی سوسیالیستی بـوو لە سوسیالیستێکی بیرۆکراتی بۆ سۆسیالیستێکی تەکنۆکراتی، لە میـانەدا ترۆتسـکی چـۆن خـۆی بە ئەرکێکـی پێویسـتی سـەرەتای سـەرهەڵدانی شۆڕشـی کرێکـاری دادەنـا کە لە تشـرینی یەکەمـی ١٩١٧ بەرپـا بـوو. ئەوهـاش خـۆی بـۆ شۆڕشـێکی تـری سیاسـی ئامـادە کـرد کە بەپێـی گـۆڕانی قۆناغی مێژووی پێویستییەکان ئینتەر ناسیۆنالی چوارەمی

ڕاگەیاند کە بە جێگرەوە و هاتنی قۆناغی دوای قۆناغی ئینتەرناسیۆنالی سێیەم دادەنرا بەپێی یاسای بەردەوامی دیالێکتیکی مێژوویی، بەڵام ئەم یاسایە بەردەوامی نەبوو، قۆناغی سێیەم شوێنی خۆی بۆ قۆناغی چوارەم چۆڵ نەکرد، بەڵکو لە دیدگەی دەسەڵاتدارانی سۆفیەت ترۆتسکی دوژمن و هەڵگەڕاوە و بەکرێگیراوی سەرمایەداری بوو، بە بڕوای ئەوان لەناوبردنی بزووتنەوەی ترۆتسکیزم پێویستییەکی حەتمی و سەرکەوتنێکی تری شۆڕشی ڕووسیا بوو بەسەر سەرمایەداریدا، کەچی ترۆتسکی و شوێنکەوتوانی لەپاڵ لینین بە کەسی دووەم و دامەزرێنەر و داینەمۆی سەرکەوتنی شۆڕشی کرێکاری دادەندران لەکاتی خۆیدا.

لە ڕوانگەی بەردەوامی شۆڕشگێرانە، (ماو)یش یەکێکی ترە لەو سۆسیالیستانەی کە پێداگری لەسەر گۆڕانی قۆناغی مێژووی شۆڕشگێری دەکرد لە پێویستیەک بۆ پێویستیەکی تر. لە هزری ماوتسی تۆنگدا بیرۆکەی شۆڕشی هەمیشەیی هەبوو کە لە پشت شۆڕشی فەرهەنگی ساڵی ١٩٦٦ وڵاتی چینەوە بوو. ماو باوەڕی وەهابوو کە

هەمـــوو شـــتێک لە گۆڕانـــدایە ئەمەش دەبێـــتە هـــۆی دروســـتبوونی نـــاجۆری و تەنـــانەت لە پـــاش نەمـــانی چینـــایەتیش، چـــونکە گۆڕانکـــاری بەردەوام دەبێـــت لەگەڵ دیـــارکەوتنی هێـــزی نـــوێی بەرهەمهێنـــان بە یاریـــدەی دیارکەوتنی ناجۆریی لە بری ململانێ و ململانێی چینەکان کە ناجۆرێـک بـۆ نـاجۆرییەکی تـر دەگۆڕێـت، هەرچـیەک لە بوونـدایە دەگۆڕێـت، هـیچ شـتێک لەسـەر دۆخـی خـۆی نامێنێتەوە.

بە بـڕوای مـاو پـارت وەکـو هەر دیـاردەیەکی تـری سیاسی مرۆیی شیاوی گۆڕان و گۆڕینە، پێویسـتە هەمیشـە لەژێر چاودێریدا بێت بۆ ڕێگرتن لە هەر دەستپێشـخەریەک لەگۆڕانیـــدا بـــۆ دژی شۆڕشـــی سۆسیالیســـتی و دژی جەماوەری گەل.

لە ئۆگەسـتی سـاڵی ١٩٦٦، سـەرکردە مـاو وتـارێکی بە ناوونیشـانی (سـەرکردایەتی بـاڵ تێکبشـکێنن)ەوە نووسـی. ئەمەش وەک ئامـاژەیەک بـوو بـۆ دەسـتپێکردنی مێـژووی نـــوێی چینـــی هـــاوچەرخ بە نـــاوی (شۆڕشـــی گەورەی ڕۆشنبیری) کە هێرشـیان دەکردە سـەر بۆچـوون و کرداره

دژبەرییەکانی سەرکردە شیوعیەکان لەپێناو ڕزگارکردنی شۆڕشی سۆسیالیستیدا.

بێگومان ئامانجی پشت ناونانی ئەم شۆڕشە بەم ناوە ڕوون و دیاربوو، کە شۆڕشێکە لەبنیاتی دەرەوەدا ڕوودەدات و پەیوەستە بە دووبارە بیرکردنەوە و بەهای گرنگێتی سۆسیالیستی کە لەلایەن حیزبی شیوعی و بانگەشەکارانی ئەم بیرۆکەیە بەرەو دواوە کشێنرابویەوە، کشانەوەی ئەمانە لەم بۆچوونانە لە ڕوانگەی (ماو)ەوە پێویستی بە شۆڕشێکە کە دۆخەکەی پێ بگێردرێتەوە دۆخی ڕاستەقینەی، بەجۆرێک پێکهاتەکانی بونیاتی دەرەوە -لەسەرووی هەمووشیانەوە پارت - بگەڕێتەوە بۆ ڕۆلگێرانی بۆ هاندان و برەودان بە ئاراستەی سۆسیالیستی.

گەر جوتیارەکان لەگوندەکاندا سەرکردەی شۆڕشی سۆسیالیستی بن و ئاراستەی سەرکەوتنیان پێبەخشی ئەوا کوڕەکانیان لە ناوچە شارنشینەکاندا بەتایبەت ئەوانەی خوێندکاری خوێندنگەی دواناوەندی و زانکۆیەکانن ئەوانەن کە کاری شۆڕشەکە تەواو دەکەن لە دژی سەرکردەکانی

حیزب بۆ ئەوەی بیرۆکەکان بگەڕێنەوە بۆ ڕێگە ڕاست و بەهادارەکەی.

هەر بۆیە شۆڕشی ڕۆشنبیری لە یەکێک لەخوێندنگە دواناوەندییەکانی سەر بە زانکۆی (تسنهگوا) لە پەکینەوە سەری هەڵدا. لێرەوەش بۆ یەکەمین جار (پاسەوانی سوور) بۆ شۆڕشی رۆشنبیری دیارکەوت، کە ئەندامەکانی بریتی بوون لەخوێندکارانی خوێندنگە و زانکۆکان، هەر کە ماو ئاماژەی دەستپێکردنی شۆڕشی دا ئەوا خوێندکارەکان بێ دواکەوتن پەلاماری بارەگاکانی حیزبیان دا، هەروەها دادگای سەرشەقامیان دامەزراندن و دادگای خۆیان و خێزانەکانیان دەکرد وە لە خوێندنگە و لەناو بارەگا حیزبیەکان و سەرجادەکاندا دادگاییان دەکردن. شۆڕشەکەی ماو توانی سەرلەنوێ پەیکەر و بەندی حیزبی شیوعی دابمەزرێنێتەوە بەو شێوەیەی کە بە باشتری دەزانی لەوەی پێشتر.

هەروەک چۆن هەلی ئەوەیشی بۆ ڕەخسا خۆی ڕزگار بکات لە گرنگترین ئەوکەسانەی کە شیوعی سەرمایەداربوون. لە سەرووی هەمووشیانەوە

(لیۆشیاوشی) سەرەککۆمار و ئەندامی لیژنەی باڵ لە جڤاتی ڕامیاری حیزبدا، هەروەها (دنگ شیاو دنگ) کە لەوکاتەدا سکرتێری حیزبی شیوعی چین بوو.

هەر بـۆیە بیـرۆکەی شۆڕشـی بەردەوام یەکـێکە لە ڕاستییە هەبووەکانی بیری (ماو)وە بە تایبەت لە دەساڵی کۆتـایی تەمەنیـدا بۆچـوونی سـەرەکی وەهـابووە کە پێشـکەوتنی چـین لە ڕووی ڕامیـاری و کـۆمەڵایەتی و داراییەوە بەدی نایەت تەنها لە ڕێگەی شۆڕشەوە نەبێت.

بۆیە لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا چەمکی شۆڕش بەردەوام لای ماو قوڵتر دەبێتەوە و کایەکەشی فراوان دەبێت تاوەکو نەوەکانی داهاتووش دەگرێتەوە کە ماو باوەڕی وەهابوو پێویستە ئەم نەوانە لەسەر بنەمای شۆڕشگێری پەروەردە ببن. تاوەکو بتوانن هەنگاوێک شۆڕشەکە بۆ پێشەوە بەرن و لە بەردەوامێتـی نەخەن لەگەڵ بەدیهێنـانی ئامـانجی خـوازراو لە ڕێـگەی یەک بەدوای یەکدا هـاتنی شـۆڕش و ڕوودانی گۆرانکاری کۆمەڵایەتی لە وڵاتدا.

بەمەش دەبێـت قۆنـاغ و پێویسـتیەکانی هەر وڵاتێـک لەبەر چاو بگرین، ئایا پارتە سیاسییەکانی وڵات دەتوانن

ڕەچاوی گۆڕانکاریەکان بکەن و هەڵبکشێن؟ یان تەنها شۆڕشێکی سیاسییە ڕەچاوی ئەم دۆخە دەکات و توانای پێشخستنی باری ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و دارایی هەیە لە وڵات.

## قۆناغی مێژوو و ڕاستیی شاراوە

ئەگەر بـــاس لە دیـــاریکردنی زەمەن و کـــاتی مێـــژوو بکەین ئەوا هیچ پێوەرێک نییە قۆناغی مێژوومان بۆ دیاری بکات واتـا نـاتوانین بـزانین ئـێمە لە چ قۆنـاغێکی مێـژووداین وەک ئەوەی بـزانین ئـێمە لە چ ڕۆژێـک و چ ســاڵێک دایـن، دەتـوانین ڕۆژ بەپێی بەرواری ساڵ بزانین وە ساڵ بەپێی بەرواری مێژوو بزانین، بەڵام قۆناغی مێژوو ناتوانین بەپێی هیچ بەراوردێکی زەمەنی دیار بکەین و بزانین تەنها ئەوەی دەتـوانین سـەرەداوێکی تەمەنـی مێـژووی پـێ دیاری بکەیـن بـوونی مـرۆڤ خـۆیەتی. چـونکە بە لەدایکبـوونی مـرۆڤ ســەرەتای مێــژووی مرۆڤــایەتییە و ئەوەی بەلای ئــێمەش گـرنگە مێـژووی مـرۆڤە نەک زەوی، چـونکە ئەوەی دەبێـتە بابەتی تـوێژینەوەی دیاریکردنی قۆنـاغی مێـژوو مـرۆڤە، وە بە لەدایکبوونی مرۆڤ سەرەتای مێژوو دەست پێ دەکات، ئەگەر بەر لەدایکبـوونی مـرۆڤ بـاس لە مێـژوو بکەیـن ئەوا باس لە مێژووی کەون دەکەیـن کە هـیچ گرنگیەکـی ئەوتـۆی نیە وە نابێتە "کاتێک" کە بچێتە سـەر قۆنـاغی مێژوو چونکە

هێشتا بابەتی دیاریکردنی مێژوو لە دایک نەبووە کە مرۆڤە. ئەگەر باس لە مێژوو بکەین کە مرۆڤە ئەوا کۆتایی مێژوو نەمانی مرۆڤە بەمەش سەرەتا و کۆتایی مێژوو دەزانین. بۆ دیاریکردنی قۆناغەکانیش هەر ململانێیەک و گۆڕانکاریەک دەبێتە گرێیەک بۆ مێژوو دەبێتە قۆناغێک و کاتێک، واتا مـــــرۆڤ هەر لە ســـــەرەتاوە ئەگەر هـــــیچ گـــــرێیەک و گۆرانکاریەکی نەبا ئەوا مێژوو تەنها یەک قۆناغ دەبوو بەبێ دوایـی. ئەم درێژبـوونەوەیە بەبـێ گۆڕانکـاری واتـا هـیچ پەرەسەندنێکی عەقلی نەدەبوو کە خەسڵەتێکی تایبەت بدات بەم زەمەنە کە قۆنـاغی مێژوویـی پـێ دیـاری بکرێـت. وەک ئەوەی لە سـەرەتای دەسـتپێکی مرۆڤـی یەکەم کە قۆنـاغەکە بۆ نموونە (A) بێت ئەوا بێ هـیچ گۆڕانێک و سوڕانێک تـا ئێسـتاش بەم قۆنـاغە دەگـوترا قۆنـاغی (A)، ئەو کـاتی هـیچ کەسێک ئاگامەندی بیری ئەوەی نەبوو کە قۆنـاغی مێـژوو دیـار بکـات بەمەش هەر سـەرەتای قۆنـاغ دەبوو بە کۆتـایی قۆنـاغ، لێرەوە دەردەکەوت کە مـرۆڤ هـیچ حەزو زانینێکـی بۆ گۆڕانکاری بە ئارەزووی خۆی نەبووە بەڵکو بایلۆژیـانە بەسـەری دەسـەپێنرا کە ناگۆڕدرێت چـونکە هـیچ لێکدژیەک

ڕووی نەداوە کە قۆناغی پێ دیاری بکرێت.

بەڵام پێچەوانەی ئەمانە سەرەتای گۆڕانکاریەکان لە سروشتەوە دەستی پێ کرد بۆ مرۆڤ، ئەم میکانیزمەش بوو بە سەرەتای تێگەیشتن بۆ جووڵەی میکانیکی، کە مرۆڤەکان لە ڕێی هەستەکانەوە درک بە بابەتی گۆڕانکاری بکەن دژی خاڵی وەستان، واتا سەرەتای بیرۆکەی وەستان و جێگیر و نەگۆڕ لە ڕێی گۆرانی فیزیکیانەی سروشت ڕەتکرایەوە هەموو ئەمانەش لەدەرەوەی (ئیرادە)و ویستی مرۆڤ بوون. لێرە مرۆڤ تەنها دەورێکی ناچاری بینی بۆ قبوڵکردنیان بەردەوام لە ڕێی هەستەکانەوە هەوڵی وەرگرتن و لێکۆڵینەوەی دەدا بۆ تێگەیشتنیان، لە ڕێی بینینەوە هەستی بە تاریکی و ڕووناکی کرد ئەم جووله میکانیکیە بەردەوام دەبوو بۆ گۆڕانێکی بەردەوام، ئەمەش مرۆڤی ناچارکرد بۆ گونجان و گۆڕان لەخۆی لە هەردوو باری شەو و ڕۆژدا، ئەم دووبارەبوونەوەیە لەدەرئەنجامی جوڵەی بەردەوامی کەونەوە دروست بووە ئەم گۆرانکاریەش بوو بەهۆکاری دروست بوونی کات بۆیە مرۆڤ پێویستی بە ئامادەکاری بوو بۆ گونجان لەهەر

بارێکی گۆڕاندا، بەمەش "کات" بوو بە ئامادەکاری لە یاسای گۆڕاندا، واتا پێش لەدایکبوونی مرۆڤ بە هەمان شێوەی لەدایکبوونی مرۆڤ گۆڕانی شەو ڕۆژ و مێژوو هەبووە لە ڕووی جووڵەی میکانیکیەوە، بەڵام بابەتی سەرەکی بوون نەبووە کە مرۆڤە، ئەوەی کاتیش دیاری دەکات مرۆڤە، بەمەش خودی مرۆڤ دەبێتە "کات" چونکە خۆی دەبێتە ئامادەکار بۆ داهاتوو. واتا پێش لەدایکبوونی مرۆڤ کات ڕۆیشتوە، بەڵام ئەو "کات"ە بابەتی توێژینەوەی کەونە، ڕێسای پەرەسەندن و گۆڕانی ئامادەکردووە بۆ دروستکردن و گەیاندنی سروشت بە ڕێسای ئیمکانی گونجانی مرۆڤ بۆ لەدایکبوون. ڕەنگە ئەگەر یاسای جووڵە و کات نەبا گۆڕانیش ڕووی نەدابا ئەوکات مرۆڤیش لەدایک نەدەبوو، واتا هەموو ئەمانە دەگەرێتەوە سەر یاسای گۆڕان کە لە جووڵەی میکانیکی دەست پێ دەکات، کات دروست دەکات کاتیش مێژوو دروست دەکات.

جگە لە ڕووناکی تاریکی، گۆڕانی کەش و هەوا فاکتێکی تر بوو بۆ جووڵانی هەستەکان لەتێگەیشتندا کە لەڕێی هەستەکانەوە درک بە بابەتی گۆڕانی سارد و گەرم

بکــرێن ئەمەش وای کــرد مرۆڤەکــان هەســت بە گــۆڕانێکی تەواوی وەرزی بکەن ئەم گۆڕانکاریەش بچێتە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەکـــانی عەقـــل لە داهـــاتوودا. ئەم گۆڕانکـــارییە سروشـــتییە بەردەوام وای کـــرد مرۆڤەکـــان بەردەوام لە ئامادەکاری دابـن لەهەر بـارێکی نەخـوازراو و چاوەڕوانـدا ئەمەش بــۆ خودپــارێزی و گونجــانی خۆیــان بــوو لەهەر کەشــێکی جیــاوازدا، بەم شــێوەیە مرۆڤەکــان لەســەرەتاوە لەڕێــی سروشــتەوە هەســتیان بە گــۆڕان و گونجــان کــرد. دواتـــر ئەم بابەتانەیـــان لەڕێـــی عەقـــڵەوە پەرەپێـــدا بـــۆ دۆزیـــنەوەی ڕاســـتییەکان، لەدوای گەشەســـەندنی زیـــاتر مرۆڤەکـــان بەدوای ڕاســـتییە نوێیەکـــان دەگەران، کە تـــا ئێستاش هەندێکیان بە شاراوەیی و نەدۆزراوەیی مـاوەتەوە. لەگەڵ ئەوی مرۆڤەکان لەسەرەتاوە هەموو پێکەوە دەستیان پـێ کـرد لەڕێـی هەسـتەوە هەنگاویـان نـا بـۆ پێگەیشـتن و پەرەسەندنی زیـاتر، تـا ئەوەی عەقڵ بووە هۆکـاری شـکانی بەربەستەکان و خێراکردنی بڕینی قۆناغەکانی مێژوو، بەڵام ئێسـتا هەر کۆمەڵگەیەک لە قۆنـاغێکی جیـاوازی پێشـکەوتنی مێــژوودایە. هەیە زۆر لە پێشـــوەیە هەشـــە لە ســـەرەتای

دەســـتپێکی قۆنـــاغەکەدایە، ئەمەش ئەوە دەســـەلمێنێ کە هەریەکەیـــان عەمبـــارێکی ڕاســـتیی دۆزراوەی هەیە کە قۆنـاغەکەی پـێ دیـاری دەکرێت، کە پڕتـرین عەمبـاری هەر کـۆمەڵگەیەک لە پێشـی پێشـەوەی قۆنـاغی مێـژوودایە، واتـا ئەوەی زۆرترین حەقیقەتـی لایە لە پێشـەوەی قۆنـاغەکەدایە، وە ڕاسـتیی دۆزراوەی هەر کـۆمەڵگەیەکیش شـاراوەن بـۆ مەبەستێک ئەگەرنا دەمانتوانی بە وەرگرتنی ئەم ڕاستیانە و جێبەجـێ کردنیـان بە قەلەمبازێـک گەیشـتباین بە قۆنـاغی پێشکەوتووی ئەم کۆمەڵگەیە.

قۆنـاغی مێـژوو ئاراسـتەکراوە بە"کـات"، ئەم مێـژوو و کـاتەش وەک پێشـبڕکێیەکی ڕاکـردن وایە لە نێـوان پێـنج یاریزاندا، کاتێک یارییەکە دەست پـێ دەکات هەموویان لە یەک ئاست دان لە سەرەتادا، وە بۆ تەواوکردنی پێنج خـولی گۆرەپـانەکە پێویسـتیان بە هێزێکـی زۆرە، وە ڕەنـگە هەر هەموویان توانای تەواوکردنی ئەم پێنج خولەیان هەبێت.

بەمەش پێوەرێـک پێویسـتە بـۆ دیـاریکردنی بـراوەی یەکەم کە (کـاتە)، بـۆیە بـراوەی یـارییەکە خێراترینیـانە بە کەمتـرین کـات بەمە کاتێـک ئەم یـاریزانە دەگـاتە کۆتـایی

قۆناغەکە یارییەکە تەواو دەبێت. وە چوار یاریزانەکەی تر هەریەکەیان چەند خولێکیان تەواو کردووە، هەیانە یەک خولی کردووە بەهۆی کەمی خێراییەکەی هەشیانە دوو و سێ تا چوار خولی کردووە، بەڵام یارییەکە تەواو دەبێت بە گەیشتنی یاریزانی براوە، ئیتر ڕاکردن سوودی نابێت بۆ چوار یاریزانەکە بۆ گەیشتنیان بە خەڵاتی یارییەکە، پێویستە هەریەکەیان لە قۆناغی خۆی بوەستێت چونکە یاریزانێکیان بەخێراترین کات گەیشتە کۆتایی قۆناغەکە.

بۆیە ئەگەر مێژوو کۆتایی بێت ئەوا تەنها یەک کۆمەڵگە دەگات بە کۆتاییەکەی کۆمەڵگەکانی تر هەریەکەیان لە شوێن و قۆناغی خۆی شیی دەبێتەوە یان گۆڕانی بەسەردا دێت بەپێی مەبەستی ئاراستەکراوی کۆمەڵگەی براوە، واتە ئەو کۆمەڵگەیەی دەمێنێتەوە بە هێزێکی تەواو ئەوا مەبەست و ڕاستیەکانی خۆی دەسەپێنێت بەسەر تەواوی زەویدا وە ئەو کۆمەڵگەیانەی دەیانەوەێ بمێننەوە پێویستە مەبەست و ڕاستیەکانی خۆیان بگۆڕن بۆ مەبەستی ئاراستەکراوی کۆمەڵگەی براوە. ئەوکات مەبەست و ڕاستییەکانی کۆمەڵگەی بەهێز تەواو

ڕوون دەبێتەوە لە پشت ئەم چەمکە دروستکراوانەی کە تەواوی کۆمەڵگە بێ هێزەکان پێوەی غافڵن، بەمەش ئەم غافڵبوونە کاتێکی زۆر بە کۆمەڵگەی بەهێز دەدات تا بواری گەیشتنی کۆتایی قۆناغ و خۆ تەیارکردنی هەبێت بۆ مەبەستە شاراوەکەی.

دەبێت بزانین کە مرۆڤایەتیی هەر لە سەرەتاوە لەسەر غەریزەی خۆ زاڵکردن بەسەر ئەویتردا دەستی پێ کردووە. مرۆڤ تەنها لە لاوازی و بێ دەرفەتیدا باس لە یەکسانی بەشی هەمووان دەکات ئەمەش کاتێک باس دەکات کە هێزەکانی بەرامبەریان نزیکە بەرامبەر بێت هەر کاتێکیش هێزێکیان دووبەرامبەر بێت ئەم ماف و چەمکانە هیچ مانایەکیان نامێنێت هەر لەبەر ئەمەش پێویستە لە مەبەست و ڕاستییەکانی زلهێزەکان بە گومان بین چونکە دڕندایەتی و خۆزاڵکردن غەریزەیەکە لە ئێمەشدا بوونی هەیە و هەستی پێ دەکەین بۆیە دەبێت مەترسی لەناوچوونی خۆمان بە هەند وەرگرین.

چونکە هەموو ڕاستییەکانیش دەگەڕێتەوە سەر ئەسڵی سەرەتای لەدایکبوونی مرۆڤ و ململانێکانی کە لە هەستەوە

لەگەڵ سروشتدا دەستی پێکرد. هۆی ترسی ئێمەش ئەمەیە کە ڕاستیی نویێ هەمان ڕاستیی کۆنە تەنها شت کۆن و نوێیان دەکات و بڕیار لەسەر خەسڵەتیان دەدات (کات و شوێنە) چونکە ڕاستیی کۆن لەهەناوی ڕاستیی نویێ دایە بەپێی کاتەکە و شوێنەکە سروشتێکی گونجاوی بۆ دروست دەبێت بەپێی پێویستی ئێمە دەگونجێت و سروشتی ئەم چەمکە نوێیە دەگەڕێتەوە سەر هەمان بنەچەی سەرەتای پێویستی ئێمە کە لێی دروست بووە. بەپێی پێویستیەکان گۆڕانی بەسەردا هاتووە تا ئێستا، بەڵام لە بنەچەوە هەر لە ئەسڵی چەمکی سەرەتایی پێک دێت چونکە هەر شتێک لەوپەڕیش بێت بەبێ بوونی سەرەتایی بوونی نابێت هەر بۆیە مرۆڤیش لەوپەڕی تێگەیشتنی هەر دەگەڕێتەوە سەر ئەسڵی سەرەتای لەدایکبوونی کە غەریزەیەکی دڕندەیی هەیە لەگەڵ لەدایکبوونی بۆ پارێزی لە سروشتی دڕندەیی و ترسی دەوروبەری بۆی دروست بووە، بەمەش تا ئێستا ئەم غەریزە لەگەڵ مرۆڤ دەژییێت و بەردەوامە بەشێوەیەکی بۆماوەیی.

ئەگەر سەیرێکی ڕابردوو بکەین لە مێژوو هێزە بێ

بەرامبەرەکـــان دەبینـــین کە دەســـتیان لە دابەشـــکاری و داگیرکردنـی وڵاتـان هەبـووە وە هەمـان ئەم هێـزانە دوای هاوسـەنگبوونی هێزیـان بەرامبەر کۆمەڵگەکانی تـر، کاریـان بـۆ مـافە نێـونەتەوەیی و یاسـا نێودەوڵەتیەکـان دەکـرد، ئەم هێـزە داگیـرکەرانە ئەمـڕۆش بە شـێوازی نادیـار و چەمکـی دروسـتکراو کـار بـۆ هەمـان مەبەسـتی ڕابردوویـان دەکەن، وەک شانشـینی (بەریتانیـا) کە هێزێکـی داگیـرکەر و تۆقێنەر بـووە لەچەوسـاندنەوەی کـۆمەڵگە سـەرەتاییەکانی مێـژوو، کەچـی دوای لاوازبوونیـان لە فەرمـانڕەوایی کردنـی تەواوی کۆلۆنیالەکـــانی ژێـــر دەســـتیان و بەهێزبـــوونی لایەنە داگیرکراوەکان، ئەوا زوو ڕووی ڕاستەقینەی خۆیـان گـۆڕی بە شـێوازی تـر هەنگاویـان دەنـا، یـان ئەوەتـا هێـزی تـر دەرکەوتن وەکو (نازیەکـان) بەمەش بە مەبەسـتی پاراسـتنی خۆیـان لە نـازیەت ئەسـتۆپاکیان بـۆ کـردار و ڕەفتارەکـانی خۆیان دەهێنایەوە بە پاساوی پاراستنی تەواوی جیهان لەم مەترسـییە، ئەمـان ئەم شـەڕەیان ئەنجامـدا بە مەبەسـتی پاراستنی هیچ لایەنێک نەبوو بەڵکو پاراستنی خۆیان بوو لەم مەترسـیەی کە وەکـو ڕکـابەر دەردەکەوت بە بیـرۆکەی

داگیرکــاری بە هەمــان مەبەســتی بەریتانیەکــان. بەڵام بە جیـاواز لەوان بەشـێوەیەکی ئاشـکراو ڕاسـتگۆیانە پەردەی لەسەر هەموو شتێک هەڵماڵی بوو. بۆیە ئەگەر بەریتانیەکان و ئەمەریکیەکـان بە پاسـاوی ترسـی گەڕانەوەی ئایـدۆلۆژی (نازی) بتوانن تەواوی وڵاتـان کۆنترۆڵ و سنووردار بکەن، ئەی بـۆ ئـێمە لە هەوڵـی دووبـارە شـەڕانگێری ئەم وڵاتـانە نەترسێین، ئەگەر ئەوان دوازدە ساڵی فەرمانڕەوایی نـازیەت بیانترســێنێت ئەوا پێویســتە ئــێمەش تەواوی مێــژووی داگیرکــاری (ئینگلیــز) بمانترســێنێت، ئایـا دەبێـت (کۆتــایی مێژوو) ئەم بەهەشتەی سەرمایەداران نەبێت کە (فۆکۆیاما) لە کتێبی (کۆتـایی مێـژوو) باسـی دەکات؟ ڕەنگە شـتێکی تـر بێـت کە بەهـۆی خوێنـدنەوەی زیـاتری مێـژوو گەڕانەوە بـۆ سەرەتای ڕەفتاری ئەم هێزانە لە داگیرکاریدا تێی بگەین.

(فرانســیس فۆکۆیامــا) لە کتێبــی (کۆتــایی مێــژوو) تیـۆرەکەی خـۆی دەخـاتە ڕوو بە بـڕوای نـاوبراو "لیبـرال دیمــوکراس" دوایــن جــۆری حکــوومەت لە کــۆمەڵگەی مرۆڤـایەتی دایە، مێـژووی مرۆڤـایەتیش کـۆپیەکی پـتەو و ئاراســتەکراوە کە بەشــێکی گەورە لە کــۆمەڵگەی مرۆیــی

بەرەو لیبـــراڵ دیموکراســـــی هـــان دەدا، فۆکۆیامـــا لە خستنەڕووی زیاتری تیۆرەکەی دەڵێ:

"کۆتـایی مێـژوو ئەو کـاتەیە کە مـرۆڤ بە جۆرێـک لە کـۆمەڵگەی مرۆیـی بگـات کە ئەو کـۆمەڵگەیە قـوڵترین و سـەرەکیترین پێداویسـتیە مرۆڤایەتیەکـان دابـین بکـا. مـرۆڤ ئەمڕۆکە گەیشتۆتە ئاستێک کە ناتوانێ دنیایەکی جیاواز لەم دونیایەی ئێستا وێنا بکا، لە دەرەوەی باشتربوونی بنەڕەتی ئێستا لەئارادا نییە"

هەروەها فۆکۆیاما پێی وایە:

"لە چەند ساڵی ڕابردوو دا هاوکات لەگەڵ سـەرکەوتنی لیبـراڵ دیموکراسـی بەسـەر نەیـارە ئایـدۆلۆژیەکانی خـۆی وەک فاشـــیزم و کۆمـــۆنیزدا لە سەرانســـەری جیهانـــدا، هاوڕایەکی گرنگ سـەبارەت بە ڕەوایـی لیبـراڵ دیموکراسـی، وەک حکوومەتێکی سەرکەوتوو هاتۆتە ئاراوە، بۆیە دەبێت "لیبرال دیموکراسـی" خـاڵی کۆتـایی ئایدۆلۆژیای مرۆڤـایەتی دوایـین جـۆری حکوومەتی مرڤـایەتیی بێ بەو بـایەخەی کە هەیەتی، "کۆتایی مێژوو پێک بێنێ ".

ئەم تیـۆرەی فۆکۆیامـا ئەگەر وەک غەریـزەی تاکێـک

سەیر بکەین هەمان سروشتی و مەبەستی مرۆڤایەتییە بۆ زاڵبـــوون بەســـەر تەواوی زەویـــدا، هەروەک چـــۆن ئەم سروشتە لە نازیەت و کۆمۆنیزمدا هەبوو، کە پێیان وابوو خۆیان کۆتایی قۆناغی چارەنووسی مێژوو دەنووسنەوە و هیچ هێز و بەرنامەیەکی جوانتر لەخۆیان ناتوانێت خۆی وێنا بکات دوای ئەوان.

بە هەمـان شـێوەی کۆمـۆنیزم، سـەرمایەداریش بەبێ ڕکابەر هەمان گرێی خۆ بەگەورەزانی دەیگرێت کە پێی وایە کۆتـا قۆنـاغە و هـیچ بەرنـامەیەک دوای ئەو لەو جـوانتر دەرناکەوێت.

بـۆیە ئەوەی ئـێمە دەیڵێـین تەنهـا لە ڕووی هێـز و ویســـتەوە ســـەیری دەکەیـــن نەک هـــیچ بەرنـــامە و ئایـــدۆلۆژیایەک چـــونکە هەمـــوو ئەم چەمکـــانەش کە لە ڕابردوو باسمان کرد ئامرازن بۆ گەیشتن بە مەبەستێک.

ئەم تیۆرەی فۆکۆیاماش دروستکەری وێنەیەکی جوانی سەرمایەدارییە بۆ هەڵخەڵەتاندن، کە پێی وایە دەبێت هەموو کۆمەڵگەکـان لە داهـاتوو باوەشـی بـۆ بـکەنەوە. ئەگەر باوەشیشی بۆ بکەنەوە ئەم بەرنامەیە نایانکاتە هێزێک کە

بتوانن ڕکابەری زلهێزی زەوی پێ بکەن، وە ناشبێتە پردێک بـۆ بڕینـی ئەم قۆنـاغە سـەرەتاییانەی کە کۆمەڵگەکـان لە نەزانی و نەفامیدا تێی کەوتوون، تەنها مۆرکی گوێڕایەڵی و ئامـادەبوونە بـۆ جێبەجێکردنـی فەرمـانی ئەو زلهێـزەی کە بڕیار دەردەکات.

(فۆکۆیامـا) لەکۆتاییـدا دەڵێـت: (ڕەگەزی مرۆیـی وەکـو کاروانێکی درێژ لە عارەبانەی دار وایە کە کۆمەڵە ئەسـپێک ڕایدەکێشـن بە ڕێگەیەکـی سـاراو ناخۆشـدا، هەنـدێک لەو عارەبانـانە بە وردی ڕووگەی خۆیـان دیـاری کـردووە بەزووتـرین کـاتیش دەگەنە شـوێنی مەبەسـت، هەنـدێکی تریشیان دووچاری هێرشـی (هیندیە سوورەکان) بونەتەوە و ڕێگەیـان ون کـردووە. هەنـدێکی تریشـیان ڕێـگەی دوور هیلاکی کردوون و بڕیاریان داوە لە ناوەڕاستی ڕێگەکەدا و لەنێـو سـارادا جێنشـین بـن و دەسـتبەرداری بیـرۆکەی گەیشـتنە شـار بـوون، بـۆیە مـادام ڕێـگەی شـاریان ون کـردووە، ئێسـتا هـاتوون بە دوای ڕێـگەی ئەلتەرناتیڤـدا دەگەڕێن بۆ ئەوەی لەمیانەیدا بگەنەوە شـار، لەکۆتاییشـدا هەموو ناچارن هەمـان ڕێگە بگرنەبەر، ئەگەر پێچاوپێچیش

بێت، تاوەکو بگەنە ئامانج و مەبەستی خۆیان بەڕاستیش زۆربەی ئەو عارەبانانە لەکۆتاییدا دەگەنە شار کاتێکیش دەگەنە جێ، هیچ شتێکیان لەیەکتری جیاواز نییە تەنیا کاتی گەیشتن و درەنگی و زوویی نەبێت، درەنگ و زوویی گەیشتن بەرەو دیموکراتیەتی لیبراڵ، ئینجا کاروانە درێژەکە دەگاتە کۆتایی، کۆتایی مێژوو، (فۆکۆیاما) لە تەواوی تیۆرەکەی دا پێداگری لە گەیشتنی کۆتایی مێژوو دەکات، پێی وایە تەواوی ڕەگەزی مرۆیی تەنانەت دواین پیاویش بەبێ جیاوازیی بەدەر نیە لەگەیشتنی بەم قۆناغە، هەموو مرۆڤایەتی وەک یەک دەگەنە ئاستێک کە تەواوی خەونەکانی ویستی مرۆڤ جێبەجێ بکات، تەنانەت دواین جۆری مرۆڤی لاواز و نەخۆش و بێ عەقڵیش پێی دەگات. تەنها جیاوازیش لەگەڵ مرۆڤە براوەکە ئەمەیە کە تۆزێک درەنگتر پێی دەگات، هەموو ئەمانەش بە کۆتا وێنەی جوانترین ئایدۆلۆژیا دەچوێنێ کە (لیبراڵ دیموکراسیە)، وە پێی وایە هەوڵی کێشانی جوانتر لە وێنەیە پێویست ناکات بدرێت چونکە ئەمە خاڵی کۆتایی و جوانترین وێنەی مرۆڤایەتییە.

(فۆکۆیامـا) لە کۆتاییـدا، خـۆی سـەلماندنی تیـۆرەکەی خـۆی هەڵدەوەشـێنێتەوە، چـونکە ئەو (هینـدیە سـوورەکانی) کـردۆتە بەربەسـت لەپـێش ڕەوتـی پەرەسـەندنی مێـژوو بـۆ کۆتا قۆناغەکە. کەواتە ئەو کۆتا مێژووەی ئەو باسی دەکات بـۆ تەواوی ڕەگەزی مرۆیـی و دوایـن پیـاو ئەوا هینـدیە سـوورەکان بەدەرن تێیـدا و بەڵکـو بەربەستیشـن لەپـێش عارەبـانەی ڕۆیشـتووی کۆمەڵگەکـانی تـر. بـۆیە دوور لەویستی خۆی پێچەوانەی تیۆرەکەی خۆی دەسـەلمێنێ و ڕەتیشی دەکاتەوە، بۆیە هێشتا کات زۆری ماوە بۆ کۆتـایی مێـژوو، چـونکە بـۆ کۆتـاییەکەی دەبێـت فۆکۆیامـا هینـدیە سـوورەکانیش بە مـرۆڤ قبـوڵ بکـات و بیانخـاتە سـەر عارەبانەی ڕێرەوی مێژوو بە ئاراستەی شارەکە، بۆیە ئێمە پێمـان وایە هەمـوو کـۆمەڵگەی مرۆیـی ناگـاتە یەک ئاسـتی زیرەکـی و هێز. ئەوەی دەگـاتە کۆتـایی مێـژووش بە بڕوای ئەوان ئەوا تەنهـا هێـزە لە ڕێـی سـەرمایەداریەوە، چـونکە ئایـدۆلۆژی سـەرمایەداری تەنهـا ملکەچـی خـاوەنی دەکـات، هەر ئەوانـیش زلهێـزی خـاوەنی ئەم تیـۆرە کوشـندەن، نەک هیچ لایەنێکی لاوازی تر. ئەو لایەنە لاوازانەی کە گوێڕایەلی

عارەبــــانەی کـــاروانی ســــەرمایەدارین لە دەرەوەی پـــێش دەرگەی شـارەکە توانای چوونە ژوورەوەیان نییە، چونکە ئەوانەی زووتـــر دەگەن تەنهـــا جیاوزیـــان لەگەل ئەوانەی درەنگتر دەگەن ئەمەیە کە دەرگەی شـارەکە قفڵ دەکەن بۆ ڕێگرتن لە چوونەژوورەوەی درەنگ گەیشتوان. بۆیە ئەگەر بە گریمـانەش خـاڵی کۆتـایی مێـژووی لیبـراڵ دیموکراسـی بێت، ئەوا تا ئەو کاتە کۆتایی مێژووە، کە لە ڕووی هێزەوە توانـای ڕاگرتنی مێژووی هەبێت و خۆی بە خـاڵی کۆتـایی بچوێنێـــت. بەڵام دوای شـــیبوونەوە و نەمـــانی هێـــزی سـەرمایەداری، دووبـارە مێـژوو ڕێـرەوی خـۆی دەگرێت و مێژوویەکـی تـر دەسـت پـێ دەکـات، چـونکە پـاش کۆتـا مێــژووەکەی ( فۆکۆیامــا) هێشـــتا هینـــدیە ســـوورەکان و چەندان گەلی تر ماون مێژوویان دەست پێ بکات.

ئەو لێکـدژیەی باسـمان کـرد بـۆ دیـاریکردنی مێـژوو دەبێتە پێوەر بۆ هەر قۆناغێک، ئەم لێکدژیە لەسێ بەرەی ئایـدۆلۆژی جیـاوازدا هێڵکـاری بـۆ مێـژوو کێشـا، لە سـێ وێنەی کێشـراوی ئەم ئایدۆلۆژیانە بۆ مێژوو لێکچوونێکی زۆر هەیە، کە هەریەک لە فاشـیزم و کۆمـۆنیزم و سـەرمایە

وێنەیەکــی بەپێــی ویســتی بەرنــامەکەی خــۆی کێشــا کە جیــاوازی وێنەشــیان تەنیــا لە ڕەنگــی هێڵکــاری و بیــروڕا ستوونی و ئاسۆیەکە بوو، ئەگینا وەک خەونی مرۆڤ بۆ ئەم بەهەشــتەی هەر ســێ لایەن وێنایــان دەکــرد جــگە لە هەڵخەڵەتاندێکی لێکچوو زیاتر هیچی تر نەبوو.

ئەم هەڵخەڵتەتاندنەش تا ئێستا پەرەی پێ دەدرێت بۆ مــرۆڤ بەڵکــو بــویتە بەرنــامەیەکی ســرکەر لە هەمــوو ئایدۆلۆژیاکاندا واتا لە (ئایدیالیست و ماتریالیزمیش)دا، ئەم ئایــدۆلۆژیایانە هەموویــان لە یەک خــاڵ یەک دەگــرنەوە ئەویــش کوشــتنی مــرۆڤ لەچاوەڕوانیــدا، وەک کــۆمەڵگە ســەرەتاییەکانی مێــژوو کە هــیچ کــات نــاتوانن شــوێنپێی کۆمەڵگە پێشکەتووەکان بگرن، چونکە ئەم ئاماژەی بۆیان دانــاون بــۆ دۆزینــەوەی ڕێــگەی شــارەکە هەڵەن وە نایــان گەیەنێتە شوێنی مەبەست، بۆیە هەر بە دەوروخولی خۆیان دەســورێنەوە زۆر جــاریش دەگەرێــنەوە خــاڵی ســەرەتای دەســــتپێکیان و ئەمەش ئامــــاژەیە بەوەی کە کــــۆمەڵگە لاوازەکــان خۆیــان نــاتوانن ڕێــگەی شــار بــدۆزنەوە چــونکە کەوتــــوونەتە ژێــــر هەژمــــوون و بــــاوەڕی کــــۆمەڵگە

پێشکەوتووەکانی تر.

کۆمەڵگە لاوازەکان بەناوی دیموکراسی وەک کۆیلە کاریان پێ دەکرێت ئەمەش دەیسەلمێنێ کە داگیرکەران بە شێوازی تر لەوەی کۆن هەوڵی داگیرکاری و لەناوبردنی مرۆڤە لاوازەکان دەدەن.

لەناوبردنی مرۆڤە لاوازەکان بەشێکی ترە لە جێبەجێ کردنی بیرۆکەی سەرمایەداری. هەروەک چۆن ئەم تیۆرە خاڵی هێزی حزبی (نازی) بوو بۆ سەرکەوتن بەسەر لاوازەکاندا، بە هەمان شێوە بۆ کۆمۆنیزم خاڵی سەرکەوتن بوو بەسەر سەرمایەداریدا، مرۆڤی لاواز لە دیدگەی سەرمایەداریدا (پرۆلیتاریا)یە بە پێچەوانەوە لەدیدگەی کۆمۆنیزمدا (سەرمایەدار)ە واتا هەریەکەیان بەپێی ئایدۆلۆژیاکەی خۆی هەڵسەنگاندن بۆ تیۆرە ڕەوشتیەکانی مرۆڤ و هێز دەکات، لای حزبی (نازی)ش پێوەری هێز ڕەگەزی باڵاتری نازی ئەڵمانی و بیری نازیەتە، جگە لەمانە مرۆڤە بێ هێزەکانن. ئەم جیاکردنەوەی پێوەری هێزە لای هەمووان مەبەست لێی مانەوەی هەریەکەیان و سەرکەوتنیانە بەسەر ئەوانیتردا.

ڕوونبوونەوەی ڕاستیی ئەم پێوەرەی باسمان کرد بۆ ئامانجی هەرسێ تیۆر، بەهۆی ڕاستگۆیی حزبی نازی بوو، کە پێش گەیشتنی بە دەسەڵات هەموو ئەوانەی وت کە لەکاتی دەسەڵات جێبەجێی کردن. لە پەیڕەوکردنی فەلسەفەکەی دا زۆر بە ڕوونی و ئاشکرایی ڕایگەیاند کە نازیەت تیۆری زاڵبوونی ڕەگەزیە کە بەپێی ئەم تیۆرە ڕەگەزی ئەڵمان، ڕەگەزێکی بەرزترە و دەبێ بەسەر ڕەگەزەکانی دیکەدا حوکم بکات و هیتلەر بەمەی دەگوت (سیستەمی نوێی جیهانی) ئەم سیستەمە پەرەی بە قارەمانپەروەری و پێداهەڵگوتن بە دەسەڵات و شەڕ و زاڵبوون دەدا و پێوەندیی هەمەلایەنەی مرۆڤایەتیی بە "شەڕی مانەوە" و "هەڵبژاردنی باشترینەکان" دەبەستێتەوە و ئاشتی درێژخایەن و بێ دەنگی و سەردانواندن بە هۆکاری گەندەڵی دادەنێ. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا خۆی دەستپێشخەری ڕاگەیاندنی شەڕی جیهانی نەبوو، بەڵکو دیموکراس خوازەکان ئەمڕۆ دەستپێشخەر بوون، واتە ئامانجی هەرسێ ئایدۆلۆژیا خاڵی هێز لە سەرکەوتن بەسەر دژە ئایدۆلۆژیاکەی دەبینێتەوە، ئەمەش دەبێتە

سەرکەوتن و درێژکردنەوەی مێژووەکەی بەسەر ڕکابەرەکەیدا ئەم دژە ئایدۆلۆژیانە بۆ هەر ئایدۆلۆژیایەک دەبنە مرۆڤی لاواز و لەناوچوو، چونکە نازیەکان بۆ دژەکانی خۆیان پاساویان دەدۆزیەوە بۆ ڕەوایی دان بە لەناوچوونیان بە هەمان شێوە کۆمۆنیزمیش خاڵی سەرکەوتنی لەهێز دەبینیەوە بەسەر دژەکەی دا.

لیبراڵ دیموکراس لە ژێر ماسکێکدا بۆ مافەکانی ئازادی، تەواوی مافەکانی لێ سەندووین بە بەراورد بە کۆمۆمنیزم و فاشیزم ژمارەی قوربانیانی دەستی سەرمایە زۆر زیاترە لە هی جەمسەرەکانی تر. بەڵام بەشێوەیەک مرۆڤەکان لەناو دەبات کە هیچ کات قوربانیان پەی بە هۆکاری لەناوچوون و مەترسی شێوەی دوژمنەکەی نەکات، ئەمەش یەکێکە لە سیاسەتە نوێکانی (لیبراڵ دیموکراس) کە ڕووی ڕاستەقینەی خۆی دەشارێتەوە بە بەراورد بە نازیەت و کۆمۆنیزم.

پاساوەکانی سەرمایەداری بە هەمان شێوەی نازیەت و کۆمۆنیزم کار بۆ ئامانجی توندڕەوی و لەناوبردنی بەرامبەرەکەی دەکات، بەڵام بە جیاوازیی ئەوان

بەشـێوەیەکی یاسـایی کردوونـی بە سیاسـەتی نێـودەوڵەتی ئەمەش بۆ پشتگیری و چاوپۆشی هەموو وڵاتـانی تـر لـەمەڕ ئەو کـــارەی دەیکـــات دەبــێ بیســـەلمێنێ کە ڕەوان بـــۆ سەرمایەداری.

(نەعوم چومسکی) پرۆفیسـۆر و نووسـەری ئەمەریکـی دەڵێـت: ( لەسـەرەتادا بـا بە یەکەم کـردەوەی پڕوپاگەنـدەی میـری لەســەردەمی نــوێ دەســت پێـبکەین، ئەوە لەکـاتی سـەرۆکایەتیی (ودرۆ ویلسـن) بـوو، (ودرۆ وێلسـن) لەسـاڵی ١٩١٦ و لەژێــر دروشــمی بــانگەوازی هەڵبــژاردنەکەی کە بریتی بوو لە "ئاشتی بەبێ سـەرکەوتن" کە سـەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکـانی ئەمەریکـا هەڵبژێـردرا ئەمە لە ناوەراسـتی شـەڕی جیهـانی یەکەم بـوو کۆمەڵانی خەڵک لەو کـاتەدا تـا ئەوپەڕی ئاشــتیخواز بــوون و هــیچ هۆیەکیــان نەدەدیــت پێویسـت بکـا خۆیـان لە شـەڕێکی ئەورووپـایی هەڵقـورتێنن، بەڵام ئیدارەی وێلسن پابەند بـوو بە شـەڕ و دەبوایە شـتێک بـۆ ئەوە بکـا. ئەوان کۆمسـیۆنێکی پڕوپاگەنـدەی حکوومیـان دامەزرانـد و ناویـان نـا کۆمسـیۆنی کریـل. ئەم کۆمسـیۆنە لەمـاوەی شـەش مانگدا سـەرکەوتوو بـوو لە وەچەرخانـدنی

جەماوەرێکی ئاشتیخواز بۆ جەماوەرێکی هیستیریاگرتوو بۆ شەڕ و ئاژاوە کە داوایان دەکرد هەرچی شتێکی ئەڵمانیە خاپووری بکەن و ئەڵمانەکان پارچە پارچە بکەن و بچنە ناو شەڕەکە و جیهان ڕزگار بکەن. ئەم سەرکەوتنە هەرە گرنگ بوو، سەرکەوتنی زیاتریشی بەدوای خۆیدا هێنا. هەر لە هەمان کاتداو لەدوای شەڕەکە هەمان تەکتیک بەکارهێندرایەوە بۆ قیتکردنەوەی هیستریای خەتەری (ترسی شیوعی) وەکو وایان پێدەگوت، کە ئەوەش لە تێکدانی یەکێتییەکان (مەبەست سەندیکا کریکاریەکان)و لەناوبردنی گیروگرفتی ترسناکی وەک ئازادی میدیا و ئازادی بیروباوەڕی سیاسیی سەرکەوتنی باشی بەدەست هێنا. بۆ سەرگرتنی ئەم کارەش، پشتیوانیەکی بەهێزیان لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن هەبوو، کە لە ڕاستیدا هەر ئەوان بوون زۆربەی ئەم کارەیان ڕێکخستبوو و هانیان دابوو، بەشێوەیەکی گشتی ئەمە سەرکەوتنی مەزن بوو.

لەناو ئەوانەی کە زۆر بە چالاکی بەشداری شەڕی (وێڵسنیا)ن کرد بیرمەندە پێشکەوتنخوازەکان بوون، ئەوانە شانازیان بەوە دەکرد کە وەک لە نووسینەکانیان لەو

سەردەمە دیارە، کە ئەوان بوون ئەو کەسانەیان دۆزیەوە و هێنانیـــانە پێشـــەوە کە پێیـــان دەگوترێـــت "ئەنـــدامە خوێنـدەوارەکانی کۆمەڵگە"، هـی وەکـو خۆیـان، کە دەتـوانن جەمـــاوەری ڕاڕا بەرەو شـــەڕ بـــاژۆن، ئەویـــش بەهـــۆی تۆقانـــدنیان و جۆشـــدانی هەســـتی نەتەوایەتـــی تیایانـــدا بە بەکارهێنـــانی هەمـــوو کەرەســـتە بەردەســـتەکان کە لە بـــن نەدەهاتن. بۆ نموونە خولقاندن و ڕازاندنەوەی کۆمەڵکوژی لەلایەن ئەڵمانیەکـانەوە، منـداڵە بەلجیکیەکـان کە دەسـت و قاچیـان بڕابـوونەوە، جۆرەهـا کـردەوەی ئـازاربەخش و قێزەون کە تا ئێستا لە کتێبە مێژووییەکان دەخوێندرێنەوە، بەشـــی زۆری ئەوانە لەلایەن وەزارەتـــی پڕوپاگەنـــدەی بەریتـانی داهێنرابـوون، کـاری ئەوکەسـانە وەک لە ڕاپـۆرتە نهێنیەکایـان هـاتووە ئەوە بـووە "ئاراسـتەکردنی مێشـکی بەشـی زۆری جیهـان"، بەڵام کـاری لە پێشـتری ئەوان ئەوە بـوو کە هـزر و بیـری ئەنـدامە خوێنـدەوارەکانی کـۆمەڵگە لەوڵاتە یەکگرتووەکـــان دەســـتەمۆ بـــکەن. ئەوانەی کە لە دواییـــدا وەکـــو پلانیـــان بـــۆ دارِشـــتبوو، پڕوپاگەنـــدەکان بـڵاودەکەنەوە و وڵاتێکـی ئاشـتیخواز وەردەچەرخێـنن بـۆ

وڵاتێکی شـەڕخواز ئەم کارەش ئامـانجی خـۆی پێکـاو زۆر باشیش سەری گرت. وانەیەکیشی فێرکردین: پڕوپاگەندەی حکوومی ئەگەر لەلایەن چینی خوێندەوار پاڵپشـتی بکرێ و ئەگەر سـنووربەندیش کرابـێ ، دەکـرێ کـاریگەری زۆری ببێ. دەرسێک بوو هیتلەر و زۆرانی دیش لێی فێر بوون و تا ڕۆژگاری ئەمرۆش دێتە بەکارهێنان.

"چومسکی" لە درێژەی باس و وانەکەیدا دەڵێ: "مێژوو پێویسـتە بەتەواوی سـاختە بکـرێ، ئەمە ڕێکـارێکی تـرە بـۆ تێپەرانـدنی ئەو هەسـتە نەخـۆش ئـامێزانە، بـۆ ئەوەی کـاتێ ئـێمە هێـرش دەکەیـنە سـەر کەسـێک و دەیشـکێنین، وا دەربکەوێت کە ئـێمە لە ڕاسـتیدا خۆمـان لە دوژمنکـاران و دڕنـدەکان و ئەوانـی تـر دەپـارێزین و بەرگـری لە خۆمـان دەکەین. "

لەوەتەی شـەڕی ڤێتنـامەوە، هەوڵێکـی زۆر هەبـووە بـۆ دووبارە بنیات نانەوەی ئەو مێژووە، خەڵکێکی زۆر دەستی پێکـــرد لە ڕاســـتی ئەوەی ڕووی دەدا تێبگـــا، لەوانەش سـەربازگەلێک و گەنجێکـی زۆر کە تـێکەڵ بە بـزووتنەوەی ئاشـتیخوازەکان و ئەوانـی تـریش بـوون، ئەمە خـراپ بـوو.

دووبـــاره شـــەن و کەوکردنـــی ئەم بیـــرورِا خراپـــانە و گەرِانـدنەوەی هەنـدێ شـێوەی ئەقڵانـیەت پێویسـت بـوو بەشێوەیەکی روونتر، پێویستە هەرچیەک ئێمە دەیکەین پێی بزانرێ کە سەربڵندیە و راست و دروستە.

ئەگەر ئـێمە باشـووری ڤێتنـام بۆردومـان بکەیـن، ئەوە لەبەر ئەوەیە کە ئـــێمە لەدژی ڤێتنـــامیە باشـــوورییەکانین! ئەگەر نـا خـۆ کەسـی تـر لەوێ نەبـووە ئەمە ئەوە بـوو کە بیرمەنـــدەکانی (راوێژکارەکـــانی) کەنەدی ناویـــان لێنـــابوو "دوژمنـایەتی نـاوخۆ" لە باشـووری ڤێتنـام. خەڵکـی تـریش دەهـــاتە بەکارهێنـــان ئەمە پێویســـت بـــوو بـــۆ ئەوەی وای لێبکرێـت کە وێنەیەکـی فەرمـی و روونـی هەبـێ، ئەمەش زۆرباش کـاری کـردووە کاتێک تـۆ لە دەسـەڵاتتدا بەتەواوی بەسەر راگەیاندن و سیستەمی پەروەردە و ئەکادیمی دڵنیـا بیت، بەگوێرەی پەیـرِەوی دارِێـژراو ئەوکـات دەتـوانی ئەوە تێپەرێنـی، لە لێکۆڵینەوەیەکـدا کە لە زانکـۆی ماساشـوتس دەربـارەی ئاراسـتەی خەڵـک بـۆ قەیرانـی ئێسـتای کەنـداو (مەبەسـتی سـاڵی ١٩٩١ز) ئەنجـام درا ئامـاژەیەک بـۆ ئەوە بەدەرکەوت لێکـۆڵینەوەکە لەسـەر بیـرورِا و ئاراسـتەکان لە

سەیرکردنی تەلەفزیۆن بوو.

یەکێک لە پرسیارەکان ئەوە بوو: بەڕای تۆ چەند ڤێتنامی لەشەڕی ڤێتنام کوژراون؟ تێکڕای وەڵامەکان لە پرۆگرامی ئەمەریکان تودەی دەیگوت سەد هەزار کەس. لەکاتێکدا بەفەرمی نزیکەی دوو ملیۆن کەسە، لە ڕاستیشدا لە نێوان سێ تا چوار ملیۆن کەس بوون، ئەو خەڵکەی لێکۆلینەوەکەیان ئەنجام دا پرسیارێکی گونجاویان هێنا پێشەوە: ئێمە چۆن دەڕوانینە کەلتووری سیاسی ئەڵمانی ئەگەر ئەمڕۆ لەخەڵک بپرسی چەند جوولەکە لە هۆلۆکۆست مردن، ئەوان بە سێ سەد هەزار کەس خەملاندنی بۆ دەکەن؟ ئەمە دەربارەی کەلتووری سیاسی ئەڵمانیەکان چیمان پێ دەڵێ ؟ ئەوان ئەو پرسیارەیان بە کراوەیی هێشتەوە، بەڵام ئێوە دەتوانن بەدواداچوونی بۆ بکەن و ئەنجامتان دەست بکەوێت.

ئەمە چیمان دەربارەی کەلتووری خۆمان پێ دەڵێ؟ شتێکمان هەر پێدەڵێ. پێویستە هەستی نەخۆش ئامێز دژی بەکارهێنانی هێز و لادانە دیموکراسیەکان چارەسەر بکەن کە لەم کەیسە تایبەتەدا کاری خۆی کرد . ئەمە بۆ هەموو

بابەتەکانی تریش ڕاستە.

بابەتێک بۆ خۆت هەڵبژێرە کە لە خانەی گرنگیپێدانی خۆتە:

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تیرۆری نێودەوڵەتی، ئەمەریکای ناوەڕاست، هەر بابەتێک بێت ئەو وێنەیەی جیهان کە بۆ کۆمەڵانی خەڵکی دەگوازرێتەوە تەنها لە دوورەوە پەیوەندی بە ڕاستیەوە هەیە. ڕاستی شتەکان لەژێر نهۆمی درۆ لەسەر درۆ دەشاردرێنەوە ئەم ئەنجامە هەمووی لە گۆشەنیگای نەهێشتنی ئەو خەتەرەی دیموکراسی دروستی دەکات سەرکەوتنی گەورەبوون لە کەشوهەوای ئازادی بەدەستهاتن، کە ئەمەیان زۆر جێگەی گرنگی پێدانە، ئەمە دەوڵەتێکی توتالیتاری نییە کە بە هێز ئەم کارانە چارەسەر بکا، ئەم دەستکەوتانە لە کەشوهەوای ئازادی بەدەست هاتن. ئەگەر ئێمە بمانەوێ لە کۆمەڵگەی خۆمان تێبگەین، پێویستە لەو ڕاستیانە ڕامێنین. ئەوانە ڕاستی گرنگن، گرنگن بۆ ئەو کەسانەی گرنگی بەوە دەدەن کە لەچ کۆمەڵگەیەک دەژین.

باسەکەی چومسکی بەشێک بوو لە ڕامالینی نهێنی ئەم

سیاسەتە مەترسیدارەی کە ئەمەریکا بە ناوی دیموکراسی و ڕزگارکەر پەیرەوی دەکات، مەترسییەکەش لەمەیە کە دەتوانێت خۆی بگۆڕێت و بگونجێت لەهەموو بارێکدا یان بۆ هەموو شێوەیەکی حەقیقەت خۆی بگۆڕێت بێ ئەوەی حەقیقەت بێت.

ئەمەش دەکرێت بە دروستکردنی پێویستیەک کە کار لە هەست و سۆزی خەڵک بکات و بیگۆڕێت، هەموو ئەمانەش لەڕێی "گەیاندنەوە ئاراستەی مێشکی خەڵک دەکرێت".

ئەم پێویستیە سیاسیانەش لە ڕێی پارتە زۆرەکانی سەرمایەداری جێبەجێ دەکرێن. خاڵی هێز و سەرکەوتنی سەرمایەداری دەگەڕێتەوە سەر یەک هۆکاری سەرەکیی، کە توانیویەتی لە ڕێی ئەم سیاسەتەوە بەردوامی بەخۆی بدات، ئەویش دروستکردنی زۆرترین پارتی سیاسییە لە جیهان بۆ خزمەتکردنی ئەم ئایدۆلۆژیایە، بەڵام بەشێوەیەک دروستی کردوون کە بۆ هەریەکەیان ناوێک و فۆرمێکی تایبەتی پێ داون، بۆ ئەوەی بتوانن بەپێی ئەو پێویستییەی دروستی دەکەن بۆ مرۆڤ، لەڕێی ناو و ڕەنگەکەی

سەرنجی جۆری ئەو مرۆڤە ڕابکێشن و ببنە ئەو شتەی کە مرۆڤەکـــان حەزی پـــێ دەکەن. وە بە پـــێچەوانەی ئەمە هۆکـــاری ســـەرەکی شکســـتی (شـــیوعیەت) ئەمە بـــوو کە نەیـــانتوانی سروشـــتی گـــۆڕاوی مرۆڤەکـــان بقـــۆزنەوە، کە بتوانن چەندین پارتی سیاسیی شیوعی دروست بکەن بەناو و فـــۆڕمی جیـــاواز، کە لە بنەڕەتـــی هەمـــووانیش تەنیـــا مەبەستی شیوعیەت جێبەجێ بکەن. وە نەشیانتوانی لەهەر بـارێکی گـۆڕاوی مرۆڤـدا خـۆی بـۆ ئەم بـارە بگۆڕێـت کە مرۆڤەکان حەزی پێ دەکەن، واتا خۆیان تەنها لە پارتێکی سیاسـی کـۆکردەوە لە ناوەنـدی شـار و وڵات و جیهـان دا بەبێ گۆڕانکاری لەخۆی.

بەمەش کۆی پارتە سیاسییەکانی سەرمایەداری لەژێر بنمیچی درۆ لەسەر درۆدا کار بۆ دروستکردنی ڕاستیەکی دروســـــتکراو دەکەن، کە لە فۆرمـــــدا وا دەری دەخەن لە کێبڕکێ دان بۆ خزمەتکردنی خەڵک و وە جیاوازن لە ڕووی ئامانجدا. کەچی لەکۆتاییدا لەژێر سەقفی درۆی کۆی پارتە سیاســـــییەکانی ســـــەرمایەداری ڕاســـــتیەکی شـــــاراوە دەردەکەوێـت بەشـێوەیەکی هـاوبەش کە پێمـان دەڵێـت،

مەبەستی کۆتایی سەرمایەداری زۆر مەترسیدارترە لەو هێزانەی کە ئەو بە مەترسیان دەچوێنێ بۆ جیهان وەک نازیزم و کۆمۆنیزم و تیرۆر و دەیان ڕێکخراوی دروستکراوی تر.

مەبەستی سەرمایەداری کەمکردنەوەی ژمارەی دانیشتوانی زەوییە، چونکە بە بیرۆکەی ئەوان ڕێپێدان و ڕێگری نەکردن لە زۆربوونی دانیشتوان ڕەنگە لە داهاتوو ببێتە مەترسیەکی گەورە بۆ گۆڕینی هاوسەنگی هێز و کەمبوونەوەی سامانە سروشتیەکان و تێکچوونی باری ژینگەیی. ئەمەش دەبێتە مەرتسییەکی گەورە بۆ تەواوی دانیشتوانی زەوی تا دەگاتە خانەوادە سەرمایەدارەکان.

ئەم تیۆرەش لێکدژیەکی تر دروست دەکات لە داهاتوو کە دەبێتە ئامادەکار بۆ دروستکردنی قۆناغێکی نوێ تر لەمەی ئێستا، بۆیە ئەگەر کۆمۆنیزم پێش وادەی خۆی دەرنەکەوتبا، ڕەنگە دوای فەرمانڕەوایی سەرمایەداری بە دوای کۆمۆنیزم وێڵ باین.

بەڵام بەهۆی کەموکوڕیەکانی کۆمۆنزیم و سەرنەکەوتنی لە بڕیاری جێبەجێکردنی بەرنامەکانی و

ناچــارین ســـەرمایەداری وەک وێنەیەکــی باشــتر ببینــین، ئێستاش بەدوای ئەلتەرناتیڤی دوای سەرمایەداری داین.

بۆیە لەکۆتاییدا دەمەوێ بڵێم: دەبێت وێنەی جوانتری دوای سەرمایەداری چی بێت؟ کە دەردەکەوێت.

# سەرچاوەکان


١. مێژووی شۆڕشی فەڕەنسی، وێل و ئاریل دۆرانت، لا ١١٦ – ١٢٠

٢. نیچە کتێبی ئاوابوونی بتەکان، لا ١٥٠.

٣. وتەکانی هیگڵ، کتێبی مارکسیزم یان سۆسیال دیموکرات، لا ١٧٥.

٤. کتێبی شۆڕشی فەڕەنسی و ڕۆحی شۆڕشەکان، گۆستاڤ لۆبۆن، لا ٩٧ – ٩٨.

٥. شۆڕشی مەهدییەکانی سوودان، کتێبی شۆڕشەکانی جیهان، لا ٧٣

٦. ماکیاڤیلی، فەرهەنگی سیاسی، لا ٦٩٦.

٧. لیئۆن ترۆتسکی، فەرهەنگی سیاسی، لا ٩٣.

٨. کتێبی ماوتسی تۆنگ، لا ١٣٠.

٩. فۆکۆیاما، کتێبی کۆتایی مێژوو، لا ٤٢٧.

١٠. نوام چۆمسکی، کۆنترۆڵکردنی ڕاگەیاندن، لا ١٢.